یەکەمین گۆڤاری کارگێڕیو گەشەپێدانی مرۆیی لە کوردستاندا!

لە پێناو گەلێکی خاوەن بڕیاردا

بڕیار

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

مانگانەیەکی تایبەتە بە کارگێڕیو گەشەپێدانی مرۆیی

ساڵی حەوتەم
72
حوزەیرانی ٢٠١٤

نیشتمانی دڵ ٧

کڵاوەکان

هەستانەوە دوای شکست

بڕیار .... داگیرساندنی حەوتەمین مۆمی تەمەنی!

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافي)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى , عربي , فارسي)

گەورەترین پڕۆژە کەلەژیانمدا شانازی پێوەبکەم

گۆڤاری بڕیارە

ئەندازیار مەسعود ڕۆژبەیانی

خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری بڕیار



RASAN Group

No: 72

خاوەنی ئیمتیاز

ئەندازیار:

مەسعود تـاهیر ڕۆژبەیانی

سەرنووسەر

عادل محەممەد شێخانی

sarnosar@yahoo.com

بەڕێوەبەری نووسین

بەرزان ئەبوبەکر

دەستەی نووسەران

ئەسکەندەر ڕەحیم

بێگـەرد فـــارس

زاهیـــر زانـــا

گوڵان حەمەئەمین

محەممەد مێرگەیی

محمد هاشم محمد

وەهـاب حەسیب

یەحیـا محەممەد

ڕاوێژکاری یاسایی

پارێزەر:- ئازاد محێدین

بەشی هونەری و دیزاین

قەیدار ڕەحیم

پشتیوان عبدالرحمن

تایپ

کلسوم جەلال

ناونیشانی گۆڤار

سلێمانی - شەقامی سالم -تەلاری جەمالی حاجی عەلی-

نهۆمی چواردم- یەکەی (٤٠١) نزیك پردی خەسرەو خاڵ

٠٧٤٨٠١١٢٧٨٧ - ٠٧٧٠٢١٧٨٦٨٢

هەولێر

٠٧٥٠٤٤٦٣٢٣٠ - ٠٧٥٠٥٢٥٣٠٣٥

E-mail: bryarmagazin@gmail.com

f bryarmagazine

دابەشکردن: کۆمپانیای پەیك

07708649210

چاپ: کۆمپانیای پیرەمێرد

نرخ 2500 دینار

مانگانەیەکی تایبەتە بە کارگێڕیو گەشەپێدانی مرۆیی
سالّی حەوتەم - ژمارە 72 - حوزەیرانی 2014

کارگێڕیو بازاڕسازی


14

4

13

6


10

9

یەکەم دڵۆپ

سەرنووسەر

بڕیار

داگیرساندنی حەوتەمین مۆمی تەمەنی!

پێش شەش ساڵو لە ڕۆژێك لە ڕۆژەکانی بەهاری ٢٠٠٨ بڕیار لەدایکبوو...

بە ڕەنگێکی ئاڵو واڵاو بە دەنگێکی زوڵاڵو بە ئاوازێکی نەرم، بە گوێی دڵەکاندا چرپاندی! بە چەپکێك نێرگزی بەهارییەوە گوڵاو پرژێنی ڕۆحی کردن...

لە ساتە ئەنگوستەچاوەکاندا چرای هیوای بۆ هەڵکردنو لە سەختترین کاتا خەندە بارانی کردن!

لەگەڵ بڕیاردا هیواکانتان چرۆی کردو خەمەکانتان ڕەوییەوەو بێ هیوایی دەستی لە یەخە بەردان!

ئێوەش دەستتان لە گەردنی ئەژنۆکانتان کردەوەو بە بیرێکی نوێو ڕۆحێکی نوێوە بەرەو لوتکەی سەرکەوتن کەوتنە ڕێ!

ڕۆژانە بە وتە بەرزەکانی بڕیار، برژانگی چاوتان کلڕێژ دەکردو بە سروەی شەماڵی هەستی پاكو پەیامی جوانی، پەرچەمتان شانە دەکرد!

لە ناخی چیرۆکەکانی بڕیارەوە، کانیاوی داناییو حیکمەتی ئێوە تەقییەوە!

لە قوتابخانەی بڕیاردا فێری هونەری سەرکردایەتی بوون..

لە سەرەتا سەرکردایەتی خودی خۆتان!

بوون بە بەڕێوەبەری ژیان، سەرەتا بەڕێوەبەری خۆتان!

بوون بە ئەندازیاری ژیان، سەرەتا ئەندازیاری ژیانی خۆتان!

لەگەڵ بڕیاردا ڕۆچوون بە ناخی مرۆڤدا، تامی مرۆڤبوونی خۆتان کرد!

هەستتان بە گەورەیی مرۆڤو سەختی مرۆڤبوون کرد!!

لە بڕیارەوە نەخشەی پاکیو بێگەردیو دڵاوایتان بۆ جیهان کێـــشا!

لە بڕیارەوە جارێکی دی نیشتمانتان دڵخۆشکرد، کوردایەتیتان زیندوو کردەوە!

لێرەوە لە باوەشی دایکدا، وانەی خۆشەویستیان خوێند!

بە ئەوینی حەقیقیو خۆشەویستی ڕاستەقینە ئاشنابوون!

ئەو کاتەی خەڵکی خەریکی ململانێو بەشکردنی دەسکەوتەکانی شۆڕش بوون، ئێمە وانەی کارگێڕیو گەشەپێدانو پەروەردەمان دەخوێند!!

ئەو کاتەی خەڵکی سەرقاڵی باڵەخانەی بەرزو دروستکردنی دیواری کۆنکرێت بوون، ئێمە شەیدای دروستکردنو بنیاتنانی تاکی کورد بووین!

لەبری دیوار دەرگاو لە بری بەربەست پردی ئاوریشممان بۆ خۆشەویستیو ئەوینو پێکەوە ژیانو برایەتیو هاوکاری دروست دەکرد!

شەش ساڵە، زەمەن هاتو چوو، وەرزەکان، ڕەنگەکان، دەنگەکان، ئەمبەرو ئەوبەری زۆریان کرد!

بەڵام ئێمە ڕازی نەبووین جگە لە کورد هیچی دی بین!

شەش ساڵ شەونخونی، گوڵە وەچنێی وشەی جوان!

پەیڤی ڕازاوە، بۆ ئاخاوتنی ڕۆح!

شەش ساڵ ژیان لەگەڵ شەهدی شیعرەکانی مەحویو نالیو کوردیو ئەدەبی بەرزی کوردەواری!

شەش ساڵ ئەوینی ئێوە بۆ بڕیارو بڕیار بۆ ئێوە...

شەش ساڵ ماندووبوونی بێ وچانی نووسەرانی عاشق بێ چاوەڕوانکردنی درهەمو دراو!!

سڵاو لە نوسەرانو خوێنەرانو خۆشەویستانو دۆستانی بە ئەمەکی بڕیار، پیرۆز بێت بەردەوامبوونی وشەی پاك.



کارگێڕی بە گوفتار

هەلی سەرکەوتن وەکو شەمەنەفەر وایە، هەمیشە دانەیەك لەسەر ڕێگایەو بەرەو ڕووت یەت!

ریتشارد برانسون

هەموو کارێك نابێتە هۆی بەختەوەربوونی مرۆڤ، بەڵام هەرگیز بەختەوەری بەبێ کارکردن نایەتە دی!

بنیامین دزرائیلی

یەکەم سـوپرایز کە کەسـی ئەکادیمیو سـەرکەوتوو خاوەن بڕوانامە دووچـاری دەبێت، ئەوەیە کە کۆمپانیـاکان بڕوانامەی ئەکادیمی ناکەن بە مەرجی وەرگرتن، بەڵکو ئەزموونو شارەزایی دەکەن مەرجو پێوەر بۆ وەرگرتن!

رۆبرت هاف

ئێمە دەکەوین، بۆئەوەی هەستینەوە، شکست دەهێنین بۆئەوەی سەرکەوتنی باشتر بەدەستبهێنین، ڕێك وەکو ئەوەی دەخەوین، بۆئەوەی بە تەندروستییەکی باشو لێهاتوویی زیاترەوە بێداربینەوە.

براونینغ

ئاستەمە هەست بە تاموچێژی پشوودانو حەوانەوە بکەین، پێش ئەوەی لە کارکردندا ماندوو ببین!

جیروم کی جیروم



کێ ڕێگرە بەرامبەر بە پێشکەوتنت؟

ڕۆژێکیان کارمەندەکان کاتێك گەیشتنە شوێنی کارەکەیان، چاویان بە تابلۆیەکی گەورە کەوت لەبەردەم دەرگای سەرەکی کۆمپانیاکەیان هەڵواسرابوو!

تابلۆکە بە خەتێکی گەورە لەسەری نوسرابوو: دوێنێ ئەو کەسە مرد کە بەربەستی پێشکەوتنو گەشەپێدانی تۆ بوو لەم کۆمپانیایەدا، داواتان لێدەکەین بفەرموون بۆ سەرەخۆشی لە هۆڵی تایبەت بە پرسەکە!

سەرەتا هەموو کارمەندەکان خەمباربوون، چونکە هەموو وایان زانی ئەو کەسە هاوڕێیەکی خۆیانە! بەڵام دواتر هەموویان تاسەی ناسینی ئەو کەسەیان کرد کە دەبێت کێ بووبێت بەرامبەر بە پەرەپێدانو بەرەو پێشچوونی ئەوان بەربەست بووە!؟

کارمەندەکان بەرەو ژووری کفنو دفنی هاوڕێکەیان بەڕێکەوتن، دواتر لە ڕێوڕەسمێکی دیاریکراودا ئاسایشی کۆمپانیا ئەرکی یەکە یەکە کردنە ژوورەوەی کارمەندەکانی خستە ئەستۆ! یەکەیەکەو بە تەنها ڕێگا بەئەندامانی کۆمپانیا درا!

بەڵام کاتێك هەر یەکێك لە کارمەندەکان دەچووە نێو ژوورەکەو کفنەکەی هەڵدەدایەوە تا بزانێ ئەو کەسە کێیە؛ زمانی دەبەستراو تووشی شۆك دەبوو، هەروەکو شتێك لە ناخەوە گەمارۆی بدات!

چونکە کاتێك هەڵیدەدایەوە چاویان بە ڕووخساری خۆیان دەکەوت، لە نێو کفنو تابوتەکەدا ئاوێنەیەك هەبوو، کە هەرکەسەو خۆی تێدا دەبینی، لە خوار ئاوێنەکەشەوە ئەم ڕستەیە نوسرابوو:-

(لەم جیهانەدا تەنها یەك کەس دەتوانێت سنور بۆ ئاواتو خۆزگەکانت دیاری بکاتو نەهێڵێت پەرە بە خۆت بدەی، ئەویش تەنها خۆتی!!

لەم چیرۆکەوە فێردەبین:

١- گرنگترین کەس لە ژیانماندا خودی خۆمانە، دەتوانین متمانەی پێ بکەین پشتی پێ ببەستین، بە مەرجێك بە تەواوەتی خۆمان ناسیبێتو ئاشنای هێزو تواناکانمان بین.

٢- ئەو کەسەی دەتوانێت گۆڕانکاری لە ژیانماندا دروست بکات خۆمانین، کەس ناتوانێت بە زۆر بمانخاتە سەر ڕێگای سەرکەوتن.

٣- لە بەرامبەریشدا ئەو کەسەی کە هیواکانمان دەڕوخێنێو فێری تەمەڵیو بێکاریو بێ هیواییمان دەکاتو هیممەتو ئیرادەمان لاواز دەکات هەر خودی خۆمانین.

٤- چاوەڕوانی کەس مەکە هەلت بۆ دروست بکات، بارودۆخ ناتوانێت کارەکانت بۆ ڕێکبخات، دەبێت خۆت کارەکانی خۆت ئەنجام بدەیت.

٥- بە گۆڕینی سەرۆکەکەت، بەڕێوەبەرەکەت، کۆمپانیاکەت، شوێنکارەکەت، تۆ ناگۆڕێیت، ئەگەر خۆت پەیمانی گۆڕانت نەدابێت.

٦- وەستانو بەردەوامبوونو گۆڕانو پێشکەوتنو دواکەوتنی ژیانو کارو گوزەرانت، پەیوەستە بە خودی خۆتەوە، خۆتو بەس.

تەنها
بۆ
سەرکردەکان

ئەگەر ناتەوێت سەرکردە بیت، ئەم لاپەڕەیە مەخوێنەرەوە!

تەنها گەورەکان هەست بە تواناکانت دەکەن
مارك توین

هیچ کەس ناتوانێت سوکایەتیت پێ بکات، بەبێ ڕەزامەندی خۆت!
ئەلینور روسیفلت

بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی گەورە، پێویستیمان بە دوو فەرمان هەیە: پلاندانان، کات!
لیونارد بیرنشتین

چاکترین شێوازو ڕێگە بۆ ڕیشەکێشکردنی نەریتە خراپەکان، ئەوەیە کە هەر لە سەرەتاوە دەستی پێنەکەیت.
جیمس بینی

هەموو ڕۆژێك وەها وێنای ژیانت بکە، کە تۆ بەسەر چیایەکدا سەردەکەویت، چاوێکت لە خوارەوە بێتو چاوەکەی دیکەت لە لوتکە، بۆئەوەی ئامانجەکەت بیرنەچێ، بەڵام بەبێ لە دەستدانی هەلی بینینی دیمەنە جوانەکانی ژیانت لە هەموو قۆناغەکانی تەمەنتدا..
هارولد میلرشرت

زاراوەی کارگێڕی

وەهاب حسێن محەممەد

ئاستەکانی کارگێڕی لە ڕێکخراوەکاندا:-

ڕێکخـــراوەکان لـــە هەر کەرتێکـــدا کاربکەن، کەرتـــی حکومی، یـــان تایبـــەت، لە هـــەر بوارێکدا کاربکـــەن، بـــواری بەرهەمهێنان، خزمەتگوزاری..تـــاد. هـــەر ئامانجێکیـــان هەبێـــت قازانجکـــردن، دابینکردنـــی هـــاوکاری... تـــاد، بەشـــێوەیەکی گشـــتی پەیکـــەری ڕێکخراوەییان لەسەر سێ ئاستی بەڕێوەبردن دابەشدەبێت.

یەکەم:- کارگێڕی باڵا:- ئەم ئاســـتە کارگێڕییە بەشـــێوەیەکی سروشـــتی لە لوتکەی پەیکـــەری ڕێکخراوەکەدایـــە، بەڕێوەبەرانی بەڕێوەبەرایەتـــی بـــاڵا لەم ئاســـتەدا بەناوی جیـــاوازەوە کاردەکەن وەك:- بەڕێوەبـــەری گشـــتی، بەڕێوەبـــەری جێبەجێـــکار، جێگری بەڕێوەبـــەری گشـــتی، کۆمەڵێـــك کارگێـــڕیو هەندێجاریـــش بـــە ئەنجومەنی بەڕێوەبردن ناودەبرێن.

بەرپرسیارێتی کارگێڕی باڵا:-

١- دانانـــی پلانو پلانی ســـتراتیژی ڕێکخراوەکـــە، دیاریکردنی ئامانجە گشتییەکانی ڕێکخراوەکە.

٢- کاراکردنی کـــرداری کارلێك لە نێوان ڕێکخراوەکەو ژینگەی دەوروبەریدا.

٣- نەخشەکێشـــانی پلان لـــە داهاتودا کە مایـــەی بەدیهێنانی ئامانجی چاوەڕوانکراو بێت.

٤- دانانـــی پەیکـــەری ڕێکخراوەکـــە، دیاریکردنی ئاســـتەکانی بەڕێوەبردن، دابەشکردنی ناوەندەکانی کارکردن.

دووەم:- کاگێڕی ناوەند:-

شـــوێنو کاری کارگێـــڕی ناوەنـــد، لـــە نێوان کارگێـــڕی باڵاو کارگێـــڕی جێبەجێکاریدایـــە، بـــۆ نموونە بەشـــەکانو کارمەندانی هەمـــوو ڕێکخـــراوەکان بـــە بەڕێوەبەرێتـــیو بەڕێوەبەرانی ناوەند ناودەبرێن، وەك بەشی کارگێڕیو کارمەندانی لە نەخۆشخانەیەکدا. بەشـــێوەیەکی سروشـــتی ژمارەیەکـــی زۆر لـــە بەڕێوەبـــەران بـــە نـــاوی جیـــاوازەوە لەخۆدەگرێـــت. کاری کارگێڕی ناوەنـــد تایبەتە بەچاودێریکردنـــی پلانـــی ڕۆژانـــەو ئـــەو پلانـــە ســـتراتیژیانەی بەڕێوەبەرێتی باڵا دیاریدەکات.

کارمەندان لـــە بەڕێوەبەرێتی ناوەنداو لەبـــواری کارکردنیاندا ســـەرچاوەی داهێنـــانو پێشـــکەوتنن، هەروەهـــا کارگێـــڕی ناوەند پەیوەستە بەڕێکخستنی کارەکانی کارگێڕی جێبەجێکاری.

بەرپرسیارێتی کارگێڕی ناوەند:-

١- دانانـــی پلانـــی ڕۆژانـــە لەبـــەر ڕۆشـــنایی ئـــەو پلانانەی بەڕێوەبەرێتی باڵا دایدەنێت.

٢- بەکارهێنانی پەیکەری ڕێکخراوەیی بەمەبەستی دیاریکردنی دەسەڵاتو بەرپرسیارێتی کارمەندان لە ڕێکخراوەکەدا.

٣- دیاریکردنـــی پێوانەی چاودێـــریو جێبەجێکردن لە هەموو بەشەکانی ڕێکخراوەکەدا.

٤- تەواوکردنی کارلێكو گونجاندن لە نێوان گشـــت توخمەکانی بەرهەمهێناندا، «بۆ نموونە گونجاندن لە نێوان سەرچاوەی مرۆیی ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا».

سێیەم:- کارگێڕی جێبەجێکاری:-

کاری ئـــەم بەڕێوەبەرایەتییـــە پیادەکردنی پـــلانو بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەیە لەســـەر ئەرزی واقیع کـــە بەڕێوەبەرایەتییەکانی ناوەنـــدو باڵادیاری دەکـــەن، بەدیهێنانی ئامانجـــەکان بەچاودێریو سەرپەرشـــتیاری مەیدانی هـــەردوو بەڕێوەبەرایەتی بـــاڵاو ناوەند دەبێت، ئەم بەڕێوەبەرایەتییە پێویستی بە:-

١- پسپۆڕییەکی ورد.

٢- کاری هونەریو پیشەییە.

ئـــەوەی جێـــگای وەبیرهێنانەوەیـــە، هەندێ ڕێکخـــراو بەدەر لەو ســـێ ئاســـتە کارگێڕییەی ناوبران، لە پەیکەری ڕێکخراوەیاندا بـــە مەبەســـتی بەهێزکردنی توانـــای پلاندانـــانو جێبەجێکردنو باشـــترکردنی بازنەی جێبەجێکردنی کارەکان، نەخشەی ئاستی تر لە پەیکەری ڕێکخراوەی ڕێکخراوەکەیاندا دادەڕێژن.

چاودێـــری (رقابـــە):- چاودێـــری کارێکی گرنگـــە، توخمێکی بنەڕەتییـــە لەو توخمانەی کـــرداری بەڕێوەبردن پێکدەهێنن، واتە چاودێری بەردەوامی کاری کرێکاران لە جێبەجێکردنی ئەو پلانانەی نەخشەیان بۆ کێشراوە، هەڵسەنگاندنی کاری کرێکارانە یەك بەدوای ئەوی تردا، بەراورد کردنێتی لە ڕووی چەندایەتیو چۆنایەتییەوە، بەو خەمڵاندنو ئامانجانـــە (پێوانانە)ی کە ڕێکخراوەکە لە پلانی کار بۆکراودا دیاریکردووە، بە مەبەســـتی بەدیهێنانی ئامانجی پلان بۆ دانراوی ڕێکخراوەکە بە باشترین شێوە.

ساتێك بۆ تێڕوانین لە بەڕێكردنی كاتەكانمان

هەردی جەوهەر حمد

گومانــی تێدا نییــە زۆرێك لە ئێمــە لە بەڕێكردنــی كاتەكانی ژیانمان ڕۆژانە چەند پرســیارێك لە خۆمان دەكەین، یان كە لەگەڵ هاوڕێكانمان قســە دەكەینو دەڵێیــن: كاتم نییە، زۆر بێ كاتم، بەڵام ئەگەر تۆزێك بیر لە بەڕێكردنی كاتەكانی ژیانمان بكەینەوە، دەبینین زۆربەی كاتەكانمان بە فیڕۆدەچێت، بێئەوەی ئاگاداری خۆمان بین..

ئەگەر بیربكەینەوە كات سەروەتێكە كە خوای گەورە بە مرۆڤی بەخشــیوە، لەگەڵ ڕۆیشتنی هەر ڕۆژێك لە تەمەنمان ئەم سەروەتە كــەم دەبێت كە پێمان بەخشــراە، بێئەوەی هیچ مرۆڤێك بتوانێت ئــەم ســەروەتە زیاد بــكات، یان پاشــەكەوتی بكات، بــەڵام ئەوەی بتوانێت سوود لە كات وەربگرێت، ئەوە ئەو كەسانەن كە كاتەكانیان ڕێكدەخەنو ڕێگری دەكەن لە بەفیڕۆچوونی كاتەكانی ژیانیان.

بۆئەوەی بتوانین ســوود لە كاتەكانمان وەربگرین، دەبێت سەرەتا بیر بكەینەوە ئایا مرۆڤ بۆ چی دەژی، مەبەست چییە لە بەڕێكردنی ژیانمــان، ئەگەر بزانیت بۆ چــی دەژی، دەتەوێت بگەیت بە چی؟ ئەو كات دەتوانیت ژیانت ڕێك بخەیت لە هەموو بوارێك بە تایبەت كاتەكان.

هۆكارەكانی بە فیڕۆچوونی كات چین:-

یەكــەم:- هۆكارێــك لە ژێر دەســەڵاتی خۆت دایــە:- كە ئەمەش زۆربــەی خەڵك كاتەكانی تێدا بە فیڕۆدەدات، بێئەوەی پێی بزانیت كە لە ژێر دەسەڵاتی خۆی دایە، تاوەكو كارەكان بەڕێكو پێكی بەسەر ببات بۆ زیاتر شیكردنەوەی ئەم هۆكارە لەچەند خاڵێك دەخەینە ڕوو:-

أ- نووســتن:- خەوتــن هۆكارێكــە بــۆ حەســانەوەی مــرۆڤ لــە ماندووبوونی ڕۆژانە، بەبێ حەسانەوە، مرۆڤ ناتوانێت كارەكانی ئەنجام بدات، بەردەوامی بە ژیان بدات، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە كاتی خەوتنمان ڕێكبخەینو زیادەڕۆیی تێدا نەكەین، زۆربەی كاتەكانمان بە نوستن بەڕێ نەكەیــن كە لە ڕووی زانســتییەوە زۆر نووســتن زیانی هەیە، مرۆڤ لە شەوو ڕۆژێكدا تەنها پێویستی بە (٦-٨) كاتژمێر نووستن هەیە.

ب- ئەنجامدانی كاروباری ڕۆژانە:- هەر یەك لە ئێمە ڕۆژانە سەرقاڵە بە كارێكی تایبەت، جا فەرمانبەر بێت، یان مامۆستا، یان كاسبكار، ...هتد. دەكرێت بە ڕێكخستنی كاری تایبەتیمان كاتمان بەفیڕۆ نەدەین، ئەمەش دوانەخســتنی كاری ڕۆژانەو ڕێكخستنی كارەكانو لە كاتی نەبوونی كاردا بتوانیت خۆت سەرقاڵی كارێك بكەیت سوودمەند بێت.

ج- ســەردانكردن:- زۆرێــك لــە ئێمە لەبەر ڕێك نەخســتنی بەرنامــەی ســەردانكردنەكانمان، میوانــداری بێت، یان ســەردانی نەخۆش، یان چوونە دەرەوە بێت بەمەبەســتی كڕینی شــتومەك، ســەیر دەكەیــن كاتێكی زۆرمــان دەبــات، كەواتــە بۆئەنجامدانی هــەر یەك لــەو كارانە دەبێت كاتی بۆ دیــاری بكەیتو بزانیت بۆ ئەنجامدانی كارەكەت چەندت كات پێویستە.

د- ســەیركردنی تەلەفزیۆن، یان بەكارهێنانی ئینتەنێت:- ئەم هۆكارە وایكردووە كە زۆرترین كاتەكامان ببات، بێئەوەی هەســتی پێبكەین، پێویستە ڕۆژانە كاتێك دیاری بكەین بۆ ئەو دوو هۆكارەو پابەندبین بەكاتی دیاریكراوەوە.

ه- بەســەربردنی كاتێــك لەگەڵ مــاڵو منداڵو كــەسوكار:- پێوســتە مرۆڤ كاتێك دیاری بكات بۆ بەســەربردنی لەگەڵ ماڵو كەسوكاری، كە زۆرێكمان ســتەم دەكەین لــە ماڵو منداڵمان كاتی پێویست تەرخان ناكەین بۆیان.

دووەم:- هۆكارێك لە دەرەوەی دەســەڵاتی خۆت بێت:- ئەمەش هەر كەســێك بەرێژەیــەك بتوانێت كار بكات بۆئــەوەی كەمترین زیانت پێبگات بۆ بەفیڕۆچوونی كاتت دووركەوتنەوە لە هەر شتێك كە لە دەرەوەی دەســەڵاتت بێت كە كاتت بە فیڕۆبدات، بۆ نموونە دووركەوتنەوە لە شوێنی قەرەباڵغی تا پێت بكرێت كاتێك بەڕێوەی بۆ گەشتێك، یان بەدواخستنی كارێك، ئەگەر بزانیت ئەم كارە كاتت بە فیڕۆدەدات لەبەر هۆكاری دەرەكی....

بۆ سوودوەرگرتن لە كاتەكانمان پێویستە گرنگی بەم خاڵانە بدەین:-

١- گرنگــی كارەكەت:- ڕێكخســتنی كارەكانمان بە پێی گرنگی كارەكان، چونكــە ڕیزبەندكرنی كار بە پێی گرنگی، هاوكار دەبێت بەوەی كە كەسێكی وەبەرهێنەر بیتو كاتەكانت بە فیڕۆ نەدەیت.

٢- ڕاســپاردنی كار:- ئەگەر تــۆ توانیت كارەكان بە پێی گرنگی ڕیزبەند بكەیت، ئەو كات دەتوانیت ئەو كارانەی كە دەكرێت بیسپێری بە كەسێكی تر، بۆئەوەی زیاتر سوود لە كاتەكانت وەربگریت.

٣- دیاریكردنی كات بــۆ هەر كارێك بتەوێت ئەنجامی بدەیت، چونكــە بــە دیاریكردنــی كات پەیوەســت دەبیــت، كە لــەو كاتە دیاریكراوەدا كارەكەت تەواو بكەیت.

٤- بەكارهێنانی نووســینو ڕۆژمێر لە ڕێكخستنی كارەكاندا، بۆ چۆنیەتی دابەشــكردنی كاتەكانو دیاریكردنی كاتی هەر كارێك كە بتەوێت ئەنجامی بدەیت.

٥- دووركەوتنەوە لە پچڕانی كار لە كاتی سەرقاڵبوون بەكار، بتوانیت خــۆت دوور بخەیت لەم هۆكارانەی كە پچڕان لە كارەكان دروســتدەكات بە تایبەت تەلەفۆن، یان سەردانی لە ناكاو، یان دوا خستنی كارەكانت.

ئەزموون
وەك ئەزموونو وانە

فازیل شەورۆ

خوێنەری هێژا، هەوڵدەدەم لەم بابەتەمدا- بە چەند ئەڵقەیەك- پووختەیەك دەربارەی (ئەزموونو مرۆڤو مێژوو) لێكۆڵینەوەیەكی سەردەمیانەتان بخەمە بەردەست، كە بۆ كاری ڕۆژانەو ئاسانكردنو كردنەوەی گرێ ئاڵۆزەكانی هێندێ هەڵوێستی هاوبەش سوودی باشی هەبێت.

ئەزموون چییە؟

لە منداڵییەوە لە بن گوێماندا دەخوێنن كە ژیان جگە لە كەڵەكەچنێك لە ئەزموونی ڕۆژانەو پەندو عیبرەتی مانابەخشی هەڵێنجراو لە كارێزی هزرو هۆش، شتێكی تری بەرجەستەكراو نییە.

هاوڕێیەتیو ئاشنابوونی مرۆڤ بە ئەزموونەكان بەبێ قاڵبوونەوە لە كایەكانی كارو بە بێ ئازار چێشتنو نسكۆ بینینو تێپەڕبوون بە تووڵەڕێی سەختی پڕ نشوستیو سەرنەكەوتندا، واقیعحاڵێكی مەحاڵە، چونكە ئەزموون وەك مەشكەی كوردەواری بە ملی سێ بەرجیغی چەسپاوی ڤیتو ڤنج شۆڕبۆتەوە:-

* ئەنجامدانی كار.
* هەڵەكرن لە كاردا.
* تێڕامانو سەرنجدان لە هەڵە، یان هەڵەكان.

زاراوەی «ئەزموون» وەك جیوە وایە، بە گوێرەی كاتو شوێنو ڕووداو، شێوەو ڕووخساریی خۆی دەگۆڕێت، بۆیە پێناسەكەشی پتر لە كەوانەیەك هەڵدەگرێت. مرۆڤ نازانێت لە چاوی كام پەنجەرەوە تێیبڕوانێت. پێناسەی ئەم زاراوەیە لە ڕشتەی فەلسەفەدا جیایە لەگەڵ پێناسەكەی لە ژانرەكانی ئەدەبداو لەوێشڕا جیاوازی هەیە لەگەڵ پێناسەكانی لە بواری پەروەردەو مۆراڵو ئایین.

با ئێمە لە دەروازە زانستییەكەیەوە بچینە نێو بابەتەكەوە كە دەڵێت: "ئەزموون ئەو ڕێبینو ڕێبەرەیە كە دەستمان دەگرێ بۆ تێگەیشتن لەو یاسایانەی سروشت بە ڕێوەدەبەن." دەشگوترێ كە: " كۆمەڵە پرۆسەو كارێكە دیاردەیەك دەهێنێتە كایەوە بە مەبەستی لێكۆڵینەوەو هەڵكراندنی مەعریفەی تازە لەم دیاردەیە."

بۆ ئاسانتر تێگەیشتن لەم زاراوەیە، ڕەنگ بێ كێشانی

بەشی یەكەم

هێلگارییەکی بەراوردکاری لە نێوان (ئەزموون Experience)و (تیۆری Theory)دا سودێکی هەبێ، هەرچەندە ئەو دوو وشەیە وەك چەمكو زاراوە دژبەیەکو یەکتربڕن، وەلێ پەیوەندییەکی شاراوەشیان لە نێواندا هەیە. هەرچی (ئەزموون)ە پەیوەستە بە (واقیعو پراکتیزەکردنو ئەنجامدانی کار)، لە کاتێکدا (تیۆر) بەستراوەتەوە بە (ئەقڵو هزرو تێرامان). جا کە دەبینین پراکتیزەکردنی چالاکییەکی زانستی -بۆ توێژینەوە لە دیاردەیەکی سروشتی- پێویستی بە هەموو ئەو توخمانەی سەرەوە هەیە، تێدەگەین کە ڕایەڵەی نێوان (ئەزموونو تیۆر) هەم تەواوکەری یەکتریو هەم هاوبەندبوونە لەگەڵ یەکتریدا.

لێرە مافی خۆمانە بپرسین:-

* توخمەکانی ئەزموون لە کردەیەکی زانستیدا چین؟

* ڕەهەندو قۆناغەکانی کامانەن؟

* ئەزموون پێوەری هەیە؟

* هیچ پەیوەندییەك لە نێوان (ئەزموون)و (ئەقلانییەت) بوونی هەیە؟

* عەقڵ هەر ئاوێنەی واقیعحاڵی هەستەوەرەکانی مرۆڤە، یان ئەزمووندارێشە؟

* ئەدی خودی ئەزموون خۆڕسکە، یان دەسکەوتی مەعریفەیە؟

(Claude Bernard 1878 -1813)) دەڵێ:- "وەدەستهێنانی مەعریفەی زانستی بەبێ تێپەڕبوون بە ڕێبازی ئەزموونگەرایی -کە چەند بنەمایەکی هەیە- کارێکی مەحاڵە، بنەماکانیش لە دیدی ئەوەوە ئەمانەن:-

- بە دیقەت سەرنجدان لە واقیع.
- پێشبینیکردنی گریمانەکان.
- هەڵسەنگاندنی متمانەی گریمانەکان، کە چەندە هاوسەنگن لە گەڵ واقیعەکەدا.
- گەیشتن بەو ئەنجامەی تێرامانمان بۆ کردووە.[2]

لە کاتێکدا بۆچوونی (ڕۆنی تۆم) ئەوەیە کە هیچ گریمانەیەکی زانستی نییە کە لە خۆیەوە پەیدابوو بێو ڕەگی نەچێتەوە سەر گریمانەکانی خەیاڵ. واتە توخمی خەیاڵی عەقڵی زۆر کاریگەرە لە گەیشتن بە ئەزموونی زانستی.

لەوانەیە (Alexander Query 1836 - 1747) جوانتر بۆی چووبێت کە دەڵێت: "ئەزموون قامتێ زانیاریو شارەزایی دەرهاویشتەی ژیانە کە ئەم سیمایانەی هەیە:- گشتگیریو سوودبەخشییو خۆخودیو ڕاستەوخۆیی. بەڵام ئەزموونی زانستی:- دارشتنەوەی دیاردەیەکی دەستنیشانکراوە بە کۆمەڵێك یاساو ڕێسا بەندە بە کاتو شوێنێکی دیاریکراو (وەك تاقیگە)کاری پێدەکرێت.[3,4]"

ئەمڕۆ، پەیوەندارانی ئەم بابەتە، بە پێچەوانەی تێڕوانینەکەی (ئەرستۆ - ٣٨٤ -٣٢٢ پ.ز.) کار دەکەن، کە دەیگوت:- "یەکەم جار سەرنج بدەو دووەم جار تێبفکرە." چوون "زانستەکان ئەمڕۆ دەڵێن:- لە واقیعەکان بتۆژنەوەو لە بنچو بنەوانیان تێبگەن، نەك هەر بەرامبەریان چاو زەق کەنەوەو تێیان بڕوانن. ئێستا دەبینین چۆن عەقڵانییەتی زانستی جێی بە تەفکیری لاهوتی سەدەکانی ناوەند لێژکردووە. ئەوان لە ڕستەیەکی زۆر کورتدا بیرۆکەی خۆیان دارشتووە کە دەڵێن:-

"هیچ شتێك بە حەق نازانین، تا بە تەواوی لێی یەقین نەبین."[5]

لە کاتێکدا بە واتای قوتابخانەی ئەزموونگەرایی- سەدەی هەژدەمی ئەوروپا - کە لە سەر دەستی (1632 - 1704 - John Locke (1711 - 1776– Hume (David)) بونیاتنرا:- "ئەزموونەکان تاکە سەرچاوەی حەقیقەتەکانن." دواتریش (1727 - 1804 Immanuel Kant) هاتو خەتێکی لە نێوان عەقلانییەتی (Rene Descartes 1650-1596) ئەزموونگەرایی (Locke) کێشاو گوتی:" هەموو مەعریفەیەك لە ئەزموونەوە سەرچاوە دەگرێ."[6] ئەو دوو پرسیاری وڕژاند:-

- دەبێ چ بزانم؟
- دەبێ چۆن ئەو شتە بزانم؟

پووختەی بۆچوونەکەی (I. Kant)یش ئەوە بوو کە:- "چەمکە تەقلیدییەکان بەبێ دەربڕینە هەستەوەرییەکان گوێزی پووچن و دەربڕینە هەستەوەرییەکانیش بەبێ چەمکە عەقڵییەکان پشیلەی کتو کوێرن."بە لای (Albert Einstein 1955 -1876) یشەوە: ڕایەڵەی تیۆری زانستی داهێنانە ئازادەکانی عەقڵی مرۆڤە. واتا عەقڵ بنچینەی تیۆری زانستییە، بەمەرجێ ئەزموونی وەدەستهاتوو دەبێ لەگەڵ ئەنجامەکانی تیۆرییەکان یەك بگرنەوە.[7]

بە کوردیو کرمانجی وەك (- Gaston Bachelard 1884-1962) دەڵێت: "مشتومڕی دیالێکتیکی نێوان عەقڵو ئەزموون ڕۆڵێکی مەزنی هەیە لە بونیاتنانی مەعریفەی مرۆڤەکان."[8] جا پێوەری ئەم ئەزموونە لەسەر ئەرزی واقیعدا تواناو قابیلیەتی دووبارەبوونەوەی ئەو ئەزموونەیە بە شێوەیەکی ئەنجامدار.

خوێنەری هێژا، پووختەی ئەم شەرەقسەی پێشەوە ئەوەیە کە: هیچ تیۆرێکی زانستیی عەقڵی خالص، بوونی نییەو هیچ ئەزموونێکی زانستیش لە دەرەوەی عەقڵدا بوونی نییە. چەمکی (ئەزموون) بە گشتی ئاماژەیە بۆ:-

- بزانی چۆن.
- دەستڕەنگینیت لە کارێك.
- سەردەرچوون لە شتێك.

کەسی خاوەن ئەزموون لە کارێکدا پێی دەگوترێت (شارەزا Expert)وەك شارەزایی ڕاوچییەك لە ڕاوکردنی ماسیدا.

1-http://aguelmous.over-blog.com/article-46378295.html
2-http://www.neelwafurat.com/itempage.aspx?id=egb165624-5177146&search=books
3-http://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%B9%D9%82%D9%84%D8%A7%D9%86%D9%8A%D8%A9
4-https://openlibrary.org/subjects/person:alexander_query_(1747-1836(
5-http://www.neelwafurat.com/itempage.aspx?id=egb165624-5177146&search=books
6- http://www.iep.utm.edu/kantmeta/
7-http://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%B9%D9%82%D9%84%D8%A7%D9%86%D9%8A%D8%A9
8-https://openlibrary.org/subjects/pgaston_bachelarderson:alexander_query_(1747-1836(

Asman Group

بڕیار

خولی ڕێنمایی بۆ خوێندکارانی ((۱۲))ی ئامادەیی ((ساڵی چوارەم))

ئامانجمان:

* بەدەستهێنانی نمرەی بەرز.
* پەروەردەکردنو بنیاتنانی کەسایەتییەکی بێ وێنە.
* ڕاهێنان لەسەر تەکنیکە نوێیەکانی سەرکەوتن لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا نەك تەنها بەدەستهێنانی نمرەی بەرز.

جیاوازیمان:

* پەیڕەوکردنی نوێترین شێوازو بەکارهێنانی بەناوبانگترین سەرچاوە جیهانییەکانی «ئینگلیزی، عربی، تورکی، کوردی...
* وتنەوەی لەلایەن خوێندکاری کۆلێژە بەرزەکانەوە ((کۆلێژی پزیشکی، ....))، خاوەنی نمرەیەکی بەرز لە ((پۆلی ۱۲))و نمونەیەکی کرداری سەرکەوتن لەو قۆناغەدا.
* نزیکی تەمەن لە نێوان ڕاهێنەرانو بەشداربووان، لە پێناو پەیوەندییەکی هاوڕێیانە دوور لە مامۆستاو خوێندکار.
* پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ خانەوادەی بەشداربووان.
* گرتنەبەری هۆکاری پشووبەخش ((ڤیدیۆ، يارييەكانی مێشك، چیرۆكو بەسەرهاتی خۆش، گەشتو سەردانی شوێنە خۆشەکان،...))
* پەیوەندییەکی بەردەوام لەگەڵ بەشداربوودا لە دوای پۆلی ((۱۲))و چاو ڕۆشنکردنەوەیان دەربارەی کۆلێژی گونجاوو سەرکەوتن لە زانکۆ.

چیت دەستدەکەوێت؟

* تەنها بە وانەی یەکەمی خولەکە تەرکیزت ٥٠٪ زیاد دەکات!!
* دیاریکردنی ئامانج بە نوێترین شێواز.
* کەمترین کاتو زیادترین کۆششکردن ((فێربوونی خێرا – fast learning))
* ((Study smarter not harder)) تەنها بە ۲٥ خولەك لە یەکەم کردنەوەی کتێبی هەر وانەیەك ٤٠٪ی نمرەکانی ئەو وانەیە مسۆگەر بکە!!
* ئائائای خۆزگە دەتزانی ((mind map)) چییە؟
* بە تاقیکردنەوەیەك باشترین شێوازی سەعیکردنی تایبەت بە خۆتت پێ دەدۆزینەوە.
* تۆ یاریزانێکی لێهاتوویت ⟵ دەتەوێت فێربیت یاریزان چۆن سەعی بکات؟
* تۆ دەنگت خۆشە ⟵ دەتەوێت فێربیت کەسی دەنگخۆش چۆن سەعی بکات؟
* کچێکیت زۆر ماڵەوە دەڕازێنیتەوە ⟵ تۆش شێوازی سەعیکردنی تایبەت بە خۆتت هەیە!!
* دەتەوێت زیادترین چێژ لە مێشکت وەربگریتو خۆشترین سەعی بکەیت لە ژیانتدا؟!
* دەتەوێت تەنها لە پێناو بەڕێوەبردنی کات پوختەی ((۳٥)) کتێبی جیهانی وەربگریت.
* دەربارەی سەرکەوتن لە تاقیکردنەوەکان، شتانێك دەبیستی، دڵنیاین پێشتر نەت بیستووە!!
* خودی وانەکانی خوێندنگە ((فیزیا، عربی،....)) ناخوێنرێت، بەڵکو هەر بابەتە ڕادەهێنرێن چۆن سەعی تێدا بکەن.
* ئەمە کورتەیەك بوو، زۆۆۆۆر شتی تر ماوە؟!!

ئەگەر داهاتووی خۆتت لا گرنگە، بیخوێنەرەوە!

مەرجەکانی وەرگرتن:

* بەشداربوو لە دایکبووی (۱۹۹٥)و بەرەو سەر بێت.
* لە پۆلی (۱۱)دا یەك ساڵە بێتو تێکڕای نمرەکانی ۷۰٪ کەمتر نەبێت. لە پۆلی ۱۲ ساڵی یەکەمی بێ.
* خوێندکاری بەشی زانستی بێت.
* ژمارەیەکی دیاری کراو وەردەگیرێت دوای چاو پێکەوتنو هەڵبژاردن.

شێوازی بەڕێوەبردن:

* بە ناردنی کورتەنامە ((sms)) ناوی سیانیو ناوی خوێندنگاکەت بنێرە بۆ ((۰۷۷۱٤٦۹۰۱۰۰))، لە کاتی چاوپێکەوتن بەو ژمارەیە ئاگادار دەکرێنەوە.
* کۆتا ڕۆژی ناونوسین ۲۰۱٤/۰۷/۱.
* چاوپێکەوتن لە ۲۰۱٤/۰۷/٤ ئەنجام دەدرێت، لە ۲۰۱٤/۰۷/۸ بە ویستی خودا یەکەم وانەی خولەکە دەست پێدەکات.
* خولەکەمان لە (۳۰) وانە پێکهاتووە.
* تەنها وانەی یەکەمو دووەم لە مانگی ڕەمەزاندا دەخوێنرێت، وانەکانی تر ۱۲ وانەیان تاکو سەرەتای خوێندنو ((۱٥)) وانەکەی تر بە درێژایی ساڵی خوێندن (۲)هەفتە، یان (۳) هەفتە جارێك لە هەینیدا دەخوێنرێت.
* خولی تایبەت بە کوڕانو کچان.
* نرخی بەشداریکردنو هەموو پێداویستییەکانی خولەکە ۲۰۰۰۰۰ دینارە.

ناونیشان: نوسینگەی گروپی ئاسمان: سلێمانی- تەلاری میر سۆما- نهۆمی چوارەم- یەکەی ۲۱- بەرامبەر پاساژی سلێمانی پالاس

Asman Group

هەموو ڕۆژێك، ڕۆژی منداڵە

ئەمڕۆ ڕووی قسەکانم لە گەورەکانە، ئەوانەی کە چی تر خۆیان بە منداڵ نازانن‌و لە منداڵان خۆیان بە ژیرترو کامڵترو پوختترو بە ئەزموونترو گەورەتر دەزانن، هەموو ئەوانەی کە خۆیان بەپێگەیشتوو، تێگەیشتوو، بیرمەندتر دەزانن، منداڵییان لە بیرکردووە، منداڵ بە گرنگ نازانن‌و جێی بایەخ پێدانییان نییە.

لێرەدا ڕووی قسەم لە خۆمانە، لە من‌و تۆ کە باڵامان کردووەو چەند لە زەوی دوور کەوتووینەتەوە، بە هەمان ئەندازەش دووری نێوانمان لەگەڵ منداڵی زیادی کردووە، ئێستا کە ئیتر شتێك لە پاکی، ڕەسەنی‌و ئاکار باشی‌و ڕاستی منداڵانمان لە یاد نییە، بە شێوەی گەورەکان، لەگەڵ منداڵەکانی خۆمان هەڵسوکەوت دەکەین، لە کاتێکدا کە دەبێت دڵنیابن‌و بێ دوو دڵی بزانین کە هەر منداڵێك، جا منداڵی هەر کەسێك بێت، یا لە هەر نەژادو سەر بە هەر هۆزێك بێت، بەر لە هەر شتێك منداڵە، دەبێت وەك منداڵێك ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێت.

لەوانەیە گەورە باڵاکردو پێگەیشتووەکان لەگەڵ یەکدا ناتەباو ناسازبن، یان پابەندبن بەسنوورو ڕێساو بەندە هەمەڕەنگەکانەوە، بەڵام منداڵانی ئەم گەورانە بەهۆی ئەو پاکییەی کە لە بوونیاندا شەپۆل دەدات لە هەموو ئەو سنوورو نەگونجان‌و ناسازگارییانە بە دوورن. کاتێك لە نیگای من‌و تۆ ڕادەمێنن جگە لە زەردەخەنەیەکی ئارامبەخش شتێکی تریان ناوێت.

٦/١ کە ڕۆژی منداڵانە، ڕۆژێکە کە ئێمە گەورەکان تایبەتمان کردووە بە منداڵان، تا لەو ڕۆژەدا منداڵییان بکەن، بەڵام نەکا لە بیرمان بچێت کە بۆ منداڵ هەموو ڕۆژێك ڕۆژی منداڵە، ئەوان هەموو ڕۆژێك پێویستیان بە چاودێری‌و پشتیوانی‌و ئاگاداری ئێمە هەیە، نەك لەبەر ئەو هەورە ڕەشانەی کە بە هۆی باڵاکردنەوە چواردەوری سەرمانی گرتووە لە بینینی پاکی‌و بەرائەتی منداڵان بێ ئاگا بین. ئەم بابەتە زەنگێکی ئاگادارکردنەوەیە، بۆ هەموو ئەوانەی کە لە چاوی گوناهو خراپەکاری گەورەکان لە منداڵەکانیشیان دەڕوانن‌و بە داری هەڵەی گەورەکانیان لەگەڵ ئەواندا هەڵسوکەوت دەکەن، بە هۆی هەڵەو ناباشی گەورەکانیان بوونی ژیانێکی پڕ لە سەختی‌و ناخۆشی بۆ منداڵەکانی ئەوان بە ڕەوا دەزانن. تائاگاداربن کە بۆ ئافرێنەری گەردوون، منداڵ، جا منداڵی هەر کەسێك بێت، بەر لە هەر شتێك منداڵێکە پاك‌و بێگەرد، کە شتێك جگە لە ڕاستی‌و پاکی لە دڵ‌و تێڕوانینەکانیدا نییە، بۆیە نەبادا میهرەبانی خۆمان لە منداڵانی زەوی بە هۆی جیاوازی بیرو بۆچوونمانەوە بگرینەوە کە دروستکاری بوون هەرگیز بەوەها ڕەفتارێك خۆشنود نابێت.

کەوابوو وەرن لە ڕۆژی منداڵاندا باڵاکردن‌و گەورەبوونمان فەرامۆش بکەین‌و بگەڕێینەوە بۆ زەوی‌و بەرزی‌و بڵندی‌و دووری نێوان خۆمان‌و منداڵ‌و منداڵیمان لە یاد بکەین، تەنانەت ئەگەر بۆ ڕۆژێکیش بێت، پاکی فەرامۆشکراوی منداڵیمان بە یاد بهێنینەوە، دونیا هەر بەو جۆرەی کە سەرەتا بەلامانەوە سەیرو سەمەرەو پڕ لە شادی‌و جموجوڵ بوو ببینین، ئیتر هیوادارم کە پاکی هەمیشەیی خەڵاتی شیاوی دڵی میهرەبانتان بێت.

درەخشان بەهادین

پێڵاوو ڕەهەندەکانی

وەهاب حەسیب محەممەد

زۆرن ئـەو لایەنانـەی ژیانـی ڕۆژانەمـان دەکرێت لەسـەریان بووەستینو هەڵوەستەیەك بکەینو ئاوڕێك لە ڕابردوویان بدەینەوەو ڕەهەندەکانـی شـیبکەینەوە تا بە شـێوەیەکی ئاشـکراو گشـتگیر تێیانبگەین، بێگومان تێڕوانین بۆ هەرچەمکێكو شێوازی بەکارهێنانی کۆمەڵێك هۆکار، یان وردتر بڵێین چیرۆکێك لە پشتییەوەیەتی، لەم بابەتەدا دەمەوێت شـێوازی تێڕوانیـنو بەکارهێنانی چەمکی پێڵاو بخەمـە بەرباسو قسـەکردن، کە پێـم وایە لـە بەکارهێنانیداو لە هـەر بوارێکدا کۆمەڵێك هـۆکاری دەروونی، ڕامیـاری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی لەپشـتەوەیە دەکرێت شـارەزایان زیاتر لەسەر بابەتەکە گفتوگـۆ بکەن گەر هیچ نەبێت هەندێك لایەنی شـاراوەی بابەتەکە زیاتر ئاشـکرابکەنو شـێوازی تێڕوانیـنو بەکارهێنانی پێڵاو (وەك دەستەواژەیەك) لە ژیانی ڕۆژانەماندا ڕاست بکەنەوە.

کاتێك سەرۆك بۆش سەردانی عێراقی کرد هەموو بینیمان کە مونتەزیر زەیدی چۆن لێزانانە پێڵاوەکانی ئاڕاستەی سەرۆك کردو ئەویـش زۆرجوان کایەکـەی بردەوە، بەوەی نەیهێشـت پێڵاوەکان بـەر چـاوو دەمی بکەوێت، هـاوکات هێشـتا پێڵاوەکانی زەید بە حەواوەبوون سەری ئەومان لە ژێر پۆستاڵەکانی پاسەوانانی سەرۆك وەزیراندا بینی، لە کاتێکدا ئەو دەیتوانی وەك ڕۆژنامەنوسـێك لە ڕێگەی پرسـیارەوە دەمو چاوی بۆشـی کوڕ سـوور هەڵبگەڕێنێت، بەشێك لەو نەهامەتیانەی بۆ باسبکات کە لەگەڵ داگیرکەردا بوون، بەشێك لە ژیانی هاوڵاتیانی عێراقی، بەڵام نەیکرد بۆچی؟

تـۆ بڵێیت هێزی پێڵاو لایی مونتەزیـر کاریگەرتربێت لە هێزی وشـە، ئـەم بیرکردنەوەیـە چ باگراوندێکی هەیە وا مێشـکی هەموو تاکێکـی عێراقی داگیرکردووە بە هەموو چیـنو توێژەکانییەوە. یان دوورتر بگەڕێینەوە کاتێك سـەرۆکی پێشـووی عێراق (صدام حسین) دەیگـوت: عیراقییـەکان پێخاوس بوون، من پێڵاوم کـردە پێیان، تۆ بڵێیت لە پێکردنی پێڵاو گۆڕانکارییەکی ژیاریو بازدانێکی جۆری بێت لە ژیانی میللەتێکدا، یاخود خەڵکانێك هەبوون لە ژیانی مرۆڤایەتیدا پاپەتی بوون، سەرئەنجام سەرۆك کارەکەی ئەوەندە بە گەورە بزانێت لە میدیاکانەوە وەك دیارییەك بە گەلی عێراقی ببەخشێت.

ئەم بۆچونە لە چ ڕاسـتییەکی حاشـا هەڵنەگرەوە سەرچاوەی گرتووە، یاخود ئەوە گیانی دیکتاتۆریەتە لە ناخی سەرۆکدا (بێشك ئەویـش چەندین هۆکاری هەیە) کە تەنانەت پێڵاو لە پێکردنیش وەك دیارییەك ببەخشێتە ژێر دەستەکانی.

هەندێجار ئەو شوڕشگێڕانەی کە نەیارەکانیان پەتی قەنارەیان بـۆ هەڵخسـتوون شـانازییان بـەوەوە کـردووە کە بەسـەر پەتی سـێدارەوە پێڵاوەکانیان بەرزترە لەسەری جەلادەکانیان، نموونەی ئەمەش بەڕێز (مەلا علی)ە کە بە برینداری کەوتە دە ست ڕژێمی بـە عسو دواتر لە موسـڵ پـە تی قەنارەیان کـردە گەردنی، ئەو لە شـیعرێکدا ئاماژەی بەو حاڵەتە کردووە، ئـەوە بێتوانایی ئەوە لەو چرکە سـاتانەدا بەرانبـەر جەلادەکانی کە تاکـە ڕێگا لەوەدا دەبینێتەوە بەو شـێوەیە گوزارشـت لە بیروباوەڕەکانی بکات، یان هێمن گووتەنی: ورەی پۆڵایینەو بەگژ جەلادەکەیدا دێتەوە، سەعید قەزازیش نموونەیەکی تری لە سـێدارە دراوی سەردەمی کۆمارییە، کە بە هەمان شێوە گوزارشتی لە خۆیکردووە.

کاتێك هەموومان پێویسـتمان بە پێـڵاوە، ڕەنگە هەریەکەمان چەندیـن جـووت پێڵاوو کەوشـی هەبێتو زیـادەڕەوی نییە بڵێم بڕێکمـان حەز لە پێـڵاوی مارکەو گرانبەها دەکەیـن، ئەی بۆچی کاتێك دەگەڕێنـەوە بۆماڵ پێڵاوەکانمان دەهێنینـە ژوورەو (لەناو بەرهەیوان ـ مجاز)دایدەنێین لە کاتێکدا بە پێڵاوەوە دەچینە هەموو شـوێنێك، ئەمـە جێگای سـەرنجی خەڵکانی ڕۆژئاوایـە بۆ ئێمەی ڕۆژهەڵاتـی، چون ئـەوان وایدەبینن کە دەبێـت پێڵاو لە دەرەوەی مـاڵ جێبهێڵدرێت، ئەم قەدر زانینە لە پای چییەوە هاتووە؟ بەڵام لـە کاتی توڕەبونو ناوزڕاندنی مێملەکانماندا دەڵێین ئەوی کەسـێ قیمەتی جووتی پێڵاوی نییە لای من، یاخود ئەو کەسە بە پێڵاوی فلان کەس نابێت، ئەم بچوکردنەوەیە تا ئاسـتی خستنە ژێر پا لە چییەوە سـۆنگەی گرتووە؟ تۆ بڵێیت ئێمە کاتێك تەماشای خۆمان دەکەیـن پێڵاوەکانمـان لەژێر پێمانـدا دەبینین، ئەو هەسـتەمان لادروستدەکات، یان باگراوندێکی دەروونیو کۆمەڵایەتی شاراوەی لە پشتەوەیە، لە کاتێکدا ئەگەر ڕۆژێك خاوەنی جووتێ پێڵاو نەبووبین لە ئازیزانمان نەشـاردۆتەوەو باسمان کردووە، ئەو ئارەزووە هێندە شوێنەواری لە نەستماندا بە جێهێڵاوە تێپەڕبوونی ڕۆژگاریش کاڵی

نەکردۆتەوە، وەك لەو نامەیەدا حاجی قادر بۆ مەلاعەبدولای جەلی زادەی نوسیووەو ڕۆژگاری فەقێیایەتی بیردەخاتەوەو دەڵێت:

بەبیرت دێ زەمانێ چوینە باڵەك ... بە پێ خاوس نەکەوشم بوو نەکالەك

تۆ بڵێیت هۆکارەکە هەژاری بووبێت، یان ژیانی فەقێیایەتی ئەو ڕۆژگارە، یان ....

هەروەها کەم نین ئەوانەی بە منداڵی لێیان دراوە لەبەرئەوەی پێڵاوەکانیان دڕاوە، دەبێت هەستی ئەو منداڵو مێرد منداڵانە چیی بووبێت کاتێك پێڵاوەکانیان ونکردووەو نەیانتوانیوە شەو بگەڕێنەوە ماڵی باوانیان لە ماڵی دراوسێ، یان خزمە نزیکەکان، یاخود لەسەرقەبران ماونەتەوە (جوتێ پێڵاوی شێخ ئەنوەر) نموونەیەکی ئەم حاڵەتەیە. هۆکاری ئەم دوو فاقییە چییە؟ لە تێڕوانینو بەکارهێنانی پێڵاودا.

لە فیلمێکدا شارلی شاپلن دەردەکەوێت لە چێشتخانەیەکدا بە چەقۆو چەنگاڵ کەوتۆتەوێزەی پێڵاوێك، تۆ بڵێی ئادەمیزاد برسێتی تەنگی پێ هەڵچنێت پێڵاوەکانی لە مردن ڕزگاری بکات، لە کاتی گەمارۆی ستالینگرادا خەڵکی گۆشتی یەکتریان خواردووە، بەڵام نەبیستراوە پێڵاویان خواردبێت، کەواتە پەیامی شاپلن چییە؟ لە پشت ئەو کارەوە، تۆ بڵێی بەو کارە گەرەکی بێت سەرمایەداری ڕیسوا بکات؟ یان .. لە کوردەواری خۆماندا قانعی شاعیر لە خەونیدا لێفە شڕەکەی ئەخوارد، تۆ بڵێی بۆ خەڵکی هەژاری کوردەواری پۆشاك لە پێڵاو گرنگتر بێت، یان هەریەکێکیان بە دیدێکی تایبەتی تەماشای مەسەلەکەیان کردووە؟

لە ئەنجومەنی ئاسایش لە دەیەی شەشەمی سەدەی ڕابردوودا کاتێك سەرۆکی ئەو کاتی یەکێتی سۆڤێت بەپێڵاوەکانی دەکێشا بەسەر مێزەکەی بەردەمیدا، ئامادەبووانی سەرسامکرد پاشتر ئەم کردەوەیە بەم شێوەیە ڕاڤەی بۆکرا:- ئەوە نەریتێکی کۆنی گوندنشینانی ڕووسەکانە بە مەبەستی بەئاگاهێنانەوەی دەوروبەر لە مەسەلەیەك وەها کارێك دەکەن، کاتێك شوانێك، سەپانێکی کورد بۆ حەسانەوەو پشوویەك کڵاشەکانی دەخاتە ژێرسەری، لە جیاتی هەرشتێکی دیکە کە دەستی پێڕادەگات، چ ئاماژەو نهێنیەك لە توێی ئەو کارەدا پەنهانە؟

کاتێك لە ڕوانگەی ئەڤینو خۆشەویستیەوە تەماشای پێڵاو دەکەین، دەبینین شاعیر ئامادەیە خۆیبکات بەتۆزی ڕێگای دەزگیرانەکەی، یان ئەو دەشێلێت بەزەبری قۆندەرەو پێڵاوەکەی، ئەم ئامادە نییە بە دڵڕەقیش ناوی ببات چ جای ئەوەی ناوی بزڕێنێت، ئەم خۆ بەکەمزانیینە تۆ بڵێی هۆکاری ئەوە نەبێت ئێمە هەمووومان لە دەورانی ژیانماندا لە خۆشەویستی بێبەشکراوین، (ئەمەش چەندین هۆکاری هەیە) کەوا شاعیر لە ئاست خۆشەویستەکەیدا خودی خۆییو پەیامەکەی بیربچێتەوە، یان لەوێدا کارە سەرەکییەکەی خۆی لەوەدا بینیوەتەوە. یاخود هۆکارگەلێکی کە هەیەو ئێمە پەیمان پێنەبردووە.

بۆچی زۆربەی کات پێڵاو ئامرازێکی سەرەکی شەڕی ناو خانەوادەکانمانە، وردتر بڵێم کاتێك خانمێك لە ماڵدا لە جیاتی کەڵەشێر بقوقێنێت، وەك سەعدی شیرازی دەڵێت: بە کەوشو نەعل بەردەبێتەوێزەی مێردەکەی، بۆچی وەك ژنێك دەست نانێتە تیتکی، تۆ بڵێیت لەو ساتەدا ئەو پیاوە هێندە سووکو بێنرخ بێت لای ئەو خانمە لە پێڵاو شایستەتر نابینێتەوە بۆ بیرازی مێردەکەی، تا دواتر لە ڕووی دەروونییەوە هیچکات نەتوانێت بەرانبەری بکۆکێت، یان ئەمە نەریتێکی کۆنی ژن سالارییەو تا هەنوکە هەندێك پەیڕەوی دەکەن.

دەبێت شێوازی هەڵبژرادنی پێڵاوو ڕەنگەکانی چ هۆکارێکی مەعریفی، دەروونی لە پشتەوە بێت، یاخود پاکڕاگرتنی کەوشەکان چ واتایەك دەبەخشن، ئەگەر لە تێڕوانینەوە تێبفکرین ئێمەی کورد لە چ خانەیەکدا ڕیزبەند دەکرێین، ئێمە لە هەڵبژاردنی پێڵاوەکانماندا چەندێك ڕەچاوی ئەتەکێتمان کردووە؟ لە هەڵبژرادنی پێڵاوی سادە، یان قەیتانداردا، یاخود ڕەنگەکانیاندا، ئەمانە هەمووی چاولێکەرییەو بەس تۆ بڵێیت بە چاولێکەری ئێمە حەقی ئەو کارە بدەین لە کاتێکدا ئەو ڕۆژانە خزمەتکارێکی باشی ئێمەیە.

ئەم بەرهەمانە
کەوتە بەردیدی
خوێنەران

گەشەپێدان
32
18
31
19
28
27

١- لە شوێنی خۆت بمێنەرەوە:-

کاتێك لەپی دەستت بەرەو ڕووی بەرامبەرت درێژ دەکەیت، مانای وایە دەتەوێت لێت دووربکەوێتەوەو هەتاکو نێوان دەستت لە لاشەت دوورتربێت مانای وایە دەتەوێت زیاتر لێت دووربێت.

٢- وسبە، بێ دەنگ بە:-

دەکرێت هەریەك لەم دوو وشەیە بۆ دەربڕینی هەستی جیاوازو لە کاتی جیاوازدا بەکاربێت، بۆ نموونە: دەکرێت لەو کاتەی گوێبیستی دەنگێك دەبیت وەك: هاوارکردن، یاخود گریانی منداڵێك.. هتد، بەکاری بهێنیت کە ئەمە زیاتر لەناو خێزانو هاوڕێو هاوکاردا بەکاردێت. یاخود لە کاتی توڕەیی، یان شەڕدا بەکاربێت، کە زۆر کات بە شێوازێکی زۆر نەشیاوانە بەسەر یەکتردا هاوار دەکەنو دەڵێت: (بێ دەنگ بە!) دەکرێت لە ڕێی شێوازی جوڵاندنی ڕووخساریانەوە بۆمان دەربکەوێت، ئایا ئەو وشەیە توڕەیی لە پشتە، یاخود نا.

٣- ڕازی نەبوون، نەخێر:-

لەو کاتەی پرسیارت ئاڕاستەی کەسێك کردووەو دەتەوێت ڕای بزانیت بەرامبەر بەو کارەی دەتەوێت بیکەیت، گەر لەو کاتەدا کەسەکە دەستی هەڵبڕیو پەنجەی (دۆشاو مژەی) بەرزکردەوەو لە لای ڕاستو چەپدا جوڵاندی چەند جارێك، مانای وایە بە هیچ جۆرێك ڕەزامەند نییە بەو کارەی دەتەوێت بیکەیت.

٤- ڕووخسەت وەرگرتن:-

دەکرێت لە ڕێی هەڵبڕینی دەستو بەرزکردنەوەی پەنجەی دۆشاو مژە دەربڕدرێت، کە زیاتر لە خوێندکاری قوتابخانەکاندا دەبینرێت، بەڵام لە ئامادەییو زانکۆدا هەمووپەنجەکانی دەستی بەرزدەکاتەوە، لە ڕاستیدا خۆی ئەم جۆرە ئاماژەیە پۆزەتیڤە، بەڵام گەر هاتوو بە مەبەستی پچڕاندنی قسەی بەرامبەر بەکارهێنرا، دەبێتە ئاماژەیەکی نەرێنی.

٥- بانگکردن:-

لەو کاتەی دەستی ڕاستت درێژدەکەیتو پەنجەی دۆشاو مژەت بە ئاڕاستەی بەرامبەر درێژدەکەیتو بەرەو ڕووی خۆت دەیجوڵێنیت، مانای وایە دەتەوێت بە بەرامبەر بڵێیت: (وەرە بۆ ئێرە)، کە ئاماژەیەکی قبوڵکراوە، چونکە زیاتر وەك شێوازی سزادانو بەربەرەکانی دەردەکەوێت، لە بەرامبەر ئەمەدا چەندین ئاماژەی جوان هەیە دەکرێت بۆ هەمان مەبەست بەکاربێت، بۆ نمونە: درێژکردنەوەی هەموو پەنجەت بەرەو ڕووی بەرامبەرو جوڵاندنی بە ئاڕاستەی خۆتو لەگەڵیشیا دەستەکەی ترت بگریت بە سنگتەوە، وەك ئاماژەیەکی ڕێزدانان.

٦. خۆ بە نەزان نیشاندان:-

گەر کەسێك هەردوو دەستی کردەوەو دوور لە لاشەیو لەپی دەستی بەرەو ڕووی دەرەوەدا کردەوەو یەکێك لە شانەکانی بەرزکردەوەو لەگەڵیشیدا سەری کەمێك بەلای ئەو شانەیدا لارکردەوە، مانای ئەوە دەگەیەنێت، دەیەوێت درۆت لەگەڵ بکاتو خۆی بە نەزان نیشان بدات بەرامبەر ئەو پرسیارەی ئاڕاستەت کردووە.

بە سپۆنسەری
CHILCHAMA
Mob: 07701523831
office: 0533183887

ن: د.حسان شمسی پاشا
و: یەحیا محەممەد عەلی

٤/٢

ئەوەی قژی هەیە با ڕێزی بگرێت

٥- کارتێکەرە دەرەکییەکان:-

ئـەو تاڵەمووەکانی سـەرت ئەوەندە سـادە نییە کـە بە چاو دەیبینیـت، بەڵکو پێکهاتە وردەکەی وایلێکردووە کاریگەر بێت بە کارتێکەرە دەرەکییەکانی وەکو:- تیشکی سەرو وەنەوشەیی، ماددەی کلۆرین کـە دەکرێتە مەلەوانگەکانەوە، ئەو ماددە کیمیاییانەی لە بۆیەکانـی قژدان، یان مـاددە جوانکارییەکان، یان هەندێك جۆری شامپۆ.

خانەکانی سـەرەوەی موو یەکتر دادەپۆشـن بۆئەوەی بەشـی نـاوەوەی موو بپارێـزن کە پێیدەوترێت (سـەلکی موو)، لە کاتی ئاسـاییدا قەدی موو دادەپۆشـرێ بە ماددەیەك کە پێی دەوترێت (sebum)؛ کە بریتییە لە ماددەیەکی چەور ئاسـا کە چەورییە ڕژێنەکان دەریدەدەن، ڕەنگە تیشـکی خۆر، یان ئاوێك، یان خوێنی زۆربێـت، یان کلۆرینی تێکرابێت، بە هۆی ئەوەی تەڕایی لە قەدی موودا نەهێڵن، واتە ماددە چەورییەکە لێبکەنەوە کە دەوری قەدی موی داوە، بەمەش قژ وشك دەبێتو وێران دەبێت.

٦- کرێمە چەورکەرەکان:-

هەندێـك لە گەنجان جۆرێك کرێمی چـەور بەکاردەهێنن کە تایبەتـە بە ڕەونـەق پێدانی قژو بریسـکانەوەی، ئەم جۆرانەش هەندێـك جـار دەبنە هۆی زیانگەیاندن، بـە تایبەت ئەگەر پلەی گەرمی لەو کاتەدا زۆر بەرزبێت.

هەندێـك کرێمی چەور هەیە ماددەی کیمیایی وای تێدایە کە پێکهاتـەی ناوەوەی قژ دەگۆڕێـت، وەك ئەوەی دواتر دەبێتە هۆی لاوازی قژو ئاسان هەڵوەرینو لێبوونەوەی، دەبێتە هۆی ئەوەی کە پێیدەڵێن: (سوتانی کیمیایی قژ)، هەروەك چۆن لەو کەسانەدا ئەم بارە دەبینرێ کە وشـککەرەوە (مجفـفە) بەکاردەهێنن بە پلەیەکی گەرمی بەرز.

دەکـرێ لە جیاتی ئـەو کرێمە چەورکەرانـە، بگەڕێینەوە بۆ سـەرچاوە سروشـتییەکانی وەکو زەیتی زەیتونو بەکارهێنانی لە کاتی گەرماوکردنیشدا.

٧- شامپۆو قژ:-

لە ڕابردووا شامپۆ وا دروستکرابوو تەنها وەك خاوێنکەرەوەیەکی قژ بەکاردەهات، بەڵام ئێستا سنورەکەی فراوانکراوە، جۆریان هەیە خاوکەرەوەیە، هەیانە بۆ چارەسەری کرێشە، هەیانە بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانی قژە....

شـامپۆ لە بنچینـەدا پێکهاتووە لـە مـاددەی خاوێنکەرەوەو هەندێك ماددەی چەوریو هەندێ ماددەی تر، کە مەرجە زیان بە پێستو چاو نەگەیەنێت.

ئامانج لە بەکارهێنانی شـامپۆ لابردنی چەوریو پیسـیەکانی قـژو خاوێن کردنەوەیەتیو کرێـژە ئەگەر هەبێت، بەبێ ڕوودانی هیچ گۆڕانێك لە قژدا وەك وشـکبوون، بژبوون، هەسـتیاری، یان هەر گۆڕانێکی خراپی تر.

شـامپۆی شـل بڵاوترین جۆری شامپۆیە تا باشـترین سودی لێوەرگرین، وا باشە لە پاش بڵاوکردنەوەی شامپۆکە بە سەرماندا بە نەرمی قژمان بشـێلین، واتە پەسـتانی بخەینە سەر، نەك بە نینۆك قژمـان بخورێنین، باشـتریش بۆ لێکردنەوەی شـامپۆکە ئاوێکی شلەتێنی بەلای سارددا بەکاربهێنین نەك ئاوی گەرم.

بەخشینی ڕاستەقینە

ن: د. عبدالكريم بكار
و: ئاسیا صەلاح

کاتێك کە لە بەهاری تەمەنماندایین، بڕوامان وایە کە دڵخۆشی لە تەندروستیو جوانیو ماڵو هەموو ئەو شتانەدایە کە بەدەستی دەهێنین، بەڵام کاتێك دەچینە ناوەڕاستی تەمەنەوە تێدەگەین کە ئاسوودەیی لە بەخشندەییو دڵخۆشکردنی کەسانی تردایە.

هەر لەو قۆناغەدا بڕوامان وایە بەخشندەیی مەزن بریتییە لە پێدانی خواردنو بەخشینی پارە بەو کەسەی پێویستی پێیەتی، کاتێك گەورە دەبینو دەچینە تەمەنەوە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بەخشندەیی ڕاستەقینە بەخشینی ماڵ نییە، بەڵکو شتگەلێکی دیکەیە کە زۆر گرنگترە لە پارەو سامان، کچو کوڕەکانم ئایا دەزانن چییە؟ شتگەلێکە کە پەیوەستن بە ڕۆحو ئەقڵو شارەزاییو کاتەوە:-

* بەخشندەی ڕاستەقینە دەبین کاتێك جەخت لەسەر نزاکردن دەکەینەوە بۆ برایەکمان بە بێئەوەی ئاگادار بێت.

* بەخشندەی ڕاستەقینە دەبین کاتێك لەو کەسە دەبوورین کە هەڵەی بەرامبەر کردووین، دڵەکانمان لە ئاستی پاکو بێگەرد دەبێتەوە.

* بەخشندەی ڕاستەقینە دەبین کاتێك پاساو هێنانەوەی کەسێك قبوڵ دەکەین.

* بەخشندەی ڕاستەقینە دەبین کاتێك بیرۆکەیەکی مەزن پێشکەش دەکەین، ژیانی مرۆڤ دەگۆڕێت بەرەو باشترو چاکتر.

* بەخشندەی ڕاستەقینە دەبین کاتێك دەبینە سەرخەری خێرو سەرکەوتن، لە دڵەوە هاندەرێکی دڵسۆزی دەبین.

* بەخشندەی ڕاستەقینە دەبین کاتێك هاونیشتیمانییەکی چاکساز دەبین، بەشدار دەبین لە پڕکردنەوەی کەموکورتی نیشتیمان.

* بەخشندەی ڕاستەقینە دەبین کاتێك کەسەکان بە بوونی ئێمە وا هەست بکەن ژیان دڵفڕێنە.

* بەخشندەی ڕاستەقینە دەبین کاتێك قوربانی دەدەین بە کاتمان، بۆ پێشکەشکردنی خزمەتێکی مرۆڤانە.

* بەخشندەی ڕاستەقینە دەبین کاتێك ڕێز دەنوێنین بۆ ئەو کەسەی کە شایەنی نییە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی سروشتی خۆمان گوێ نادات بەوە.

یەکێك لە فەیلەسوفەکان دەڵێت: "بەخشینی شتە ماددییەکان، هێندەی بەخشینی بیرۆکەیەك بەبەها نییە، بگرە ئەنگوستیلەو گەوهەرو هەموو ئەو شتە مادییانەی پێشکەشی دەکەین، بەو کەسانەی خۆشمان دەوێن، دیارییەکی ڕاستەقینە نین، بەڵکو پاساو هێنانەوەیە بۆ دیارییە ڕاستییەکان، چونکە تاکە دیاری ڕاستەقینە تۆزقاڵێکە لە ڕۆح).

کچو کوڕەکانم بە وردی لەم فەرموودەیەی خودای باڵادەست ڕابمێنن:

﴿وَالَّذِينَ جَاءُو مِنْ بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالْإِيمَانِ وَلَا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلًّا لِلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا إِنَّكَ رَءُوفٌ رَحِيمٌ ۝١٠﴾ الحشر: ١٠

واتە:- " ئەو کەسانەی دواتر موسڵمان بوون دەڵێن: خودایە گیان لە ئێمەو لەو برایانەشمان کە پێشمان کەوتوون لە موسڵمانبووندا خۆش ببە، کینەو بەخیلی مەخەرە ناو دڵمانەوە بەرامبەر بەوانەی باوەڕیان بە خوداو پێغەمبەری خودا هەیە، خودایە گیان هەر خۆت میهرەبانو بەبەزەییت "

پێشەوامان "درودی خودای لێبێت" "دەفەرموێت: نزاکردنی کەسێك بۆ براکەی بە پەنهانی گیرایە، هەر کات نزا بۆ براکەت بکەیت بە باشە، ئەوا فریشتەیەك هەمان شت بۆ تۆ داوا دەکاتەوە.

پێغەمبەران (سەلامی خودایان لێبێت) خاوەن ماڵو سامان نەبوون، تەنها لە چەند حاڵەتێکی شازدا نەبێت، بەڵام ئەوەی پێشکەشی ئوممەتیان کردووە شتگەلێکی مادی نەبوون، بەڵکو تێڕوانینو ڕێساو فیکرو ئامانجو مەبەستە گرنگەکانیان گەیاندووە، هەر بە هۆی ئەوانیش هەموو چاکخوازە خواپەرستەکان سەریان هەڵداوە بە درێژایی مێژووی ئوممەتی ئیسلامی.

ئەمە چی دەگەیەنێت لای کچو کوڕەکانم؟

١- هەوڵی تەواوی خۆتان بدەن بۆ دڵخۆشکردنی ئەو کەسانەی لە چواردەورتانن، ئەوە ئەوپەڕی بەخشندەییە.

٢- کاتێك بە دڵسۆزی خزمەتێك دەکەین بە موسوڵمانێك، لە ڕاستیدا بۆ خودی خۆمانی دەکەین، لەبەرئەوەی بەم کارە دەبینە شایستەی میهری خودایی.

٣- لە سەرکەوتنی هاوەڵانتان مەترسن، بگرە ئەوە سەرکەوتنی ئوممەتە، ئێوەش بەشێکن لەوە.

٤- زەردەخەنەو یەکتر قبوڵکردنو نەرمی نواندنو گرنگی پێدانو سۆزبەخشین، لەو شتانەن کە خەڵکی زیاترین پێویستییان پێیانە، پێویستە کە زیاترین بەکاربەری بین.

وەها گوزەران بکە، کە بۆ هەمیشە دەژیت بەڵام تێڕوانینت وابێت کە سبەینێ دەمریت

و: کیژان فەرەج

عومەری کوڕی خەتتاب (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێت: (هێندە کار بۆ دونیات بکە وەك ئەوەی بۆ هەمیشە تیایدا دەژیت، هێندەش کار بۆ قیامەتت بکە وەك ئەوەی سبەینێ تیای دەمریت).

ئەوەتـا تا ئێسـتا تۆ زیندویـتو بەردەوامیت لـە ژیانو ئەم گۆڤـارە دەخوێنیتـەوە، کەوابوو مژدەت لێبێت بـەوەی چەندین هەلـی زێڕینت لەبەردەسـتدایە کە لەوانەیە زۆرێـك خەڵکی لە دەستیان دابێت لەوانە:-

- هەلی ژیانێکی نوێت لەبەردەستە بەدوور لە چەقبەستوویی.
- هەلی خۆشـی بینین لەو شـتانەی کە خـودای گەورە ڕێی پێداویتو خستویەتییە بەردەمت.
- هەلـی ئاشـکراکردنی ئەو خۆشەویسـتییەی لـە ناختدایە بەرامبەر بە کەسانی چواردەورت.
- هەلـی ئاشـتبوونەوەت لەگـەڵ ئەو کەسـانەی ناخۆشـیت لەگەڵیاندا هەبووە.
- هەلی چاککردنت لەگەڵ چواردەورتدا جا بە پارە بێت، یان بە قسەی شیرین.

ژیان جوانە، ئەوەشی ژیانی پێکهێناوە جوانە.

ژیان پڕیەتی لە هیواو خەونی گەشـاوە، جا ئەمڕۆ بێت، یان سـبەی ڕۆژێك هەر دێتو ئەم خەونانەمان بۆ ببێت بە ڕاسـتی، کەوابـوو پلان دابنێ، هەوڵ بـدە، فێر ببە، ئامانجی گەورەت هەر بخوێنەوە، تەکنیك بەدەسـتبهێنە، تاقیبکـەرەوە، بیربکەرەوە، وا هەوڵ بدە وەك ئەوەی بۆ هەتا هەتایە بژیت.

بەڵام، ئاگاداربە شـتێك هەیە نابێت هەرگیز لە یادی بکەیت، ئەویش مردنە کە هـەر لە کاتی لەدایکبوونتەوە خۆی بۆ مەڵاس داویت، بەڵام هەڵنەخەڵەتابیو وا تێبگەیت کە مردن لەگەڵ هیواو ئـاواتو پلاندانان ناگونجێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەوەی ئەرکی سەرشانی ئێمەیە ئەوەیە لە ژیانماندا هیوایەکمان هەبێتو هەوڵی بۆ بدەین، تاکو بە دەستی بهێنینو ئەو ڕاستیەشمان لەیاد نەچێت هەموو کارەکان لە سەرەتاوە تا کۆتایی بە دەستی خودایەو ڕۆژێك دێت دەگەڕێینەوە بۆلای خۆی، کەوابوو (بۆ کوێ ڕادەکەیت ڕۆژێك هەر دێت!)

خـودای گەورە دەفەرموێت: (أینمـا تکونوا یدرککم الموت ولو کنتم فی بروج مشـیدة) واتە: (ئێوە لە هەر شـوێنێك بن مردن یەخەتان پێدەگرێت، با لە قەڵایەکی پارێزراویشـدا بن)، بەڵام تکا دەکەین...

بە ژیانتەوە پەیوەسـت بـە، چونکە دڵنیابـە کۆمەڵە کارێك هەیـە ئاواتە خوازەو چاوەڕێتە بەرەو ڕووی بڕۆیتو لە خەیاڵەوە بیکەیتە ڕاستی، نەوەك بە پێچەوانەوە لە دەستی ڕابکەیت.

زۆر ئاسـاییە مرۆڤ ڕابکات لەو شـتەی لێی دەترسێت، بەڵام ئەوە نائاسـاییە کەسێك هەموو ژیانی بە ڕاکردنەوە بەرێتە سەر لەو شـتانەی لێی دەترسـێت، باشترین چارەسەریش بۆ ئەم ترسە (بـاوەڕە)، کەوا دەکات ڕەزامەند بیت لەسـەر ئەو قەدەرەی خودا پـێ بەخشـیوین، هەندێك لە خەڵکـی وا بیردەکەنەوە کە مرۆڤ دەتوانێت خۆی لە ڕاستەقینەی مردن دەرباز بکات، لە ژێر سایەی تەندروستییەکی باش، یاخود تەمەنێکی لاوێتی، یان لە ژێر سایەی سەروەتو سامانو پلەو پایەیەکی بەرزەوە.

نەخێر، نازیزم.. لە ڕاستیدا ئەمانە هەمووی تۆزی بە با چوون لە بەرامبەر ڕاستی مردندا.

کەوابوو گەر مردنێك لە پێشـمان بێتو ژیانێکی بێ کۆتامان بۆ سـەقامگیر بکات، دەبێت ئاگاداربیـن کارگەلێك ئەنجام بدەین، کـە دوای مردن دڵخۆشـمان بـکات، هەر لە پێناو ئـەم ئامانجەدا ژیان گوزەراندن، وا دەکات هەمیشـە ژیانێکی پڕ ئارامیو دوور لە دڵەڕاوکێ ببەیتەسەر.

جۆرەکانی بیروباوەڕ

جۆری سێیەم:- باوەڕ بەرامبەر هۆکارەکان:--

ئەم شێوەیە لە باوەڕ دەبێتە پاڵنەری هەر هەڵوێستێك، ئاکامی ئەو هەڵوێستەشە، باوەڕی نەرێنی ئەم شتانەش دەگرێتەوە:--

(گەر دەوڵەمەندبم ڕەنگە ببێتە هۆکاری لەدەستدانی خێزانم! جگەرەکێشان دەبێتە هۆی ئارام کردنەوەم! پانکەو موبەریدەو سپلێت دەبێتە هۆی سەرمابوونو پاشان نەخۆش کەوتنم! من توڕەم هۆکارەکەشی ئەو شێوە پەروەردەیەیە کە لەسەری گەورەکراوم!).

نموونەیەکی تر:- هاوڕێیەکم هەیە خاوەنی چێشتخانەیەکە لە مۆنتریال کە ژەمی سوك پێشکەش بە کڕیارانی دەکات، ئەم هاوڕێیەم بەشێوەیەکی مەترسیدار جگەرەی دەکێشاو قاوەیەکی زۆریشی دەخواردەوە، لە ماوەی تەمەنیدا پشویەکی بە خۆی نەداوەو بەردەوام لە کاردابووە، بگرە ڕۆژانە بە لایەنی کەمەوە (١٢) کاتژمێر کاری دەکرد لە (٧) ڕۆژی هەفتەدا، ڕۆژێکیان دوای نیوەڕۆکەیو لە کاتی کارکردنی وەك ڕۆژانی ڕابردوویو لە کاتی تەواوکردنو خواردنەوەی دەهەمین کوپە قاوەیو ڕۆچوونی لە جگەرەکێشاندا بورایەوە، خێرا گواستیانەوە بۆ نەخۆشخانەو پزیشك چاوی پێکەوتو بۆی دەرکەوت کە توشی جەڵتەی مێشك بووەو بە خێرایی نەشتەرگەریەکیان بۆ ئەنجامدا، بە وتەی پزیشکەکە بەشێوەیەکی سەراسیما ژیانی لە مردن ڕزگاری بووە، بەڵام بە داخەوە کە ئاکامی جەڵدەکە بووە هۆکاری ئەوەی کە لای چەپی تووشی ئیفلیجی ببێت، دوای ئەوەی تۆزێك حاڵی باشبوو چووم بۆ سەردانی لە نەخۆشخانە، سەیری کردمو بە گریانەوە پێی وتم:- بینیت چیم بەسەرهات؟ وتم:- بەڵێ، وتی: پزیشك پێی وتووم گەر واز لە جگەرەکێشانو قاوەخواردنەوە نەهێنم، ئەوا دەبنە هۆکاری مردنم.. ئێستا باسی ئەم هاوڕێیەم دەکەم بزانین چی لێبەسەرهاتووە:- ئەم هاوڕێیەم دەیزانی کە کێشانی (٣) پاکەت جگەرەو خواردنەوەی (٢٠- ٢٥) کوپ قاوە لە ڕۆژێکداو پشوونەدان بە هیچ شێوەیەكو کارکردن لە ژێر فشارێکی بەردەوامدا، ئەوا ڕەچەتەیەکی زۆر باشو تەواوە بۆ خۆکوشتن، تاکو تەندروستی باش بوو لەسەر ئەو شێوە ژیانەی بەردەوام بوووە لە پڕێکدا کارەساتەکە ڕوویدا، بەم شێوەیە باوەڕی بەرامبەر هۆکارەکان بە تەواوەتی گۆڕا، لە بری ئەوەی کە باوەڕی وابوو جگەرەکێشان دەبێتە هۆکاری ئارامی بۆی، ئێستا باوەڕی وایە کە ڕەنگە جگەرەکێشان ببێتە هۆکاری مردنو لە دەستدانی ژیانی، ئەم باوەڕە نوێیە بووە هۆکاری هەنگاو نانێکی ئیجابی بەرەو ژیانێکی تەندروستو نوێ، ئێستا تەندروستی لە (٨٠٪) لە باشیدایەوە بۆ یەکەم جار دوای (٤٠) ساڵ لەگەڵ خێزانەکەیدا بۆ سەردان چوون بۆ مەکسیك.

جۆری چوارەم:- باوەڕ بەرامبەر ڕابردوو:-

ئەوەی کە لە ڕابردوودا ڕووی داوە لە ژیانی تۆدا ئیتر ئەرێنی بێت، یا نەرێنی ئەوە بەرهەمێك لە ئەزموونی پێداوی کە جوڵێنەرو ئاگادارکەرەوەی سێ جۆرەکەی ترە لە باوەڕ، کاریگەری هەیە لەسەر ڕەفتارو تەحەکوم دەکات بە هەڵسوکەوتەوە.

چیا عەبدوڵا

نموونەیەك:- هاوڕێیەکم هەموو تەمەنی لە بواری میوانخانەو ئوتێلەکاندا بردەسەر لە نێوەندی خوێندنو گەشتو کاردا تا گەیشتە ئاواتەکەیو بوو بە بەڕێوەبەری میوانخانەیەکی گەورە، باوەڕی وابوو کە بە شێوەیەکی دروست دەڕوات، تا لە ساڵی (١٩٨٦) دا فەسڵیان کرد، ماوەی (٦) مانگ گیرۆدەی خەمێکی گەورەبوو بەو هۆیەوە، پاشان لە میوانخانەیەکی تر کاری دۆزییەوە، ئەوەندەی کە لە کارەکەیدا متمانەی بە تواناو کارەکەی بۆ دروستبوو، بەڵام بۆ دووەم جار فەسڵ کرایەوە، بە تەواوەتی داڕووخا، ئیتر هیممەتو متمانەبوون بە خود کەوتە سەر زەوی، بگرە ئامادەنەبوو لەگەڵ کەسیشدا بدوێت تا ماوەیەکی زۆر، لە دوایدا وەك ڕاوێژکاری بەڕێوەبەری زنجیرە میوانخانەیەك دامەزرا، دەزانی چی ڕوویدا؟ دیسان فەسڵ کرایەوە، ئیتر بڕیاریدا کە بە تەواوەتی واز لە بواری میوانخانەو چێشتخانە بهێنێت، بەو بڕە پارەی کە کۆی کردبووەوە بەنزینخانەیەکی کردەوەو ئەم پرۆژەیەی بە ئاسوودەیی قبوڵ کرد، پەیمانی بەخۆیدا کە هەرگیز لە بواری میوانخانەدا کار نەکات، بۆ حسابی کەسیش کار نەکات، ئێستا بابزانین چی ڕوویداوە لە ژیانی ئەم هاوڕێیەمدا کە کاریگەری هەبوو لەسەر سێ جۆرەکەی تری باوەڕ:-

باوەڕی بەرامبەر بەهۆکارەکان:- باوەڕی بەرامبەر بە هۆکارەکان وابوو کە کارکردن لە میوانخانەدا دەبێتە هۆکاری زەرەرو فەسڵ کردنی..

باوەڕی بەرامبەر بە ماناکان:- باوەڕی بەرامبەر بە ماناکان ئەوەبوو کە کارکردن لە میوانخانەدا یەکسانە بە ئازار..

باوەڕی بەرامبەر بەخود:- وای لێکرد بە خۆی بڵێ من بە کاری ئەم بوارە نایەم.

لە ئاکامی ئەو ئەزموونەی کە لە ڕابردوودا پیای ڕۆیشتووم بۆم دەرکەوت کە باوەڕت بەرامبەر بەڕابردووت کاریگەری هەیە لەسەر ئێستاو ئایندەت، هۆکارێك دەبێت بۆ هەنگاونانت بە ئاراستەیەکی دیاریکراو، یان بەدوورکەوتنەوەت لەو ئاراستەیە بە تەواوەتی.

جۆری پێنجەم:- باوەڕ بەرامبەر بە ئایندە:-

ئایندە لای هەندێك کەس ڕۆشنە بەو مانایەی کە هەلی زیاتری بۆ دێتە پێشو ئاستی ئابوریشی بەرزتر دەبێتەوە، لەلای هەندێکی تر تاریکەو هەل بۆ هاتنە پێشی زۆر لاوازە، نموونە:- بانگهێشتکرام بۆ وتاردان لە زانکۆ گەورەکان سەبارەت بە دەستکەوتەکان، لە دوای وتارەکەم کۆمەڵێك گەنج لە کوڕو کچ هاتن بۆ لامو وتیان: هەموو ئەوانەی کەتۆ وتتو باستکرد ڕاستەو وایە، بەڵام تەنها لەسەر لاپەڕەی پەرتووکو دەفتەرەکان نەك لە مەیدانی ژیاندا، لێم پرسین:- چی وای لێکردن کە وابڵێن؟ گەنجێکیان وتی:- چونکە زۆربەی ئەو لاوانەی کە خوێندنیان تەواوکردووە تائێستا بێکارن، ئەم حاڵەتەش بەسەر ئێمەدا دووبارە دەبێتەوە بەو مانایەی کە ئایندەمان نابێت، وتم:- کەسێك دەناسیت ڕاستەوخۆ لە دوای تەواوکردنی خوێندن خێرا دەستبەکاربووبێت بە واتای دامەزرابێت؟ پاش کەمێك وەستانو وتی: بەڵێ ڕێژەیەکی کەم دامەزراون، بەڵام ئەوان بەختیان باش بوو، چونکە کەسێکی تر ئیشی نەدۆزیوەتەوە، وتم:- با چیرۆکێکت بۆ بگێڕمەوە، ساڵی (١٩٧٨) چووم بۆ کەنەدا هەموو ئەو عەرەبانەی کە لەوێ بوون بێکاربوونو پێیان وتم کە ماوەی ساڵێکە لێرەینو بێکارین، ئامۆژگاریان کردم کە بگەڕێمەوە بۆ میسر، چونکە لێرە کار نادۆزمەوە، دوو هەڵبژاردن لە بەردەمی مندا بوو:- یان ئەوەیە بە قسەیان بکەمو هیممەتم دابەزێتو ئاوات لەدەست بدەم، یان دابەزمە بازاڕەوەو دەست بکەم بە گەڕانێکی چڕ تا کارێك دەدۆزمەوە، بڕیارمدا کە کار بدۆزمەوە، لە ماوەی کەمتر لە (٤٨) کاتژمێر پێشنیاری دووکارم لەبەردەستدا بوو، یەکەم پلیکانەی هەوڵدانم بەقاپ شتن دەستپێکرد، لە ماوەی (٨) ساڵدا بووم بە بەڕێوەبەری میوانخانەیەکی گەورە، ئێوەش دەبێت خۆتان هەڵبژێرن، یان ئەوەتا تەرکیز بخەنە سەر گلەییو گازندەو لە ئایندەدا کارتان نابێت، یان تەرکیز بخەنە سەرئەوەی کەکار دەدۆزنەوەو دەیکەنە پلیکانەی گەیشتن بە ئاواتەکانتان، چی هەڵدەبژێرن؟ بە ڕوویەکی گەشەوە وتیان بە شوێن کاردا دەگەڕێین، بەڵام کارمان نەدۆزییەوە چی بکەین؟ وتم: هەوڵ بدەن جارێك دوان سیان تا ئاواتتان بەدی دێنن.

ئێستا باسی باوەڕەکان دەکەین کە ئایا چۆن لە بەرژەوەندیت کاردەکاتو چۆن لە دژیشت کاردەکات، ئەو کەسانەی کە بەردەوامن لە جگەرەکێشان:-

باوەڕیان دەربارەی هۆکار:- گەرواز لە جگەرەکێشان بهێنم کێشم زیاد دەکات.

باوەڕیان دەربارەی خود:- من جگەرەکێشەمو خۆشی لێدەبینم.

باوەڕیان دەربارەی ڕابردوو:- باوکم جگەرەکێش بووەو ماوەی (٨٥) ساڵ ژیاوە بەبێئەوەی کێشەی تەندروستی بۆ دروست بووبێت.

باوەڕیان دەربارەی ئایندە:- ناتوانم وێنای خۆم بکەم بێ جگەرە کێشان، لەبەرئەوە هەتا ماوم جگەرەدەکێشم.

بەڵام ئەگەر تووشی نەخۆشییەکی مەترسیدار ببێت بە هۆی جگەرەکێشانەوەو لە خۆشی بەختییەوە لە ژیاندا بمێنێت، ئەوا ڕەنگە باوەڕەکانی بەمشێوەیە بگۆڕێت:-

دەربارەی مانا:- جگەرە مانای ئازارو مردنە.

دەربارەی هۆکار:- گەر جگەرە بکێشم دەمرم.

دەربارەی خود:- من کەسێکم جگەرە ناکێشم.

دەربارەی ڕابردوو:- خەڵکێکی زۆر دەزانم کە بە هۆی جگەرەکێشانەوە مردوون، بەڵام باوکت خۆش بەخت بووە کە ئەو تەمەنە زۆرە ماوە.

دەربارەی ئایندە:- هەرگیز جارێکی تر جگەرە ناکێشمەوە.

یاسای ئەم باوەڕە بە تەواوەتیو هەموو شێوەکانییەوە پێکەوە کاردەکەن، گەر یەکێك لەو باوەڕانە بگۆڕێت، ئەوا دەتوانی هەموویان بگۆڕێتو بەختەوەربیتو تەندروستیت باشتربێت (د. جیمس ماکۆناڵ) لە پەرتوکی (تێگەیشتن لە ڕەفتاری مرۆیی)دا دەڵێت:-

(ئەو باوەڕانەی کە قبوڵمان کردووە بەردەوام تێکەڵ بە ئەزموونەکانمان دەبێت لە ئاکامدا، یان تەندروست باش دەبین، یا نەخۆش). ئێستا تۆ زانیاری تەواوەتی دەربارەی باوەڕ دەزانیت، لە هۆکارەکانیو وەچۆن باوەڕی نەرێنی تواناکانت سنووردار دەکات لەسەرکەوتندا، چۆن باوەڕی ئەرێنی دەتوانێت توانات زیاد بکاتو هاوکاریت بکات کە بە ئاواتەکانتەوە بژیت.

پەیڤی خوێنەرانی بڕیار بۆ بڕیار

ئا: ڕۆشنا صاڵح

گۆڤاری بڕیار قومەئاوی یاقوتی سۆزە بۆ هاوڕێیانی، سێبەری داری هیوای پڕ بەرە بۆ ڕێبوارە مەلول‌و ماندووەکان، کەناری دەریایەکی ئارام‌و خەمڕەوێنە بۆ مرۆڤە خەمگینەکان، تیشکی زێڕینی خۆری دەم بەیانە بۆ مرۆڤە ئامانجدارەکان، شەش ساڵە گۆڤاری بڕیار هەگبەی پڕە لە وشەی زێڕینی مرۆڤگەلێکی ماندوونەناس‌و بە ئەزموون‌و دڵسۆزو خەمخۆر، کە لێوان لێوە لە حیکمەت‌و وەفاو دانایی، گوڵاوڕێژکراوە بە موحیبەت‌و سۆزو بەخشین‌و کامەرانی، بەرنامەی کارییەتی‌و سەرفرازی‌و سەرکەوتنی تاک‌و وڵات، گۆڤاری بڕیار ئامانجییەتی دکتۆرانە دەردی دڵ‌و دەروونەکان، دەستنیشان‌و چارەسەر بکات، لە ڕێگای وشەو بابەتە جوان‌و بەپێزەکانیان، کە پڕن لە هاندان‌و ڕێنیشاندان، بڕیار لە ڕێگەی بابەبەتە گەشەپێدان‌و پەروەردەییەکانییەوە دەیەوێت هەر یەك لە ئێمەی مرۆڤ چیرۆکی ژیانمان پڕ لە هەوڵ‌و هیواو داهێنان‌و سەرکەوتن بێت، بڕیار دەیەوێت هەمیشە کەسانێکی کاریگەرو بەرچاوڕون‌و هۆشیارو سودمەندبین بۆ دەوروبەر.

بە بۆنەی داگیرساندنی مۆمی حەوتەمین ساڵیادی گۆڤاری بڕیارەوە وەك نوسەرێك لە ناخی دڵەوە جوانترین چەپکەگوڵی پیرۆزبایی، گوڵاوڕێژەکەم بە موحیبەت‌و وەفاو ئاراستەی ستافی گۆڤاری بڕیارو خوێنەرانی ئازیزی دەکەم، هیواخوازم ساڵی ئایندەی گەشترو پڕ لە نوێگەری بێت‌و بگاتە لوتکەی سەرکەوتن.

ئازیزانم لە ساڵیادی گۆڤاری بڕیاردا بەخۆشحاڵییەوە بووینە میوانی ڕۆحی بێگەردی چەند خوێنەرێکی ئازیزی‌و بەتاسەوە گوێمان لە سەرنج‌و ڕاکانیان گرت، دەربارەی هاوڕێ هەمیشەییەکەیان گۆڤاری بڕیار، لە ڕێگەی ئەم پرسیارانەوە ڕازی دڵیان بۆ گۆڤارەکەمان واڵاکرد:-

- پێناسەت بۆ گۆڤاری بڕیار چییە؟ وەك خوێنەرێك چ سودێکت لێوەرگرتووە؟ ماوەی چەندێکە خوێنەری ئەم گۆڤارەیت‌و چەند ژمارەت هەیە؟ کام لە بەشەکانی کارگێڕی‌و گەشەپێدان‌و پەروەردە زیاتر کاریگەرترن لای تۆ؟

(بڕوا یوسف)، خوێندکاری زانکۆ: سەرەتا لە ساڵیادی گۆڤارەکەتان پیرۆزبایی ئاراستەی هەموو ئەو خۆشەویستانە دەکەم کە دەستیان هەبووە لە دروستکردنی ئەم کانیاوە جوانە، بڕیار ئەو کانیاوە سازگارو جوانەیە کە هەرکەسێك تینوی بێت، تینوایەتی دەشکێنێت، جیاوازی بڕیار ئەوەیە لەگەڵ تینوشکاندنەکەی دووبارە تینویەکی ترت بۆ زیاد دەکات، من وەکو خوێنەرێکی ئەم گۆڤارە بەڕاستی سودێکی زۆری پێگەیاندووم، حەزی نوسینی لەلا زیادکردوم، بەتایبەتی بابەتی جوانسازی‌و ڕازاندنەوەی ژیان‌و هیوابوون لە ژیاندا، هەموو بەشەکانی ئەم گۆڤارە بەسودە وەکو خۆی خزمەتێکی ناوازە دەکەن، ئومێدەوارم بەردەوام بن‌و خوای گەورە یارمەتی دەرتان بێت.

ماموٚستا ئاشنا خلیل: وەك خوێنەرێك پێموایە گۆڤاری بڕیار هاوڕێیەکی ڕاستگۆو ڕاستەقینەیە، یەکێکە لە هاوڕێ دەگمەنەکان، تەنها گۆڤاری بڕیار دەتوانێت لە ناخی مرۆڤەکان تێبگات‌و مرۆڤەکان بخوێنێتەوەو بە دوای بەختەوەرییەکان‌و چارەسەری کێشەی مرۆڤەکاندا بگەڕێت، بڕیار وەك ئاوێنەوایە، خوێنەرەکانی خۆیانی تیادا دەبیننەوە لە هەموو بەشەکاندا، بە تایبەت بەشی گەشەپێدان‌و چیرۆك زۆرتر سودمەندبووم لێیان..

پێشنیارم بۆ گۆڤاری بڕیار، گەربکرێت سەرنوسەر سیمینارێك کۆڕێك ببەستێت‌و دەربارەی چۆنییەتی بەدیهێنانی ئامانجەکان‌و نەترسان لە بەربەست‌و لەمپەرەکان بۆمان بدوێت!

محمد سەروەر خوێندکار: گۆڤاری بڕیار یەکێکە لە هەرە سەرکەوتوترین گۆڤارەکانی کوردستان، کە ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە پێگەیاندنی خودی خوێنەرەکانی‌و ڕێگاکانی ژیانی زیاتر بۆ

ڕۆشـــنکردونەتەوە، گۆڤاری بڕیار دەتوانرێت لە زۆر ڕووەوە سودی لێوەربگیرێـــت، من وەك خۆم لە ڕووی گەشـــەپێدانو پەروەردەوە زۆر لێی سودمەندبووم، هەروەها لە ڕوویەکی تریشەوە زۆر گرنگە ڕێنموونی مرۆڤ دەکات بۆ ئاشنابوونو زیاتر ناسینی کردگارەکەی، بڕیار هاوڕێی ژیانمە، تائێستا خاوەنی ٧١ ژمارەی گۆڤارەکەم، واتە لە ژمارە (١ تا ٧١)، هیوادارم لە ســـاڵی داهاتوو بە بەرگێکی نوێوەو زیاتر خزمەتی گەنجان بکەنو زیاتر بابەتەکانتان ڕێنمونی گەنجان بـــکات، بە هیوام لـــە ئەزمونی زێڕینی بە تەمەنەکان بێبەشـــمان نەکەن، هیوام بەردەوامیو سەرکەوتنتانە!

شـــەپۆل عوسمان دەرچوی پەیمانگای کارگێڕی:- گۆڤاری بڕیار ئەو گۆڤارەیە کە پڕیەتی لە وتەی جوانو بەســـود، لەگەڵ زانستو زانیاریو پەروەردەو فێرکردن، بڕیار وا لەخوێنەر دەکات کەســـێکی ســـەرکەوتووبێت لە ژیاندا، بە هیواوە بـــژیو ئەم وتە جوانانە لە ژیانماندا بکەینە کردارو مرۆڤانە ڕەفتار بکەین، لە گشت بوارەکاندا بە تایبەت گەشەپێدانی زۆر سودمەندبووم، ٣٣ ژمارەی ئەم گۆڤارە ڕەنگینەم هەیە، پێشنیارم بۆ گۆڤارەکەتان نرخەکەی گەر بتوانرێت کـــەم بکرێتەوە، بۆئەوەی زۆرتریـــن کەس توانای کڕینیان هەبێتو ســـودمەندبن لێـــی، هەروەها گـــەر بەرگی پشـــتەوەی گۆڤارەکەش دیزاینەکەی بگۆڕن زۆر باشەبێت، هیوام بەردەوامیو سەرکەوتنتانە.

بەیـــان خـــان قوتابـــی پەیمانگا:- ســـودی زۆرم لـــە گۆڤاری بڕیـــار وەرگرتـــووە، بەتایبەت لـــە بواری خێزانیو گەشـــەپێدانو کۆمەڵایەتی، لە ژمارە (٣)وە خوێنەرێکی بەردەوامی ئەم گۆڤارەم، پێشـــنیارم بۆ ســـاڵی ئاینـــدەی گۆڤارەکەتان، ئەوەیە کـــە بابەتی پـــەروەردەی خێزانیو تۆکمەکردنی خێـــزان لە گۆڤارەکەتان زیاتر پەرەی پێبدرێـــت، بۆ ئەوەی خێزانەکانی نێو کۆمەڵگاکەمان ببنە خێزانێکی پتەوو بەختەوەرو کامەران.

(بەهادین عەبدوڵا): خاوەنی کتێبخانەی شـــادییە بۆ فرۆشتنی ڕۆژنامەو گۆڤار لە هەڵەبجەی شەهید، لە وەڵامی ئەو پرسیارەماندا ئایا پێشوازی خوێنەر بۆ گۆڤاری بڕیار چۆنە؟ وتی: گۆڤاری بڕیار لە ڕیزبەندی دووەمدایە لە نێو گۆڤارەکاندا، بە هیوام ساڵی ئایندە بابەتی بەپێزترو بەســـوودتری زیاتر بێت، هیوای ســـەرکەوتن بۆ هەموو نوسەرانو بەڕێوەبەرانی گۆڤاری بڕیار دەخوازم.

عوســـمان سەنگاوی... سەرەتا پیرۆزبایی لەیەکە یەکەی ستافی گۆڤارەکەتان دەکەم، بەهیوای داهێنانی نوێو خزمەتی بەردەوام.

بڕیار وەکو گۆڤارێك دەتوانم بڵێم داهێنانێکی نوێبوو لە ڕووی بابەتییەوە، بەتایبەتی کە بابەتە بڵاوکراوەکانی ناو بڕیار خوێنەر واهەســـتدەکات بۆ ئەو نوسراوەو لەگەڵ ناخی ئەودا دەدوێت، ئەوە بێجگە لە لایەنی هونەری کە حورمەتی بۆ خوێنەر گەڕاندۆتەوە، دەخوازم بۆ ساڵی نوێی بڕیار ستراتیژی گۆڤارەکە بۆ ساڵی ئایندە دیاری بکرێتو بتوانرێت کۆڕو سیمیناری تایبەت بە گەشەپێدانو پەروەردە بە چاودێری گۆڤاری بڕیار ساز بکرێتو خوێنەری زیاتر بە بڕیار ئاشـــنا بکرێت، ئاوڕدانەوە لە کۆمەڵگای کوردیش بکرێتە یەکێك لە سەرچاوەکانی بابەتی بڕیار، چونکە لەم کۆمەڵگەیەشدا چیرۆکو بەســـەرهاتی وەها کاریگـــەر هەیە کە گونجاوبێت لەگەڵ ستایلی گۆڤارەکە، بە هیوای سەرکەوتنو خۆشیتان..

بۆ بڕیار

چاپك بابان

خەندەی لێوی
شادی دڵی
لە گوڵزاری کوردستانا تۆ شاگوڵی
سروەی ناخی
چرپەی ڕۆحی
نوری نیگای
بۆ تاریکستانی ژین چرای
هەنگوینە وتەی شیرینت
دەرمانە پەیڤی ڕەنگینت
بڕیار
ڕابەری سەرکەوتن
پێشەنگی بەرزی نەسرەوتن
پێشکەوتنو گەشەپێدان
ئامانجی بەرزو هەوڵدان
خۆشەویستی ئەوینی پاك
میهرو بەزەییو دڵی پاك
بنیاتنانی مرۆڤی چاك
بڕیار ئەمانە کاری تۆن
پەیامی بەرزو جوانی تۆن!!

زیرەکی | باڵۆڵ «٢٣»

باڵۆڵو گەشتیار

دەچینەوە خزمەت یەکێك لە چیرۆکەکانی حەکیم، کە باس لە بیرتیژیو لێهاتوویی‌و زانایی باڵۆڵی حەکیم دەکات، لە هەر شوێنێك وەزیرو زاناکان دەستەوەستان بوونایە لە بەرامبەر پرسیارو رووداوو پێشهاتەکان، دەستبەجێ بە دوای حەکیمدا دەگەڕانو چارەسەریان لە هەگبەی پڕ حیکمەتو دانایی باڵووڵدا چنگ دەکەوت..

جارێکیان گەشتیارێکی بیانی هاتە نێوشاری بەغداد، ڕۆیشت بۆ کۆشکی خەلیفە هارون، لەو کاتەدا خەلیفەو وەزیرەکانو زانایان ئامادەی کۆڕو کۆبوونەوەی خەلیفە بوون، گەشتیار دوای سڵاوکردنو حەوانەوەو دوای مۆڵەت وەرگرتن لە جەنابی خەلیفە، چەند پرسیارێکی ئاراستەی وەزیرانو زانایانی ئامادەبوو کرد، بەڵام هیچ کام لەوان نەیانتوانی وەڵامی پرسیارەکانی گەشتیارەکە بداتەوە..

بەوەش خەلیفە زۆر توڕەبوو، بە وەزیرانو زانایانی گوت: ئەگەر وەڵامی پرسیارەکانی ئەو گەشتیارە نەدەنەوە، ئەوە هەموو سامانەکەی ئێوە دەبەخشم بەو گەشتیارە!

ئامادەبووان داوای ٢٤ کاتژمێر مۆڵەتیان کرد، خەلیفەش مۆڵەتی دان.. یەکێك لە وەزیرەکان وتی: تەنها چارەسەر ئەوەیە کە باڵۆڵی حەکیم بدۆزینەوە، چونکە تەنها حەکیم دەتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارە ئاڵۆزانە بداتەوە، گەڕان تا باڵۆڵیان دۆزییەوە، کاتێك هەواڵەکەیان بە حەکیم ڕاگەیاند، حەکیم ئامادەیی نیشاندا بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی گەشتیارەکە.

بۆ سبەی کە بڕیاربوو وەڵامی پرسیارەکانی گەشتیارەکە بدەنەوە، باڵۆڵی حەکیم ئامادەبوو، ڕووبەڕوی گەشتیارەکە وەستاو وتی: هەر پرسیارێکت هەیە ئاڕاستەی منی بکە، تا وەڵامی دروستت بدەمەوە..

گەشتیارەکە بە عەصاکەی بازنەیەکی کێشا، دواتر ڕووی کردە باڵۆڵ، وەك ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامی لێ بکات، باڵۆڵ بێ ڕاوەستانو دوودڵی، بە عەصاکەی خەتێکی بە ناوەڕاستی بازنەکەدا کێشاو بازنەکەی کرد بە دوو بەشەوە، گەشتیارەکە بازنەیەکی دیکەی کێشا، ئەمجارەیان باڵۆڵی حەکیم بازنەکەی کرد بە چوار بەشەوەو دەستی خستە سەر یەکێك لە بەشەکانو گوتی: ئەم بەشە وشکانییەو ئەو سێ بەشەی دیکەش ئاوە!

گەشتیار زانی کە وەڵامی پرسیارەکانی حەکیم ڕاستو دروستن، دواتر پرسیارێکی قورستری ئاڕاستە کرد، پشتی دەستی خستە سەر زەمینو پەنجەکانیشی بەرەوە ئاسمان دانا، حەکیم بێ وەستان پێچەوانەی گەشتیارەکە پەنجاکانی لەسەر زەمین داناو پشتی دەستی کردە ئاسمان، گەشتیارەکە زۆر سەرسام بوو بە بیرتیژیو لێهاتوویی باڵۆڵی حەکیم، لەبەرئەوە بە خەلیفە هاروونی گوت: پێویستە زۆر شانازی بکەیت بەم زانایەوە، کە لە جیهاندا وێنەی دەگمەنە، خەلیفە پرسی من لە پرسیارو وەڵامەکانتان تێنەگەیشتم؟

گەشتیارەکە وتی: کاتێك یەکەم بازنەم کێشا، مەبەستم لە گۆی زەوی بوو، باڵۆڵ لە مەبەستی پرسیارەکەم تێگەیشتو دەستبەجێ بە منی سەلماند کە مەبەستم گۆی زەوییە، هەربۆیە کردی بە دوو بەشەوەو نیشانی دام کە زەوی لە باکورو باشور پێکهاتووە، کاتێکیش بازنەی دووەمم کێشا، باڵۆڵ کردییە چوار بەشەوەو بە منی گوت: کە زەوی لە چوار بەش پێکهاتووە، سێ بەشی ئاوەو بەشێکی وشکانییە، پرسیاری سێیەم کە من پشتە دەستم لە زەمین داناو پەنجەکانم ڕووەو ئاسمان، باڵۆڵ پێچەوانەی منی کرد، بە منی سەلماند کە من مەبەستم ڕووەكو گژوگیای زەوی‌و گۆڕانکارییەکانی زەوییە، باڵۆڵیش بە دەستی وێنەی خۆرو بارانی کێشاو بە وەڵامەکەی تێی گەیاندم گەشەی ڕووەکەکانو گژوگیای سەرزەوی، بە هۆی بارانو تیشکی خۆرەوەیە، کەواتە شانازی بکە کە خاوەنی وەها زانایەکی بە توانای، جەنابی خەلیفە!

ئامادەبووانیش کە بە هۆی دانایی‌و لێهاتوویی باڵۆڵی حەکیمەوە لە توڕەیی‌و ڕقی خەلیفە ڕزگاریان بوو، زۆر سوپاسی حەکیمیان کرد کە لەو تەنگژەیە ڕزگاری کردن.



ئەنتۆنی رۆبنز، نموونەی سەرکەوتن‌و بەرخودان‌و گۆڕانکاری، بەناوبانگترین‌وانەبێژی ئەمریکی

بورهان محمد شريف
ڕاهێنەری گەشەپێدانی مرۆیی‌و مامۆستای زانکۆ

ئەنتۆنی رۆبنز، ناوی ئەو مرۆڤەیە کە توانی لە ماوەیەکی زۆر کورتدا ببێتە ئەستێرەیەکی گەش‌و درەوشاوەی ئاسمانی هاندانی خـود، خودی مرۆڤەکان، ئەنتۆنی بووە یەکێك لە بەناوبانگترین وانەبێژەکانـی بـواری شـیکاری کەسـایەتییەکان‌و پرۆگرامـی زمانەوانـی کۆئەندامی دەماری (Persons Analysis and NLP) لە ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

ئەگەر بۆ چرکەساتێك هەڵوێستەیەك بکەیـن‌و ئاوڕێك‌و خوێندنەوەیەکـی کاراو وردو خێـرا بـۆ ڕابـردووی ئەم کەڵە پیـاوە بکەین، دەبینین ڕابردوویەکـی زۆر تاریك‌و پڕ لە ئازارو ناڕەحەتـی‌و گرفـتو مەینەتـی هەبـووە، تاگەیشـتۆتە پلەی ناچـاری‌و خۆبەدەسـتەوەدان‌و تەنانەت بیرۆکەی خۆکوشـتنی لادروسـت بووە! بەڵام دواجار قەدەر لەسـەر دەستی پیاوێکی بە تەمەن‌و بەسـاڵاچوو ڕزگاری دەبێت‌و دەرگایەکی نوێی ژیانی لێ والآ دەکرێتەوەو گۆڕانکاری بەسەر تەواوی ژیانیدا دێت.

ئەنتۆنی ڕۆبنز لە ٢٩ فبرایەری ١٩٦٠ لە ولایەتی کالیفۆرنیا لە دایکبووەو هەر لە تەمەنی (٧) ساڵیدا دایك‌و باوکی لێکجیابوونەتەوە، لـە ئەنجامـی پشـکنینە پزیشـکییەکان دەرکەوت کـە دووچاری نەخۆشـییەکی کوشـندەبووە "وەرەمی ترسـناك"، هەمـوو ئەمانە پاڵنەربوون ڕەشبینبێت بە ژیان، تاگەیشتە ئەوەی پلانی خۆکوشتن بکێشـی‌و لـە یەکێك لە شـەقامەکان حەبلێك بکاتـە گەردنی‌و لە کاتی خۆهەڵدان‌و دەسـتپێکردنی هەناسەی قورس‌و پچڕپچڕبوونی هەناسـەکان‌و نزیکبوونـەوەی مردن‌و گیان لە دەسـتدان، لەناکاو تارمایـی مرۆڤێـك لـە کۆتایی شـەقام دەردەکەوێـت‌و لێی نزیك دەبێتەوە، بەڵام ئیتر چاوەکانی دادەخرێن‌و هۆش لە دەستدەدات.

کاتێك بەئاگادێتەوەو چاوەکانی هەڵدێنێت، خۆی لە ژوورێکی بچووکی پڕاوپڕ لە کتێبدا دەبینێتەوە، لە سـووچێکی ژوورەکەدا پیاوێکی بەسـاڵاچوو کە سـەرقاڵی نووسینە دانیشـتووە، لێرەدا تۆنی بـەرەوڕووی پیاوەکـە دەچێت‌و دەکەوێتە پرسـیارکردن! بۆچـی ڕزگاری کرد؟ لێنەگەڕا خۆی بکـوژێ‌و کۆتایی بە ژیانی پڕمەینەتی‌و مەرگەساتی بهێنێ؟

کابرای پیر هاتەوەڵام! چۆن وەڵامێك، وەڵامێکی پێشکەشکرد کە سـەرتاپای ژیانی تۆنی گۆڕی، وتی: "لە ژیاندا شـتێك نییە شایەنی بێت، لـە پێناویدا ژیان لەدەسـتبدەین، ئەرکی تۆیەو لەسـەرتۆیە بەئاسوودەیی‌و بەختەوەری ژیان بەڕێبکەیت، فرمانی مردن لێبگەڕێ بۆ قەدەر، تاکاتی گونجاوی خۆی دێت‌و ژیانمان لێدەسەنێتەوە"!

ئەم وتەو وەڵامانە ڕۆبنزی سەرسـام‌و تووشـی شـۆك کرد، چۆن ئەم پیاوە ئەمجۆرە قسـانە دەکات! لە کاتێکدا لەم دنیایەدا تەنها ئەم شوێنە خنجیلانەو کتێبانەی هەیە، نەخاوەنی کۆشك‌و تەلارو نەپلەو پایەو نەسـامان‌و دەوڵەمەندی‌و نەدەسـەڵات،...؟ پیـاوی دانـای بەسـاڵاچوو لـە وەڵامـدا وتـی: "سـەرچاوەی ڕازیبوون‌و هەسـتوچێژی شیرینی ژیانم ئەم کتێبانەیە، ئەمانە یارمەتیـدەرو پاڵنـەرو هۆکاربـوون بۆ بینین‌و دیـدی جوان‌و ڕۆشـن‌و ئەرێنی بۆ ژیان‌و قبوولکردنی وێناو تابلۆی جۆراوجۆرو جیاوازو هەمەچەشنەکان‌و بەسەربردنی سات‌و ژینێکی ئاسوودەو بەختەوەر لە هـەر قۆناغ‌و هەلومەرج‌و بارودۆخێکدا، ئەم پیاوە پیرە بەساڵاچووە "جیم رۆبن"ە.

ئـەم وەڵامـە بـۆ ڕۆبنـز، خاڵـی وەرچەرخـان بـوو، بـۆ بیرکرنەوەیەکـی تـرو بنیاتنانـی بیرێکی نۆی‌و دارشـتنەوەی ژیانێکی نوێ، بۆیە دەستیکرد بە خوێندنەوەو داوای کرد ماوەیەك بمێنێتەوە، تاهۆگری خوێندنەوە بوو، کتێبێکی زۆری خوێندنەوە بەتایبەتی لە بوارەکانی هاندانی خودو دەروونزانی‌و گەشەپێدانی خود، تاگەیشـتە قۆناغێکی زۆر پێشـکەوتوو لە زانستی شیکاری کەسایەتی‌و پرۆگرامی زمانەوانی کۆئەندامی دەماری(NLP).

ڕۆبنز لە نێوان دۆینی‌و ئەمڕۆدا:-

ئەنتۆنـی ڕۆبنز، لە ڕابردوودا پاسـەوانی باڵەخانەیەك بوو، هەژارو بێدەسـەڵات بـوو، کەس یارمەتی نـەدەدا لە هەڵگرتن‌و ئەسـتۆگرتنی ناڕەحەتییەکانـی ژیان، خەونێکـی زۆری هەبوو، ببێتەخاوەنـی نوسـینگەیەکی بەناوبانگ لـە یەکێك لە تەلارو ئاپارتمانە بەرزەکان کە بەسەر ڕووی دەریادا دەڕوانێت، فڕۆکەی تایبەت‌و، چەندان خەونی تر.

لەماوەی ١٣ ساڵدا بەڵێ تەنها ١٣ ساڵ! لە پاسەوانێکی هەژارەوە بوو بـە بەناوبانگترین وانەبێژی ئەمریکـی، توانی ببێتە خاوەنی قەڵایەکی شـوێنەوار کە خۆی‌و خێزانەکەی تیایدا دەژین! خاوەنی گەورەترین نووسینگەی ڕاوێژکارییە لە وڵاتەیەکگرتووەکان‌و خاوەنی فڕۆکەی تایبەتی خۆیەتی، ڕاوێژکاری ژمارەیەك لە سەرۆکی وڵاتان‌و کۆمپانیاو یاریزانە جیهانییەکانە، نرخی وانەی یەك ڕۆژی هەزاران دۆلارە! لە وتە بەناوبانگەکانی "چرکەساتەکانی بڕیاردانت، بریتین لە چرکەساتی گۆڕینی قەدەرو دیاریکردنی ئایندەت".

لە کتێبە بەناوبانگەکانی، تواناکانی بێ سنوور (قدرات غير محدوده)-Unlimited Power

دێوەکەی ناخـت بە ئاگابهێنـە (Awaken The Giant Within)

کەسایەتی خۆت بناسە-Know Your Personality

سەرچاوەکان:

1-http://fory0urlife. blogspot. com/2013/04/blog-post_27. html

2- http://forum. stop55. com/361773. html

3- http://www. a7laum. com/2013/08/Anthony. Robbins. html

با لە یابانییەکانەوە فێربین!

و: سەلمان کانبی

١- لـە یابـان لە یەکی سـەرەتاییەوە تا شەشـی سـەرەتایی، وانەیەك دەخوێنرێت بە ناونیشـانی (ڕێگە بەرەو ڕەوشـت)، تێیدا قوتابیـان فێـری ڕەوشـتو چۆنییەتـی هەڵسـوکەوتکردن لەگەڵ خەڵکیدا دەکرێن.

٢- لـە پۆلی یەك تـا نۆیەم، کەوتن نییـە، لەبەرئەوەی لەم قۆناغـەدا ئامانج لـە خوێنـدن پەروەردەکـردنو چاندنی چەند چەمکێکـی پەروەردەییو بنیاتنانی کەسـایەتییەکی بەهێزە، نەك فێرکردنو تێگەیاندن.

٣- یابانییـەکان لەگـەڵ ئـەوەی لـە دەوڵەمەندترین گەلانی جیهانن، بەڵام خزمەتکاریان نییە، لە هەموو ئاستو پلەو پایەیەکدا هەر کەس خۆی خزمەتی خۆی دەکات.

٤-منداڵەکانی یابان هەموو ڕۆژێك بۆ ماوەی چارەکێك لەگەڵ مامۆستاکانیان قوتابخانەکەیان پاك دەکەنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی دەرکەوتنی نەوەیەکی یابانی خۆبەکەمزانو دڵسۆزو پاکو خاوێن.

٥- منداڵـەکان فلچـەی ددان شـتن لەگەڵ خۆیـان دەبەن بۆ قوتابخانە، بۆ ئەوەی دوای خواردن ددانیان بشـۆن، لە منداڵییەوە پارێزگاری لە تەندروستی خۆیان بکەن.

٦- مامۆسـتاو بەڕێوەبـەری قوتابخانەکان، پێش نیو کاتژمێر لـەو خۆراکە دەخۆن کـە بۆ قوتابییەکان ئامادەکـراوە، بۆ ئەوەی دڵنیا بن لە سـەلامەتی خواردنەکە، لەبەرئـەوەی وای دادەنێن کە قوتابییەکان داهاتووی یابانن، پێویستە پارێزگارییان لێبکرێت.

٧- کەناسەکان لە یابان ناودەبرێن بە ئەندازیاری تەندروستیو موچەیەکی بەرزیان پێدەدرێت.

٨- بەکارهێنانـی مۆبایل لە ناو شـەمەندەفەرو چێشـتخانەو جێگەداخراوەکاندا قەدەغەیە، مۆبایلەکانیان لە کاتی بێدەنگیدا لە جێگەی (صامت) نوسراوە (ڕەوشت).

٩- ئەگەر چویت بۆ چێشـتخانەیەکی کـراوە (مطعم بوفیە) دەبینیـت هەر یەکێـك تەنیا ئەوەنـدە خـواردن هەڵدەگرێت کە پێویستی پێیەتی، هیچ یەکێك خواردن لەناو قاپەکەیدا جێناهێڵێت.

١٠- ڕێژەی دواکەوتنی شەمەندەفەر لە یابان لە ماوەی ساڵێکدا حەوت چرکەیە، لەبەرئەوەی گەلەکەی نرخی کات دەزانن، سـورن لەسەر چرکەکانو خولەکەکانیان.



خاوەنی چ جۆرە یادگەیەکی؟

یادگەی مرۆڤ دابەش دەبێت بۆ سێ جۆر بە پشتبەستن بە (هەست، بیستن، بینین)، تۆ لە کامیانیت؟

یادگەی مرۆڤ، کێلگەیەکە بەردەوام زانایان خاڵی نوێی تیادا دەدۆزنەوەو تیشك دەخەنە سەر لایەنە شاراوەکانی، ڕوونتر بڵێین یادگە ئەو مەڵبەندە پڕ نهێنییەیە کە تائێستا زانست نەیتوانیوە سەرجەم نهێنییە شاراوەکانی پەی پێببات، هەربۆیە بەردەوام توێژینەوەو کاری بەردەوامی لەسەر دەکەن بۆ دەرخستنی لایەنە شاراوەکانی یادگە، بابەتی ئەمجارەی هەڵسەنگاندن جۆری یادگەی تۆ دیاری دەکات، واتە لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەوە دەزانیت تۆ خاوەنی چ یادگەیەکی، ئەمەش مانای وانییە تۆ دەتوانی سەرجەم نهێنییەکانی یادگەت بزانی، بەڵکو تەنها دەزانی یادگەی تۆ کام لەم جۆرانەیە:-

یەکەم:- کاتێك تەماشای فیلمێك دەکەیت، ئەو شتە چییە کە هەستی تۆ دەبزوێنێتو لە یادگەتدا دەمێنێتەوە؟

١- مۆسیقاو کاریگەری دەنگەکان.

٢- ڕووخساری ئەکتەرەکانو شێوازی ئەداو دەربڕینیان.

٣- شێوەی گفتوگۆو دەبڕینەکانیان.

دووەم:- کاتێك لەگەڵ هاوڕێکانت بەشداری کۆڕو کۆبوونەوەیەك دەکەیت، دوای تەواوبوونی کۆڕو کۆبوونەوەکەتان بیر لە چی دەکەیتەوە؟

١- بیر لە نهێنییەکانو پڕوپاگەندەو زانیارییە کەسییەکان دەکەیتەوە، کە لە نێو کۆڕەکەدا گوێت لێبووە!

٢- بیر لەو پۆشاکانە دەکەیتەوە کە هاوڕێکانت پۆشیبوویان.

٣- بیر لەو شوێنە دەکەیتەوە کە لێی دانیشتبوون!

سێیەم:- کاتێك لە هاوڕێیەکت جیادەبیتەوە، چی پێ دەڵێیت؟

١- لە پەیوەندیدا دەبم لەگەڵتدا.

٢- بە هیوای دیدار لە نزیکترین کاتدا.

٣- فەرمانی پێ دەکەیت، یان دەڵێی سبەی پەیوەندیت پێوە دەکەم.

چوارەم:- ئەوگەر شەوێکت لە ئوتێل بەسەربرد، ئەو شتە چییە کە زۆر سەرنجت ڕادەکێشێت؟

١- دەنگی ئامێرەکانی فێنککەرەوە، دەنگی شەقامەکان!

٢- ڕێکوپێکی ئەساسی ئوتێلەکە.

٣- بۆنی خۆشی ئوتێلەکە.

پێنجەم:- لە قوتابخانە، زۆرترین شت چییە کە هاوکاریت دەکات بۆ تێگەیشتن لە وانەی مامۆستاکەت؟

١- زیاتر لە جارێك وانەکە دووبارە بکاتەوە.

٢- لەسەر بۆردەکە وانەکەی ڕوون بکاتەوە.

٣- نموونە بە ژیانی ڕۆژانە بهێنێتەوە.

ئێستا سەرجەم خاڵەکانت کۆبکەرەوە، تا بزانیت یادگەی تۆ چ جۆرێکە (هەستی، بینین، بیستن)..

تێبینی:- بۆ وەڵامی ژمارە یەك، (پێنج خاڵ) دابنێ، بۆ وەڵامی ژمارە دوو (سێ خاڵ)دابنێ، بۆ وەڵامی ژمارە سێ (یەك خاڵ دابنێ)..

ئەنجام:-

ئەگەر کۆی خاڵەکانت (٥ - ١١) خاڵ بوو:- تۆ خاوەنی یادگەیەکی هەستی:-

پێویستە هەست بە شتەکان بکەیت، بۆئەوەی لەبەریان بکەیت، هەست بکەیت بە هەموو شتەکانی دەوروبەرتو درکیان پێ بکەیت، لەبەرئەوەی کاتێك قسە دەکەیت، هەمیشە شتێکت بەدەستەوەیە، نموونە دەهێنیتەوە بۆ ئەو شتەی کە دەیڵێیت، باشترە نەجوڵێیت، یاخود نەگەڕێیت، لە کاتی لەبەرکردندا بۆئەوەی بە باشی لەبەری بکەیتو وەریبگریت، بیر لە ڕووخساری کەسەکان مەکەرەوە، ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا دەکەیت، بەڵام قسەکانیانو دەربڕینەکانیان لە یاد مەکە.

- ئەگەر کۆی خاڵەکانت لە (١٢ -١٨) بوو، تۆ خاوەنی یادگەی بینینی:-

- دیمەنو بینراوو وێنەکانو نووسینەکانو هەموو ئەو شتانەی دەیانبینیت لە یادگەتدا دەچەسپێت، تۆ بیر لەو وێنانە دەکەیتەوە کە دەیانبینیت، فاکسو یادەوەریو وتارەکانو خشتەکان، بە زۆری هەموو ئەو شتانە لە هێڵێکدا کۆبکەرەوە، بۆئەوەی بیرت بێتەوە، باشترە ئەو شوێنەی چواردەوری داویت، ڕێکخراوو ڕێکوپێك بێت، پەڕاوەکانت لە ئەرشیفی تایبەتیدا بەش بەش بکە.

- ئەگەر کۆی خاڵەکانت لە نێوان (١٩ - ٢٥) خاڵ بوو، تۆ خاوەنی یادگەیەکی بیستنی:-

بۆئەوەی شتێکت یاد بکەوێتەوە، باشتر وایە گوێی بۆ بگریت، زیاتر لە جارێکیش دووبارەی بکەیتەوە، کاتێك لەگەڵ کەسێکدا قسە دەکەیت، تێبینی تۆنی دەنگو دەربڕینو ئەو وشەو بۆچوونانە بکە کە دەیانبیستیت، کاتێك گرفتێکت بۆ دێتە پێش، بگەڕێ بۆ چارەسەرەکەی لە ڕێگەی گفتوگۆوە، دەنگە هێمنەکان، وەکو مۆسیقا، یارمەتیت دەدات لەسەر تەرکیزی زیاتر، کاتێك تۆ دەتەوێت شتێك لەبەربکەیت، یان کارێك ئەنجام بدەیت، لە هەمان کاتدا دەنگە زۆر بەرزو بێزارکەرەکان، لە توانای لەبەرکردنت کەم دەکاتەوەو ئەعصابت دەوروێژێنێت، ئەوەی بە ئاسانی لەبەری دەکەیت، ئەو وشانەیە، یان ئەو گفتوگۆیانەیە، یاخود ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنیانەیە کە دەیانبیستیت.



هەستانەوە دوای شکست

و: هەورامان هانەدنی

زەڕافەیـــەك لە بەرزاییەوە لە دایـــك دەبێت!! بێچوویەكی زەڕافە هاوكات لەگەڵ هاتنەدنیاوە لە بەرزاییەكی ٢ مەترییەوە بـــەر زەوی دەكەوێـــت، زۆرجار بە پشـــتا دەكەوێتە خوارەوە. بـــەڵام دوای چەند چركەیەك دەگەڕێتـــەوەو پێیەكانی خۆی لە ژێر سـكیدا كۆ دەكاتەوەو بە خۆڕاوەشـاندنێك خۆی لەو لینجـاوە پاكدەكاتەوە كە لە كاتـــی لەدایكبوندا پێوەی لكاوە، بۆ یەكەمجار چاوی بەم جیهانە دەكەوێت، بەڵام پاش كەمێك زەڕافەی دایك یەكەمین وانەی ژیان فێری بێچووەكەی دەكات.

ئەو هێندە سەری خۆی دەهێنێتە خوارەوە تا بێچووەكەی خـــۆی ببینـــێ، دواتـــر چەنـــد چركەیـــەك لەچاوەڕوانیـــدا دەمێنێتەوە، بێ ســـێو دوو چاوەڕوان نەكراوترین كارێك كـــە بیری لێ بكەنەوە ئەنجامـــی دەدات، بە لەقەیەك لە بێچووەكەی خۆی دەدات، بە جۆرێك كە بێچووە زەڕافەكە هەندێ لەولاترەوە بە پشـــتا دەكەوێتە ســـەر زەوی، ئەم كارە دووبارە دەبێتەوە.

تا كاتێ بێچووە زەڕافەكە نەتوانێ لە ســـەر دوو پێی خۆی بووەســـتێ، پرۆســـەی توندووتیژییەكـــە دووبارەو چەندبارە دەبێتەوە، هەر كاتێك بێچووە زەڕافەكە هەست بـــە ماندووبـــوونو تەممەڵی بكات دایكەكـــە دووبارە بە لەقەیەك ناچاری دەكات هەوڵبدات. تا بێچووە زەڕافەكە بۆ یەكەمین جار لە سەر پێی خۆی دەوەستێ، بەڵام زەڕافەی دایك دووبارە لەقەیەك بە بێچووەكەیدا دەكێشێت! بەڵام بـــۆ؟! بۆئەوەی كە بزانێت چۆن یەكەم جار هەســـتاوەتە ســـەر پێ، لە ڕاســـتیدا دایك بەم كارەی بێچووەكەی فێر دەكات كـــە دەبێ خێرا هەســـتێتەوە، تـــا بتوانێت لەگەڵ ڕەوەكەدا بمێنێتەوە، ئەگەرنا دەبێتە خۆراكی دڕندەكان.

ئەم ڕاســـتییە لە دنیای واقیعیشـــدا بەرچاودەكەوێت، ئەرویـــن ئەســـتۆن لـــە بـــارەی ئـــەو كەســـانەی كـــە لە بـــوارە جیاوازەكاندا ناســـراوو ســـەركەوتووبوون، چەند لێكۆڵینەوەیەكی كۆكردۆتەوە، ژیاننامەی كەسانێكی وەك میكلانج، ڤن كۆك، فرۆیدو داروینی نووســـیوەو تاووتوێی كردووە. ئـــەو هەوڵیـــداوە پەیوەندییەك لـــە نێوان ئەم كەسانەدا بدۆزێتەوە، ئەو دەڵێ: «من لە بارەی كەسانێك بابەتێكـــم نووســـی كە لە مێشـــكیاندا خەونێـــك هەبوو ئەنجامیانداو گەیشتنە ڕاســـتیو بەدەستیان هێنا. ئەوان تانەیـــان لێدرا، شكســـتیان خوارد، سەرزەنشـــت كران، بۆ ماوەی چەند ســـاڵێك نەگەیشتنە هیچ شتێك، بەڵام دوای هەر كەوتنێك هەســـتانەوەو درێژەیان پێدا. ئێوە ناتوانن ئـــەم جۆرە كەســـانە بڕوخێنن، یان بـــە یەكیاندا بدەن. چونكە ئەم كەسانە كەمترین شتیان بۆ خۆیان دەویست».

سەرچاوە/ مجلەراە موفقیت. یادبگیردات كام.



لە پۆشاکی باوکتدا مەژی

زیاد لە (٩٧٪)ی خەڵك بۆ خەونەکانیان ناژین، بەڵکو بۆ بەدیهێنانی خەونی کەسانیتر دەژین، محەمەد پەیوەندیکرد بە کۆلێژی ئەندازەوە، چونکە باوکی دەیویست کورەکەی بە ئەندازیاری ببینێت، هیوا زەماوەندی لەگەڵ شۆخێکدا کرد، چونکە دڵخوازی دایکی بوو، دایکی وایدەبینی ئەو شۆخە دەتوانێت لە ژیاندا هیوا بەختەوەر بکات.

ئامانج بڕیاریدا(نوها) لەبواری فرۆشتندا کاربکات، سەرباری ئەوەی حەزی بە کارەکە نەبوو، چونکە لە ئێستادا کارەکە حازر بەدەست بوو.

نووسەر دەڵێت: زۆربەی ئەو پرسیارانەی رۆژانە لە رێگای پۆستی ئەلکترۆنییەوە پێم دەگاتو داوای راوێژم لێدەکەن، دەربارەی "نازانم، پێویستە لەم ژیانەدا چی بکەم؟ گەرچی پرسیارەکە نامۆیە، بەڵام تەماشاکەر لە ژیانی رۆژانەمان تێدەگات راستییەکی زۆر لە پرسیارەکەدا هەیە، لە رۆژگاری ئەمڕۆدا لاوان لەگەڵ ژیاندا خۆیان بەکێش دەکەن تادەگەن بە تەمەنی پیاوەتی، دواتر چۆن چاوەڕوانی فێربوونیان لێبکەین، کەی‌و لە کوێ ژیان بگوزەرێنن؟ لەوانەش گرنگتر چۆن ساتەکانی ژیانیان بەڕێ بکەن. چوون ئەو فەرمانانەی لە ژیاندا وەریانگرتووە بوارێکی بۆ نەهێشتووە تا چارەنووسیان دیاری بکات.

هەموو کات قسەم لەگەڵ ئەو کەسانەدا ئەوەیە خەونەکانت بەدیبهێنە، پۆشاکی باوکت دابنێ! بەڵام کاتێك کەسێکیان پرسیارم لێدەکات، چۆن خەونەکانم بەدیبهێنم؟

لە وەڵامدا دەڵێم: سەرەتا پێویستە دووشت بزانیت:-

یەکەم:- ئەو خەونە "ئارەزووە" چییە لە ژیانتدا مەبەستە تەواوی بکەیت، دووەم:- رێز لە خەونەکەت بگریت کاتێك بەدیهات"!

خەون‌و خۆزگەکانت، ئامانجەکانت دیاری بکە، بەو شێوەیەی باوەڕت پێیەتی‌و دەیانبینیت، ئەمە ژیانی تۆیە، بەرامبەر بە خەون‌و خۆزگەکانت کارسازو ئاسانکەربە بەو شێوەیەی دەتەوێت، نرخی ئەم تاقیکردنەوەیەش بدە، بەرلەوەی رای خۆت بڵێیت، لە ئێستا بەدواوە نابێت بەتیلەی چاو سەیری باوکت بکەیتو بزانیت رەزامەندە یاخودنا، لە فەرهەنگی خۆتا ئەو وەڵامە بێکەڵکە وەلاوەبنێ (چی شتێك)، ئەگەر کەسێك دەربارەی شتێك پرسیاری لێکردیت بە کەم رازی مەبە، بۆ ئەوەی رات دەربارەی هەموو شتێك هەبێت، بەتایبەت دەربارەی ژیان‌و دوارۆژت، بەهێزو ئازایەتییەوە راوبۆچوونەکانت دەربڕە، تورەمەبە ئەگەر لەم بارەیەوە گفتوگۆت لەگەڵدا بکرێت، پاشان هەموو هەڵەو کەم‌وکوڕی‌و شێواندنێك کە پەیوەستە بە ژیان‌و دوارۆژتەوە هەوڵبدە راستیان بکەیتەوە، بەڵام لە کۆتاییدا نابێت دەستبەرداری دیاریکردنی ژیان‌و چارەنوست بیت، بڕوابکە خۆشنودی لە هەڵبژاردنێکی ئازادانەی هەڵەدا زیاترە، تا دیاریکردنی راست لەلایەن کەسانیترەوە!

برۆ قەڵەم‌و کاغەزێك بهێنە، گرنگترین بیستو پێنج شت لە ژیانتدا مەبەستە بەدەستیان بهێنیت بیاننووسە:- ئایا لە سەرووی هیواکانتدا ئۆتۆمبێلێکی(bmw)و ڤیلایەك کە بەسەر دەریادا بنوارێت دیاری دەکەیت، ناپێویستە ئەوە دەستنیشان بکەیت کە ببیتە هاوسەرێکی باش‌و کەسێکی کاریگەر.

ئەو تیانووسە بخەبەردەستت.. بە قوڵی لێی رابمێنە، پاشان ئەو هۆکارانە بگرەبەر کە دەتگەیەنێت بە لوتکە، ئەو هۆکارانە بدەرە بەرچاو کە لەلات لەپێشترو گرنگترن، ئێستا دەستبەکاربە، بۆ نموونە: لەپەراوی خشتەکەتدا بەدەستهێنانی بڕوانامەیەکی زانستییە، لە ئێستاوە دەستبکە بە کۆکردنەوەی زانیاری گونجاو دەربارەی چۆنێتی بەدەستهێنانی بڕوانامەیەك لەگەڵ دیاریکردنی خشتەیەکی گونجاو، لە رووی کاتەوە لەو بوارەدا، یەکەم هەنگاو هەڵنێ.

گرنگ ئەوەیە بەرلەوەی هەنگاو هەڵهێنیت، بەگوێرەی توانای ناوەکیت، باوەڕی راستەقینەت بیرت کردۆتەوە.

دڵنیابە گشت جیهان رێگات بۆ چۆڵ دەکات، پرشنگی خۆر بەردەرگات رۆشندەکاتەوە، باڵندەکان گۆرانی سەرکەوتنت بۆ دەچڕن، بۆچی نا؟ تۆ کە یەکێکی لەو کەسە دەگمەنانە کە ئارەزوومەندانە رێگای خۆیان بڕیوە، ئەمکارەی لەوێدا ئەنجامی دەدەمیت زیادەڕەوی نییە، ئەوەی دەتەوێت ئەنجامی بدەیت خاوەن راو هەڵوێست بیت. تەنها ئەو کارە تەواو مەکە کە باوکت، یان کۆمەڵگاکەت داوات لێدەکەن، بەداخەوە کەسانێك دەناسم "نووسەر" توانای دەستنیشانکردنی پۆشاکەکانی نییە، خانەوادەکەی، هاورێکانی ئاماژەی باش‌وخراپی، گونجاو‌و نەگونجانی پۆشاکەکانی بۆ دەکەن! هاوار بۆ ئەو کەسەی ناتوانێت پێڵاوەکانی دیاری بکات، چۆن دەتوانێت ئەو رێگایەی دەیگرێتە بەر دەستنیشانی بکات...!

خۆشی ژیان لەوەدایە مرۆڤ بەویستی خۆی بژی، مەرجەکانی خۆی بەسەر ژیاندا بسەپێنێت، لیستی داواکارییەکانی بخاتە بەردەست ژیان!

و: چیمەن لەتیف

ئەو منداڵە بێ باوکانەی ڕێڕەوی مێژوویان گۆڕی!



کونفوشیوس

(٥٥١ - ٤٧٩ پ.ز)

بەرزان ئەبوبەکر

کونفوشیوس بە یەکێك لە کاریگەرترین فەیلەسووفەکانی شارستانیەتی کۆنی چینییەکان دەژمێردرێت، هەروەها بە یەکێك لەو کەمینانە دەژمێردرێت کە توانیویەتی زۆرترین گۆڕانکاری ڕیشەیی لە مێژوودا ئەنجام بدات.

(دکتور مایکل هارت) لە پەرتوکە بەناوبانگەکەیدا بە ناوی (سەد یەکەمینەکان) بە پێنجەمین کەسایەتی ناوی بردووە، کە کاریگەری گەورەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەنجامداوە..

کونفوشیوس لە میرنشینی (لو) کە ئێستا ناسراوە بە (هەرێمی شندونجی چین) لەدایکبووە، کونفوشیوس لە تەمەنی سێ ساڵیدا باوکی کۆچی دوایی دەکات و تەنها لەگەڵ دایکیدا لە بارودۆخێکی زۆر ناهەموارو کەم دەرامەتو هەژاریدا جێیان دەهێڵێت، لەو ساتەدا کە خەڵکی و کەس‌وکارو دۆستان سۆزو بەزەییان بە حاڵو گوزەرانو بارودۆخیاندا دێتەوە، بەڵام دایکی وەك شێرە ژنێك قۆڵی مەردایەتی و ئازایەتی لێ هەڵدەکات و بەرپرسیارێتی و پەروەردەکردنو خزمەتکردنو بەخێوکردنی منداڵەکەی دەگرێتە ئەستۆ، دایکی کونفوشیوس دەستیکردە کارکردن بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی خۆی و منداڵە سێ ساڵانەکەی.. تا سەربەرزانە ژیان بگوزەرێنن و ئاتاجی دەستی کەس نەبن..

دوای بەڕێکردنی ژیانێکی سەخت، دواجار کونفوشیوس توانی پەرە بە تواناو بەهرەکانی بدات، لەگەڵ ئەوەشدا لەوکاتەدا ململانێ و کێشمە کێشمەو ناکۆکی لە نێوان ئەو ویلایەتانەدا هەبوو کە وڵاتی چینیان پێکهێنابوو.. گۆڕانکاری زۆر خێرا لە نێو کۆمەڵگەی چینیدا ڕوویدا، زۆرینەی خەڵکی هیچ بەهاو ڕێزێکیان بۆ هەڵسوکەوتی مرۆڤ دۆستانە دانەدەنا، بەشێوەیەکی گشتی دڕەندانەو دوور لە بەها مرۆییەکان مامەڵەیان لەگەڵ یەکدیدا دەکرد، کونفوشیوس ترسا لەوەی ئەم شێوازی مامەڵەیە ببێتە هەڕەشە بۆ سەر ژیانو گوزەرانی کۆمەڵایەتی و سەربکێشێ بۆ ڕووخانی شارستانییەتەکەیان.

کونفوشیوس هەستی بە مەترسی ئەم بارودۆخە کرد، لەبەرئەوە هەوڵیدا ببێتە ڕاوێژکاری حاکمێکی دانا، بۆئەوەی ئەو پۆستە بکاتە مینبەری بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونەکانی و چاکسازی کۆمەڵگەکەی، بەداخەوە لەو هەوڵەیدا سەرکەوتوو نەبوو.

دواتر ماوەی شازدە ساڵی تەمەنی لە ئامۆژگاریکردنی خەڵکیدا بەسەربرد، لەو پێناوەدا لەم شار بۆ ئەو شار گەشتی دەکرد، توانی سەرنجی زۆرینەی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕابکێشێت.

کاتێك تەمەنی گەیشتە (٥٠) ساڵ گەڕایەوە بۆ کارکردن لە ناو حکومەتدا، بەڵام هەندێك لە توندڕەوو دڕەفەکانو نەیارانی توانیان لە کارەکەی دووری بخەنەوە، کونفوشیوس شاری بەجێهێشتو بۆ ماوەی سیازدە ساڵی دیکە وەکو ئامۆژگاریکارێکی گەڕۆك، لەم شار بۆ ئەو شار ڕۆڵی بینی، پاشان گەڕایەوە بۆ شارەکەی خۆی، تا ئەو تەمەنەی کە ماوەیتی لە نێو ئەو شارەدا بەسەری بەرێت کە تیایدا لە دایکبووە، دوای بەسەربردنی پێنج ساڵی تەمەن لە شارەکەی خۆیدا، بۆ دواجار کونفوشیوس لە ساڵی (٤٧٩) پ.ز، ماڵاوایی لە ژیان کرد، تا ئەو ساتەش کونفوشیوس بەشێوەیەکی ئەوتۆ لە نێو وڵاتی چیندا نەناسرابوو.

بەڵام وەك هەمیشە پیاوە گەورەکانو ناودارانو زانایان دوای لە دەستدانیان مرۆڤایەتی قەدرو ڕێزو حورمەتیان دەزانن، تا ئەم ساتەش کونفوشیوس کاریگەرییەکی گەورەو بەهێزی لە نێو تاكو کۆمەڵگەی چینیدا هەیە.

ئەو بنەمایانەی کونفوشیوس جەختی لێکردۆتەوە، بریتی بووە لە گەشەپێدانی خودو ڕەوشتی جوانو بەرزو بەرپرسیارێتی هەر یەك لە تاکەکان، بەرامبەر کۆمەڵگەو دەووروبەریان.

بە کورتی ڕێبازو بنەمای بەرنامەی کونفوشیوس بریتی بووە لە ڕێگەیەکی تایبەت بۆ ژیان، هەروەها هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری، ڕێبازەکەی کونفوشیوس هاندانی مرۆڤەکان بووە بۆ خۆشویستنی یەکتری و خۆشویستنی خەڵکی و مامەڵەکردنی جوانو نەرمونیانی لە گوفتارو ڕەفتاردا، پاکوخاوێنی دەستو زمان، هەروەها ڕێزگرتنی کەسانی بە تەمەنو کەسانی خاوەن پلەو پایەو زانست، ڕێزگرتنو بە پیرۆز زانینی خێزانو گوێڕایەڵیکردنی بچووك بۆ کەسانی لە خۆی گەورەترو گوێڕایەڵیکردنی خێزان بۆ هاوسەرەکەی.

لە هەمان کاتدا کونفوشیوس ڕقی لە ستەمو چەوسانەوە بووە، کونفوشیوس لەو باوەڕەدا بوو کە حکومەت بۆ خزمەتی گەل دروست بووە، نەك بۆ چەوسانەوەو ستەمکردن لە گەلو هاوڵاتییەکانی، لەبەرئەوە دەبێت کاربەدەستو سەرۆکو فەرمانڕەوا خاوەنی جوانترینو بەرزترین ڕەوشت ئاکار بن، پێشەنگو نموونەیەکی بەرزو جوان بن بۆ گەلەکەیان.

لە وتە بەناوبانگەکانی کونفوشیوس کە کردبوویە ڕەوشتو نەریتی خۆی:- (بە شێوەیەك ڕەفتارو مامەڵە لەگەڵ خەڵکیدا مەکە، کە حەزناکەیت بەو شێوەیە مامەڵەت لەگەڵدا بکەن)، واتە بەو شێوەیە ڕەفتارو مامەڵە بکە کە حەزدەکەیت مامەڵەت لەگەڵدا بکەن.

کونفوشیوس لەو بڕوایەدا بوو کە سەردەمی ئاڵتوونی بۆ مرۆڤایەتی لە دوای خۆی دێتە ئاراوە.

لە سەردەمی پادشا (هان) هەڵبژاردنو دامەزراندنی فەرمانبەر تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەست بوو بە تاقیکردنەوەی فەرمانبەرەکە لەسەر بنەماو ڕێبازو ئادابەکانی کونفوشیوس، ئەمڕۆ حکومەتی چین ڕێبازو بنەماکانی کونفوشیوسی کردووە بە فەلسەفەی فەرمی دەوڵەت.. ملیۆنەها مرۆڤ لە وڵاتی چینو دەوڵەتانی وەکو یابانو کۆریاو ڤێتنام، ڕێز لە کونفوشیوسو بنەماو ڕێبازەکەی دەگرن.

لە ڕاستیدا پەرتوکێك بەناوی کونفوشیوسەوە نییە کە خودی خۆی داینابێت، بەڵکو شوێنکەوتووانی هەستاوون بە تۆمارکردنو نووسینەوەی گفتوگۆو وتە بەناوبانگەکانی کونفوشیوس لە پەرتوکێکدا بە ناوی (هەڵبژاردە ئەدەبییەکان)ی کونفوشیوس.

کونفوشیوس ئەو منداڵە بێ باوکە بوو، کە توانی ببێتە ئەو فەیلەسوفە گەورەیەی ئەمڕۆ دوای تێپەڕبوونی (٢٤٩٣) ساڵ بەسەر کۆچی دواییدا، هێشتا ناوی زیندووەو مێژوو شانازی پێوە دەکات.



جەلال عەبدوڵا حاجی

پیسبوونی بینین

پیســبوونی بینیــن (Visual pollution) یەکێکــە لە ڕووە دیارەکانی پیســبوونی ژینگە، بریتیــە لە تێکچوونی هەردیمەنێك کە بەرچاوی مرۆڤ دەکەوێت، کە لە کاتی ســەیرکردنیدا هەســت بە نائارامی دەروونی بکات، لە ئەنجامی پێشــکەوتنی تەکنەلۆژیاو هەڵپەی مرۆڤ بۆ ژیانێکی باشــترو ئاسانتر، هەروەها زیادەڕەوی‌و خراپ بەکارهێنانی سەرچاوە سرووشتییەکان‌و شەڕو شۆڕ، دەبینین پیســبوونی ژینگە خۆی بەزۆر شێوە نیشــاندەداتو کاردەکاتە سەر ژیانی ڕۆژانەی ئێمە، تەنانەت هەڵسوکەوتو شێوازی ژیانمان.

گۆڕانی ژینگەی نیشــتەجێبوونی مرۆڤ‌و دەستکەوتنی کەرەستەی بیناســازی باش‌و باشــتربوونی ئاســتی بژێــوی خەڵکــی‌و هۆیەکانی گواســتنەوە، بە بەردەوامــی تێکدان‌و خستنەســەر، نەبوونی دیزاین، جەنجاڵی شــارەکان، هەبوونــی ماوەی بەتاڵــی بەکارنەهاتوو، کۆڵانی تەسك‌و نارێك، زیادەڕەوی، باڵەخانەی نایاسایی لە ڕیز دەرچوو لەگەڵ ڕەنگی نەشــیاو، هەروەها هەندێجار گرفتەکە لــە نەگونجاندایە وەك زیادکردنێك کە دژی ژینگەی سروشــتی، یان کەش‌و هەوا، یان بەهای ئاینی، یان سەردەمی، یان ئەندازەیی، یان جوانی بێت، هەموو ئەمانە وادەکەن بە بینیان ئارامی دەروونیمان بشڵەژێتو لێی ڕابکەین!

خــراپ بەکارهێنــان، نەبوونی پلان‌و کەم توانایــی لە دیزاین، بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی هەڵە، نزمی ئاستی زەوقی کۆمەڵگە لەگەڵ بــاری ئابوری، ئاســتی بژێــوی تاك کاریگەری زۆری هەیە لەســەر پیســبوونی بینین، بۆیە لــەو وڵاتانەی هەژارن پیســبوونی بینین بەڕادەیەکی زۆر دەبینرێت، بەهۆی نەبوونی هۆشیاری کۆمەڵایەتی‌و نزمی ئاستی ڕۆشنبیری گشتی، بەڵام لە وڵاتە ئابوریيە بەهێزەکان پیسبوونی بینین بەکەمی بەرچاو دەکەوێت، بەهۆی یاساو چاودێری حکومــەتو بەرزی ئاســتی هۆشــیاری خەڵکــەوە. لەکاتێکدا بەناو شــارو شارۆچکەکانی هەرێمدا دەگەڕێیت، ئەم گرفتانە دەبینیت بە ئومێدی نەهێشتنیان دەیخەینە ڕوو:-

١- دارســتانی باڵەخانــەکان لــە شــەقامەکاندا بــەردەوام لــە بەرزبوونــەوەدان:- ئەمەش لەگەڵ ژینگەو کــەش‌و هەوای ئێمەدا ناگونجێت، دەبێتە هۆی نەمانی ماوەی کراوە، تێکدان‌و دروستکردنی دیمەنێکی نارێك، هەروەها ناشیرینکردنی بینا ئاینی‌و مێژوییەکان. بەشی پێشــەوەی باڵەخانەکان هەریەکەو بەشــێوازێك دیزاینی بۆ کێشــراوە، ئەمەیان نوێیە، ئەوەیان شوشــەییە، ئەوی تریان کۆنە، بەجۆرێك پێشبڕکێیە لەسەر ئەوەی هەریەکەو بە جۆرێکی جیاواز باڵەخانەکەی بخاتە ڕوو. هەندێك لە باڵەخانەکان بێ ڕێزگرتن لە یاساو بێ گوێدانە بنەما گشتییەکان بۆ ڕێکخستنی شەقام بەردەوام لە پێشــبڕکێدان بۆ گەیشــتن بە ئاســمان، دانانی ڕیکلام لەســەر باڵە خانەکان، ڕەنگی نەشــیاو نارێك، تابلۆی دوکان‌و پزیشــکەکان بەجۆرێك هیچ زەوقێکی تێدانییە.

٢- گرفتی بەردەوام:- هەندێك گرفت لەلایەن خەڵکانێکەوە بێ گوێدانە کاتو شوێن‌و یاسا ئەنجام دەدرێن، هەرچەندە کاتییە، بەڵام لەبەرئــەوەی زۆرو بەردەوامە وادەردەکەوێت بەشــێکە لەشــارەکە، وەك دروســتبوونی گرفــت لە ڕێگاو شۆســتەو کۆڵانــەکان بەهۆی بیناکردن‌و خۆڵ‌وخاشاکەوە، یان لە بازاڕدا عەرەبانەچی‌و دەستگێڕو دوکاندارەکان شتومەکیان لەسەر شۆستەو کۆڵان بڵاو دەکەنەوە بێ گوێدانــە ئەوەی شۆســتەو کۆڵان موڵکی گشــتییەو گرفتی هاتوچۆ بۆ هاوڵاتیــان‌و ئۆتۆمبێل دروســتدەکەن، بەهــۆی ڕەچاونەکردنی جوانی‌و تەندرووستییەوە، ڕەنگی نەشیاو نارێکی دەبەخشن بەبازاڕ، وەستاندنی ئۆتۆمبێل‌و تەسکی شەقام‌و قەرەباڵغی‌و نەبوونی گەراج، شۆســتەی شــکاو لم‌و خۆڵ، چاڵ‌و لادانی بەردەوام، ئەمانە کۆمەڵە گرفتێکن خەریکە لەگەڵیان ڕادێین.

٣-نەگونجــان:- هەبوونــی بینای نوێ لــە ناوچەیەکی مێژوویدا بەجۆرێــك ناگونجێت لەگەڵی، یان بیناکە پەســەندەو باشــە، بەڵام لەناوچەیەکــی داڕووخاوو نەشــیاودایە، یــان هەبوونی کارگە لە نێو ماڵانــدا، یــان هەبوونی ڕۆنگــۆڕو پەنچەرچی لە نهۆمــی خوارەوەی بیناکاندا، ئەمەیان بە تەنها نابێتە هۆی پیسبوونی بینین، بەڵکو دەبێتە هۆی پیسبوونی هەواو دروستکردنی ژینگەیەکی پڕ ژاوەژاوو قەرەباڵغ، یان هەندێجار پیســبوونی بینین بەهۆی جیاوازی کۆمەڵایەتیەوەیە، نەگونجان لە نێوان چینە کۆمەڵایەتی‌و ئابورییەکاندا، وەك هەبوونی گەڕەکێکی نوێ لە تەنیشــت گەڕەکێکی داڕووخاو هەژارنشــین، یان هەبوونی گەڕەکی زیادەڕۆ لە کەنار شارەکان.

ئێمە دەبێت زۆر لەم گرفتە بترســین! چونکە پیسبوونی بینین کاردەکاتە سەر هەڵسوکەوتی مرۆیی‌و وادەکات لەگەڵ ئەم ناشرینیانەدا بژین‌و ڕابێین لەســەری‌و دەبێت بەبەشێك لەژیانمان، وامان لێدێت بەنەشیاو نارێکی نابینین، هۆگری دەبین‌و یارمەتی بڵاوبوونەوەشی دەدەیــن. پیســبوون بە هەمــوو جۆرەکانییەوە کاریگــەری نەرێنی هەیە لەسەر هەڵســوکەوتی مرۆڤ، ئیرادەو کۆنترۆڵی بەسەرخۆیدا ناهێڵێت، جۆرێك لە حەزو ئارەزوی هەڵبژاردنی ناجۆری بەســەردا دەســەپێنێت، سرووشــتی دەگۆڕێــت، هەســتی دوورە پەرێزی پێ دەبەخشێت، ئەوەی کەســانی ترو ڕۆژگار پێی دەبەخشن پەسەندی ناکات، مەترســی دەبێت بۆســەر ســەلامەتی‌و ئاسایشی کەسەکە، لە ڕووی تەندروســتی، یــان دەروونی، یان ناتوانێت لە شــوێنی پاك‌و ماڵی نوێدا بژی، هەروەها هەست بەئارامی‌و جوانی‌و خۆشگوزەرانی ناکات، ئایا لەگەڵ ناشرینیەکاندا ڕانەهاتوویت؟!

پەروەردە

36

39

40


42

44

46



ئەم چیرۆکە باس لە پیلانگێڕیو ستەمکردن لە کەسانی بێتاوان دەکات، پەندێکە بۆ مرۆڤە هۆشمەندەکان تا هەرگیز بیرو خەیاڵ لە ستەمکردن لە کەسانی دیکە نەکەنەوە، چونکە سەرەنجامی هەموو ستەمێك ئەمڕۆ، یان سبەی هەمان چارەنووسی دەبێت.. کورد وتەنی: (هەر کەس چاڵ بۆ خەڵکی هەڵبکەنێ، خۆی تێدەکەوێت)!

جارێکیان دوو کەسی دەشتەکی بە بیاباندا گوزەریان دەکرد، دەگەڕان بە دوای کەسێکدا تا دەستی ببڕنو پارەو سامانەکەی بەتاڵ ببەنو ئەگەر پێویستیش بکات خۆشی لەناو ببەن.

لەو کاتەداو لە دوورەوە سوارێك دەرکەوت، دیاربوو بازرگانێك بوو، بۆ کاروباری بازرگانی دەڕۆیشت بۆ شارێکی دیکە، بەو پێیەی پیلانیان داڕشتبوو، ڕێککەوتن بۆ جێبەجێکردنی پیلانەکەیان، بەڵام لە شتێك دەترسان، ئەویش ئەوەبوو کە بازرگانەکە چەکی پێبێت، لەبەرئەوە یەکێکیان پێشنیازی کرد: من خۆم دەکەم بە مردوو، تۆش بە پۆشاکەکەت دامپۆشەو هەر کات ئەو گەیشتە نزیکمان داوای یارمەتی لێ بکەو پێی بڵێ: مارێکی بیابان هاوڕێکەمی گەستووەو لەم بیابانەدا بە تەنها ناتوانم ئەسپەردەی بکەم، پیاوەتیم لەگەڵدا بکەو لەگەڵمدا گۆڕێك هەڵ بکەنە تا هاوڕێکەم بە خاك بسپێرین، جا لەو کاتەدا کە گۆڕەکەتان تەواو کردو ویستتان من هەڵبگرن بۆ ناو گۆڕەکە، تۆ لەسەرەوە بەو ئەویش لە ناو گۆڕەکە، ئیدی من هەڵدەستمەوەو گۆڕەکە دەکەینە مەنزڵی هەمیشەیی، بەو شێوەیە هەردووکیان لەسەر ئەو پیلانە نەگریسە ڕێککەوتن، بازرگان نزیك بێتەوەو ئەمیان بە گریانەوە داوای یارمەتی لێبکاتو ئەوی دیشیان لەسەر زەوی درێژ دەبێتو بە عەبایەك دایپۆشێت!

هەر بەو پێیەی پیلانیان داڕشتبوو، داوای لێکرد هاوکاری بکات بۆ ئەسپەردەکردنی هاوڕێکەی، بازرگانی دڵپاکو بێ ئاگا لە پیلانی نەگریسیان هاوخەمی خۆی دەربڕیو لە ئەسپەکەی هاتەخوارەوەو دەستیان کرد بە هەڵکەندنی گۆڕ بۆ ناشتنی تەرمەکە.. پیاوە ناپاکەکەش خۆی وەکو خەمبارو کۆسپ کەوتوو نیشان دەدا، کاتێك گۆڕەکە تەواوبوو، پیاوە ناپاکەکە عەباکەی لەسەر هاوڕێکەی لابردو بە خەیاڵی خۆی هەڵیساند بۆئەوەی پیلانەکەیان جێبەجێ بکەن، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسامیو تێڕامان بوو، ئەوەبوو بینی هاوڕێکەی هەر بەڕاستی گیانی سپاردووەو مردنەکەی لە فێڵێکی ساختەوە بووەتە ڕاستییەکی واقیعی! کورد لە مێژە گوتویەتی: ئەوەی لای بەندە خەیاڵە، لای خودا بەتاڵە!

ئیدی شیوەنی هاوڕێکەی لە تەمسیلەوە بووە واقیع، ئەمجارەیان هەر بەڕاستی فرمێسکەکانی هەڵدەوەراند نەك بە درۆ!

بازرگانی دڵپاکو سینە ساف، سەرسام بوو لە شێوەی گۆڕینی شیوەنی کابرا دەشتەکییەکە، کاتێك پرسیاری لێکرد کە بۆچی بەو شێوەیە دەستیکردە شیوەن لە کاتێکدا لە سەرەتای کارەساتەکە بەو شێوەیە نەبووە؟!

ئەویش تەواوی چیرۆکەکەی بۆ گێڕایەوە، بازرگانیش سوپاسی خودای کرد کە لە پیلانی پیلانگێڕان سەلامەتی کردووە..

دواجارگۆڕەکە بووە گۆڕی ڕاستەقینەی ئەو کەسەی کە بە خەیاڵ پیلانی کوشتنی کەسێکی بێتاوانی داڕشتبوو، تەنها بۆ بەدەستهێنانی کەمێك سەروەتو سامان.. وێنەو چیرۆکی ئەو مرۆڤانە زۆرن لە ژیاندا کەلە پێناوی سەروەتو ساماندا پیلانیان بۆ کوشتنی کەسانی بێتاوان داڕشتووە، بەڵام ئەمڕۆ، یان سبەی هەمان چارەنووس چاوەڕێی کەسانی ناپاکو ستەمکارەم، کە ستەم لە بێتاوانو مرۆڤە پاکەکان دەکەن.

ئەهلی شەق

سایە سەرگەتی

ستەم، واتە بەزاندنی سنووری خۆت، لەسەر حسابی ئەوانی تر، ستەمکار کاتێك دروستدەبێت، کە ئێمە لە بەرامبەر ستەمدا بێدەنگ بووین، یان پشتگیریمان کرد، ئەوەش بزانە کە هیچ جیاوازییەك نییە لە نێوان بێدەنگ بوونو پشتگیریکردن لە ستەم، (هەردووکیان بریتین لەو هاندەرانەی کە کارلێکی ستەم بەهێز دەکەن، بۆ دروستبوونی ستەمکار)، چونکە کەسی ستەمکار وادەزانێت ڕێگا ڕاستەکەی هەڵبژاردووە، بۆیە بەردەوام دەبێت، یاخود بە نەزانیو نەفامی کەسی بەرامبەر دەزانێتو هەوڵدەدات بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. وەك لەم چیرۆکەدا بۆمان دەردەکەوێت:- لە کۆندا پادشایەکی ستەمکار فەرمانڕەوایی شارێکی دەکرد، ئەم پادشایە بە ڕزگارکەری نیشتمان ناوبانگی دەرکردبوو، چونکە ساڵانێك لەمەوپێش ئەم ڕێبەری شۆڕشێك بوو، کە تێیدا زەوییە کشتووکاڵییەکانی لە چنگ داگیرکەر سەندبووەوە بۆ خاوەنەکانیان، هەرچەند لە ڕووکارداوابوو، بەڵام لە ڕاستیدا چەند ساڵێك دوای شۆڕش، ئەم پادشایە کۆمەڵێك یاسای داهێنا، کە داهاتی زۆربەی زەوییەکان بێ سێو دوو دەگەڕایەوە بۆ خەزێنەی کۆشکی پادشا، ئەو زەویانەش کە دەستی پێ نەدەگەیشتنو نزیك لە دەرەوەی سنووری دەسەڵاتی بوون، سوودی لە بیرە ئاوەکانیان دەبینیو ڕەوانەیی شاری دراوسێی دەکردن. بەڵام گەلەنەفامو نەزانەکەی هەرگیز نەیاندەتوانی هەستی پێبکەن، چونکە پێناسەی (شا) لای ئەوان شۆڕشگێڕێك بوو، کە سەرجەم تەمەنی لاوێتی لە پێناو ئەواندا بردۆتەسەر. پادشای شۆڕشگێڕیش درکی بەوە کردبوو، کە گەلەکەی بەشێوەیەکی نا ئاسایی نەفامو ناڕۆشنبیرن! بۆیە بە هەموو جۆرێك سووکایەتی پێدەکردن، زیندانی هەمیشەیی، داگیرکردنی ماڵو منالی خەڵکی، کوشتنی گەنجانو لاوان، چەندین سزایی تریش، بەڵام جگە لەچەند دەنگێکی کەمی ناڕەزایی، کە خەڵکەکە خۆیان بێدەنگیان دەکردن، هیچی ترت بەرگوێ نەدەکەوت، تاوای لێهات پادشاش لە نەفامی نەزانی گەلەکەی بێزاربوو، لەلای خۆی وابیری دەکردەوە، ئەو سزایانە هەموو کەس ناگرێتەوە، بۆیە بێدەنگن، لەبەرئەوە پادشا بەڵێنی دا کە سزایەکی بە کۆمەڵیان بدات، تا بزانێت کاردانەوەیان چۆن دەبێت؟

بۆ ئەم مەبەستە فەرمانی دا بەسەرۆك وەزیران، جاڕبدات بەناو شارداو فەرمانی پادشا بگەیەنێت بە تەواوی دانیشتووانی شارەکەی، فەرمانەکەش بەمشێوەیە بوو:- (دەبێت هەموو خەڵکی شار سبەی بەڕیز بووەستن تا شەرەفمەند بن بەوەی کە پادشای گەورە یەکی سەرو شەقێکیان لێبدات! کە ڕۆژ بووەوە پادشا بە تامەزرۆییەوە چاوەڕێی کاردانەوەی گەلەکەیی بوو، بەڵام تووشیی شۆك بوو، کاتێك بینی لە نۆرەکەدا، خەڵکەکە شەڕدەکەن لەسەر ئەوەی کێ یەکەم کەس بێت بۆئەوەی شەقی جەنابی پادشای بەربکەوێت!

بۆ بڕیار

بڕوا وریا بایز میرزاروستەمی:

لە بڕواوە بۆ بڕیار

بڕیار بڕوات بۆ دروستکردم

بڕیار ژیانت گەشکردم

بڕیار هێزت بۆ دروستکردم

بڕیار ئازایەتیت بۆ دروستکرم

بڕیار خۆشەویستیت بۆ دروستکردم

بڕیار لێبوردەیت بۆ دروستکردم

بڕیار سەرکەوتنت بۆ دروستکرم

بڕیار ئارامیت بۆ دروستکردم

بڕیار بڕیارت بۆ دروستکردم

هەموو شتێك لە ژیاندا شایەنی گۆڕانە

هەربژی بڕیار هەربژی... هەربژی بڕیار

بۆیە لە داگیرساندنی حەوتەمین مۆمی تەمەنت

دەڵێم: خۆشمان دەوێیت، لەگەڵتاین، تا ژیان بەردەوام بێت، تۆش لەگەڵمان بە، وەك چۆن لەگەڵمان بوویت، خۆشمان دەوێیت.

زانا عبدالرحمن:

(سڵاوو ڕێز بۆ گۆڤاری بڕیار، نازانم لە کوێیەوە دەست پێبکەمو چ وشەیەك بەکاربهێنم، هەرکاتێك بمەوێت وەسفێکی بڕیار بکەم پێنوسەکەی دەستم چۆك دادەداتو هیچی بۆ نانوسرێت لە ئاست بڕیار، بەڵام ئەوەی هەمیشە لە مێشکمدایە ئەوەیە کە بڕیار وشەکانی هەڵقوڵاوی نوسەرەکانییەتی، کە دەیانەوێت بچنە ناو هەستو سۆزی خوێنەرەکانییەوە تا بە ئاراستەیەکی باشدا بڕۆنو خەونو خولیاکانیان لە بڕیاردا بدۆزنەوە. لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە بڕیار وا لە خوێنەرەکان دەکات کە خاوەن بڕیاری خۆیان بن، نەك کەسانی دیکە لە جێی ئەوان بڕیاریان بۆ بدەن.

بڕیار خوێنەرەکانی هۆشیار دەکاتەوە لە خۆشیو ناخۆشییەکانی ژیان، بڕیار خوێنەر لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا پتەو دەکات، مێشکی خوێنەر فراوان دەکاتو بیریان تیژ دەکات، وا لەخوێنەر دەکات کە گرنگی بە بەهرەکانیان بدەن.

بڕیار بەهێزی وشەکانی ئاراستەی مرۆڤەکان دەکات بەرەو بڕیارێکی دروست.

پێشماڵئاوایی دەڵێم: تاکە هێز کە بتوانێ بەرامبەر چەك بوەستێ، هێزی وشەکانە، بۆیە پێویستە هێزی وشەکان لە بڕیارەوە فێربین.

شناویا محمد:

پێش هەموو شتێك دەستخۆشی دروستکردنی دەزگایەکی ڕۆشنبیری لە بەرگی گۆڤارێکتان لێدەکەم، بەردەوامبوونتان نیشانەی بەهێزی ئیرادەو ناخێکی تەندروستە، کە هە موو کات حەز بە بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەو یارمەتیدانی خەڵکی دەکەن...

بەڕاستی من وەك خوێنەرێکی هەمیشەیی گۆڤاری بڕیار، دەتوانم بڵێم کە گۆڤاری بڕیار یەکەمینە، لە چاو سەرجەم گۆڤارەکانی تردا، ئەگەر بڕیار نەبوایە ئەوا خۆمان بێ ئاگا دەبینی لە دنیای ڕۆشنبیریو گەشەپێدانی مرۆیی..

توانا مێشکییەکانی مرۆڤ بە نرخترین بەخششی پەروەردگارە، بەرجەستەکردنو ڕەنگدانەوەی هێزی ئەو توانایە لە لایەن مرۆڤەوە لە جوانترین جۆرەکانی سوپاسگوزارییە.. گۆڤاری بڕیار خوێندنگەیەکە بۆ پەرەپێدانی تواناکان، مەنزلگەیەکە بۆ ڕەخساندنی ژینگەیەکی دەروونیو بەرجەستەکردنی ئەو پەیامانەی کە لەسەر پەڕاوە هەمەڕەنگەکان نوسراوە، بە خامە جیاوازەکانو ڕەنگە جیاوازەکان.

کاریگەری تەلەفزیۆن لەسەر منداڵ

خۆشەویستان لە ژمارەی ڕابردوودا بەشێوەیەکی گشتی باسمان لە پەروەردەی دەرەکی کرد، بەڵێنیشمان پێدابوون باسی کاریگەری ڕاگەیاندن بکەین، تەمەنی منداڵی تەمەنێکی یەکجار گرنگی بونیاتنانی کەسێتی منداڵە، زۆرجار بەداخەوە دایکانو باوکان گرنگی نادەن بە منداڵەکانیان تا تەمەنی مێردمنداڵی، بە بیانووی ئەوەی جارێ منداڵە کاتێك بە ئاگادێن دەبینن کەسێتییەکی سەربەخۆی بۆ دروستبووە، وەك گەورەیەك مامەڵە دەکات، جالەبەرئەوە پێویستە لە منداڵییەوە بەئاگابن، هۆشیاربن، بە تەواوی هۆکارەکانی کاردانەوەی دەبێت لەسەر پەروەردەو هەڵسوکەوتی منداڵ، ڕاگەیاندن بە گشتیو بەتایبەت تەلەفزیۆن بەشێکە لە بوونیاتنەری کەسێتی منداڵەکانمان.

کەواتە چارەسەر چییە، ئایا نابێت منداڵەکانمان سەیری تەلەفزیۆن بکەن؟

بێگومان ناڵێین نابێت سەیری تەلەفزیۆن بکەن، بەڵکو سەرەڕای زیانەکانی، سودیشی هەیە، بەڵام بەم مەرجانەی دەیخەینەڕوو:-

١- شوێنی تەلەفزیۆن:-

نابێت تەلەفزیۆن لە ژووری نوستنی منداڵ بێت، بەڵکو دەبێت لە شوێنی گشتی خێزان بێت.

٢- خۆت ئاڕاستەی بکە کە سەیری چی بکات:-

بەپێی تەمەنی، ئەفلام کارتۆنی پەروەردەیی، گۆرانیو یاری منداڵان، بەرنامەی پرسیارو وەڵامو پێشبڕکێ...

٣- کاتی سەیرکردنی:-

کاتی دیاریکراوی هەبێت نەك بەشێکی زۆری کاتەکانی لە بەرامبەر تەلەفزیۆن دابنیشێت، دەکرێت کاتەکانی بۆ دابەش بکەیت، بەیانیان، پاش نیوەڕوان، ئێواران، بەڵام شەوانە لە دوای کاتژمێر (٩) باشنییە کە سەیری تەلەفزیۆن بکات، توێژەران ئاماژە بەوەدەکەن کە ئەو منداڵانەی شەوانە سەیری تەلەفزیۆن دەکەن، ناتوانن بەیانیان بەچالاکیو گرو تینەوە بەئاگابێن، هەروەها کاریگەری نەرێنی لەسەر خەوی منداڵەکەش دەبێت.

سوودەکانی تەلەفزیۆن:-

* زانایانی بواری پەروەردەی منداڵ باس لە پێویستییە سەرەکییەکانی منداڵ دەکەن بەمشێوەیە (خۆراك، ئەمان (ئاسایش)، خەیاڵ، جوانی، زانیاری) کە لە تەلەفزیۆن هەرسێ پێویستییەکەی کۆتایی بەدەستدێت.
* کاریگەری لەسەر زمانپاراویی.
* خۆشویستنی نیشتمان.
* هەڵسوکەوتو مامەڵەی شیاو...

زیانە پەروەردەییەکانی:-

بەکارهێنانی توندوتیژی، درەنگ خەوتنو درەنگ بەئاگاهاتنەوە، دانیشتن بۆ ماوەیەکی زۆر لەبەرامبەر تەلەفزیۆن، منداڵ وا لێدەکات هەست بە گرنگی کات نەکات، لە ئەرکەکانی قوتابخانەی دوادەخات...

زیانە تەندروستییەکانی:-

کەمکردنەوەی چالاکی جەستەیی، تەممەڵیوگێژبوون، قەڵەوبوون، کاردانەوەی لەسەر بیرکردنەوەو مێشك...

زیانە دەروونییەکانی:-

ترس بەتایبەت تاتەمەنی بچوك تربێت، لەدێوو ئەو شتانەی باس لە خورافیاتو شتی نادیار دەکەن.

ماوەتەوە بڵێین مامۆستایەك لەماڵەکانماندا منالەکانمان پەروەردە دەکات، بەو شێوەی دەیانەوێت لە ڕاگەیاندنەکانەوە، تکایە ئاگاداری ئەو مامۆستایە بن.

لە توێژینەوەیەکدا هاتووە کە باس لە ئەفلام کارتۆنەکان دەکات بەشێوەیەکی گشتی، کە بەم شێوەیەن:-

لە ٢٩،٦٪ پەیوەندییان بە سێکسەوە هەیە بەڕاستەوخۆ، یاخود ناڕاستەوخۆ.

لە ٢٧،٤٪ چارەسەرە بۆ کەتنو توندوتیژیو شەڕو ئاژاوە.

لە ١٥٪ باس لە خۆشەویستییەکی ئارەزوو بازی ئاشکرا دەکات.

ئەو ڕێژەیەی کە ماوەتەوە باس لە خاڵە ئەرێنییەکانی ئەفلام کارتۆن دەکات، بەوپێیەش زیانەکانی زۆرترە لە سوودەکانی.

لێرەوە دایکانو باوکانی ئازیز خۆتان بڕیار بدەن، ئایا منداڵەکانتان دەسپێرن بە تەلەفزیۆن؟ تا بەو شێوەیەی دەیەوێت پەروەردەیان بکات؟

گوڵان حەمەئەمین



نامەیەك بۆ دایكان

زاهیر زانا

دایــك ئەی قوتابخانەی یەكەم، ئەی پەیمانگای پەروەردەو ئەی دەریای ســۆزو خۆشەویســتیو خۆنەویستی، ئەی كانگای پڕ سۆزو میهرەبانیو فیداكاری، ئەوە بەسانایيو لەخۆڕا نییە خودا بەهەشــتی خۆی خستۆتە ژێر پێتەوە، بەڕاستی شیاوی ئــەوەی، ئەوە ئێمەین هەموو قــەرزاری ئێوەینو هەرگیزیش ناتوانیــن ئەو قەرزەمان بدەینەوە، چونكە هەرچەندە خاوەن وەفــاو ئەمەكبین، نەك ناكاتە هەڵگرتنی نۆ مانگ بە چەرمی ســكو شــەونخونییەكانی تۆ، بەڵكو ناگاتە یەك ســات ئازارو ژانی تۆ.

دایك ئەی كشــتیارو باخەوان، تۆ زۆر بەتەنگ پاراســتنو سەلامەتی نەوەكانتی، ئەگەر جوتیار حەزبكات بەروبوومەكەی بەپیــتو بەرەكەتبێت، ئــەوە هەموو دایكێك حــەزو خولیاو

ئاواتی ئەوەیە نەوەکانی سەربڵندو سەرکەوتوو خاوەنی ڕێزو شکۆو بەقەدربن‌و لە خۆی بەرزترو بەناوبانگتربن، بەڵام خۆ تەنها ویستن‌و دڵسۆزی نامانگەیەنێتە ئامانج‌و ئەنجام، بەڵکو دەبێت بۆ بوون بە دایك خۆ ئامادەبکەیت‌و پلان‌و بەرنامەت هەبێت‌و لە ڕۆڵ‌و ئەرکەکانی دایکایەتی تێبگەیت‌و بزانیت ئەو منداڵە کە وەك هەویرێك بەدەستی خۆتەوەیە چی لێ دەسازێنیت، دەبێت بزانیت چی لەسەر ئەو لاپەڕە سپییە دەنووسیت سبەینێ ئەوە دەخوێنیتەوە.... ئەی دایکی میهرەبان، وەك چۆن لە تۆ پێکهاتوین‌و لەجەستەو خوێن‌و ئێسقانی خۆت بەشت داوین، ئاوهاش پڕمان بکە لە مەعریفە، لە پەروەردە، لە زانست‌و ئیرادەو کەرامەت، پڕمان بکە لە خۆشەویستی‌و مرۆڤ بوون!!

دایکی خۆشەویست‌و ئازیز، توێژینەوەکان ئاماژە بە ئەوە دەکەن منداڵ پێش لەدایکبوونیشی لە ژێر کاریگەری هەستەکانی دایکیایەتی، هەر ناتەواوی‌و پشێویەکی دەروونی‌و جەستەیی‌و تەنانەت ئەو خواردنانەش کە دایك دەیخوات کار دەکاتە سەر کۆرپەکەی، بۆیە دەبێت پێش ئەوەی ئەو ئەرکە گەورەیە هەڵبگریت بڕیاری خۆ تەواوکردن بدەیت‌و کەم‌و کورتییەکانی ژیانی خۆت باش بکەیت، بەدوای خاڵە لاوازەکاندا بگەڕێیت‌و بنەبڕیان بکەیت‌و نەریتە خراپەکانت بگۆڕی بەبەها باش‌و جوانەکان‌و کەسایەتییەکی بەهێزو پتەو بۆ خۆت دروستبکەیت‌و دنیا بینییەکی فراوانت هەبێت، کەسایەتییەك کە پڕبێت لە وزەو گەشبینی‌و دڵنیایی‌و ژیاندۆستی، لەبەرئەوەی تۆ ئیتر دەبیتە سەرمەشق‌و مامۆستاو هەموو هەڵوێست‌و گوفتارو ڕەفتارەکانت لە ژیانی نەوەکەتدا ڕەنگ دەداتەوە، دایکی ئەزیز زانست ئەوەمان پێ دەڵێت کە منداڵ لە تەمەنی یەك بۆ پێنج ساڵی بەشی هەرە زۆری کەسایەتی بونیات دەنێت کە ڕەنگە ئێمە حسابێکی وای بۆ نەکەین، یان وادابنێین هیچ نازانێ! لە کاتێکدا منداڵ لە پێش هاتنە دنیای دەستدەکات بە تۆمارکردنی شریتی ژیانی‌و پاشان لەسەر بنەمای ئەو بەهایانەی لە منداڵیدا بۆی دروست دەبێت لەگەڵ کایەکانی ژیان مامەڵە دەکات‌و بۆ خۆی‌و ژیان‌و دەوروبەری دەڕوانێت‌و هەوڵ‌و تواناکانی دەخاتە گەڕ، هەروەك بەشێکی زۆری سەرکەوتن‌و شکستەکانیشی پەیوەندییان هەیە بەو پەروەردەیەی لەسەری گۆشکراوە، ئایا فێری هەوڵدان‌و ئازایی کراوە، یاخود ترسنۆك‌و مشەخۆری، ئایا کەسایەتی لە منداڵیدا نەشکێنراوە بۆ نموونە زانایان دەڵێن: ئەگەر منداڵێك لەلایەن دایك‌و باوکییەوە بەگێل بانگ کرابێت، ئەوا گەر لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا لەناو سەد کەسدا کە پشیان لە تۆیە بانگ بکەی گێلە، ئەوا ئەو ئاوڕ دەداتەوە..! ئەزیزان لە کوردەواریدا وتراوە: (خوی شیری هەتا پیری)، بۆیە دەبێت بەئاگاییەوە بزانین چی خویەك بۆ منداڵەکانمان دروستدەکەین، ئایا خولیایان سەرکەوتن‌و بەختەوەری‌و یارمەتیدانە؟

ئایا ڕاستگۆیی‌و ئەمانەتپارێزی‌و دەستپاکیمان بۆ کردونەتە بنەمای ژیانیان؟

لەپشت هەموو کەسێکی سەرکەوتووەوە دایکێکی بەقەدرو گەورەو تێگەیشتوو هەیە، بۆیە دایکانی بەڕێز بائەرك‌و ڕەنج‌و ماندووبونەکانتان بەفیڕۆ نەچێت‌و ئەو دارەی تەمەنێك بەگەورەکردنیەوە خەریکبون ببێتە دارێکی بەرهەمدارو سێبەرخۆش، هەر ئەمەش پێویست دەکا لەسەرمان ئاگاداری پەروەردەکردنی نەوەکانمان بین، فێری کۆڵنەدان‌و خۆڕاگری‌و هیممەتبەرزیان بکەین‌و فێریان بکەین دوای شکستەکان هەستنەوەو بەردەوامبن‌و خۆشیەکانیش بێ ئاگایان نەکات، هەمیشە هەوڵی ئەوە بدەن باشترینەکان ببیستن‌و باشترینەکان بڵێن‌و باشترینەکان ئەنجام بدەن، ڕێنمونیان بکەن بۆ سەرکەوتن، پێویستە پشت بەتواناکانی خۆیان ببەستن، نەك شکستی کەسانیتر، بیریان بهێنینەوە بەشکاندنی قاچی ئەوانی تر مرۆڤ باشتر ڕێ ناکا! بەڵکو بە بەختەوەرکردنی خەڵکانی تر، ئەم بەختەوەر تر دەبێ‌و بەڕۆشنبیرکردنیان ڕۆشنبیرترو بەهاوکاریان گەورەو بەڕێزتر....

دەبێت ئێمەو ئەوانیش فێربین بۆ ڕەواندنەوەی تاریکی مەشخەڵێ بگرین بەدەستمانەوە...

ئێوە ئەوان بۆ سەردەمی نوێ پەروەردە بکەن، با ژیانی ئەوان باشترو جیاوازتر بێ لە ئێمە، ئیتر کاتی ئەوەیە هەر دایکێك نەوەیەکی ناتوندو تیژو میهرەبان‌و چالاك بنێرێتە ناو کۆمەڵگە تا بەم شێوەیە کۆمەڵگا بۆنی بەهەشت بگرێ‌و زەوی دووربێ لەچاوچنۆکی‌و لولەی تفەنگەکانیش بێدەنگ بن... ئەم کارە بەسیاسی‌و فەیلەسوف‌و شاعیران ناکرێ، ئەمە کاری تۆی دایکە کە دایکی هەموو ئەمانەیت‌و دەتوانی ژیان بگۆڕیت‌و بۆن‌و بەرامەی ژیان گوڵاویی بکەیت‌و وەك باران میهرەبانی بخەیتە دڵەکانەوە....

دایکی نوێ.... هەر ئێستا دەست پێ بکە، فێرمان بکە خۆمان‌و دەوروبەرمان خۆشبوێ‌و جیاوازییەکان قبوڵبکەین‌و ڕێزی بەرامبەرەکانمان بگرین، فێرمان بکەن پشت بەخۆمان ببەستین‌و بەرهەمهێن‌و خەمڕەوێن بین، هاوکارمانبە تا بگەینە بیرێکی تیژو فراوان‌و دڵێکی ئاسودەو ئاوەدان، ئەمە بەرزترین کارێکە لە ڕێگادا، هەموو مرۆڤێکی ژیر دەزانێت دروستکردنی مرۆڤ‌و پەروەردەکردنی زۆر گەورەترە لە دروستکردنی فڕۆکەو کۆشکی هەور بڕ.. باشترین مامۆستاو ئەندازیاریش بۆ ئەم کارە ئەو بوونەوەرە مەزنەیە کە پێی دەوترێت دایك بەڵێ ئەوە (تۆیت!)، ئێمە هەمووان چاومان لە دەستی تۆیە تا لەو ڕێگەیەوە دنیایەکی جوانترو فەنتازیتر ببینین.... چاوەڕێین تۆش نا ئومێدمان نەکەیت‌و هەر ئێستا یەکەم هەنگاوەکانی ئەو ڕۆڵە مەزنە هەڵبگریت، تا ئێمەش لێرەوە مژدەی دنیایەکی جوانترو جیهانێکی ئارام‌و پرشنگدار ڕابگەیەنین.

کڵاوەکان

شناویا محەممەد ئەحمەد

کورتــە چیرۆکــی کڵاوەکان، چیرۆکێکــی دراماتیکیە لە ڕووخســارێکی ئەفســانەدا، باس لە ژیانی کچێك دەکات کە زۆر بە ســانایی هەڵسوکەوت لەگەڵ ژیانێکی ئاڵۆزدا دەکات، ئەو بە جوانییە ڕووکەشییەکان فریو دەدرێتو بە دڵێکی پاکو هەستێکی ناسك هەڵبژاردەکانی هەڵدەبژێرێت. لە ئەنجامی ئەمەشدا ژیانی بریتی دەبێت لە ئازارو ناخۆشی هەتا ئەو کاتەی کە لە ڕاستییەکان تێدەگاتو ئەوە دەخاتە مێشکو دڵی کە میهرەبانی لە هەموو کاتدا میهرەبانیت بۆ دەهێنێت.

ســەرەتای زســتانێکی ســارد بوو، هەوایەکی بەفرینی هەبوو کاتێك لەگەڵ ســیمادا کە خۆشەویســترین هاوڕێمە بە لەســەرخۆییو شادییەکی بێ وێنە بە ناو شەقامەکانی شاردا گوزەرمان دەکرد، ئێمە وێنەی دوو مرۆڤی بەختەوەربووین، ڕەوشتبەرز، سەرکەوتوو، لێو بەخەندە، دڵ پڕ لە هیوا، بە جۆرێك کە هاوڕێکانمان ئیرەییان پێ دەبردینو دراوسێو خزمەکانمان ئاواتیان دەخواست کە منداڵەکانیان وەك ئێمە بن، چونکە ئێمە لە لوتکەی متمانەو سەرکەوتندا دەژیاین.

بۆ یەکەم جار کە بینیم، لە دوکانێکدا دانرابوو بۆ فرۆشتن، کاتێك سەیرم کرد لە شوشەی دوکانەکەوە بە ڕەنگێکی سووری ئاڵ کە لێوارەکانی بە مرواری ڕوپۆشــکرابوو منی فریودا بۆ کڕینی، من ڕۆیشــتمە ناو دوکانەکەوە بە مەبەســتی کڕینی، بەڵام کاتێك پێشنیاری کڕینی کڵاوێکم بۆ ســیما کرد، ســیما ڕەتی کردەوەو ئاگاداری کردمەوە کە ئەو کڵاوە نەکرم، چونکە ئەو جۆرە کڵاوانە مەترســیدارنو

ڕەنگە ژیانم بشێوێنن، بەڵام من سووربوم لەسەر کڕینی، چونکە جوان بوو، سەرنجڕاکێش بوو، خۆشم دەویست، وا هەستم دەکرد کە ببێتە ئەو کڵاوانەی کە لە فیلمە ئەفسوناوییەکاندا هەیەو ژیانێکی خەیاڵیم پێدەبەخشێت.

ماوەیەك بەسەر کڕینی کڵاوەکەمدا تێپەڕ بوو، ڕۆژبەڕۆژ ئەو جوانتر دەبوو، بەردەوام لەسەرمدا بوو، دڵخۆشبووم لەگەڵیدا، تەنانەت بەشێوەیەك کاریگەری لەسەرم هەبوو کە هەموو کات لەسەرمدا بوو، لە کارکردنمدا، لە کاتی نوستندا، لە دەرەوە، لە ماڵەوە.. ئێمە هەموو کاتو لە هەموو شوێنێك پێکەوە بووین، بە تەواوی ئالودەی ببووم، بۆیە ڕۆژێك بڕیارمدا کە کڵاوەکەم لەسەر سەرم لاببەمو بیچەسپێنم بە دڵمەوە!!! بڕیارێکی شێتانە بوو، بەڵام لە کۆتاییدا هەر ئەنجامم دا، هەر لەو کاتەدا کە کڵاوەکەم چەسپاند بە دڵمەوە شتەکان گۆڕان، ئەفسانە ڕوویدا، بەڵام ئەفسانەیەکی ڕەش!!

وردە وردە کڵاوەکەم منی دوورخستەوە لە بیروباوەڕەکانم، وای لێکردم کە هەموو کاتەکانم بۆ ئەو تەرخان بکەم، تەنانەت دوورکەوتبوومەوە لە سیمای هاوڕێشم کە هەموو کات وەك خوشك وابووینو هەوڵمانداوە بەختەوەریو خەندە بڵاوبکەینەوە.

ئەو دووریخستمەوە لە خەونەکانم، وایکرد کە نەتوانم بە باشی ئەرکەکانم جێبەجێ بکەم، من دواکەوتم، لە قسەکردن، لە پێشکەوتن.. لە هەڵسوکەوتی جوان، لە خوێندن، من هەموو کات دەڕۆیشتم، دەجەنگام، ماندوودەبووم، شەونخونیم دەکرد، تەنها بۆئەوەی بگەمە ئەنجام، بەڵام لە ئەنجامەکەم نوسرا (شکست)!!!

ڕووخسارە جوانە ئاڵەکەم، ببووە ڕووخسارێکی زەردباوی ماندوو، هەڵسوکەوتە سەنگینەکانم ببوونە هەڵسوکەوتێکی هەرزانە، من چرکە بە چرکە لە گۆڕاندا بووم، بەڵام گۆڕان بەرەو خراپبوون، ڕەشبینیو نائومێدی تەواوی ژیانمی داگیرکردبوو، تەنها فرمێسکەکانم هاودەمی ئازارەکانم بوون، هەندێك کات بەخۆمم دەگوت: ئەمە ئەو ژیانەیە کە من ئاواتم پێدەخواست؟!!!!!

بوومە کەسێکی ناپەسەندو نەویستراو، متمانەو ڕێزو خۆشەویستیم لەدەست دابوو، خەڵك بە خراپ باسیان دەکردم، ئەوان پێیان وابوو کە من شایستەی ژیانێکی لەوە باشتر نیم، دەیانگووت: کە تۆ تەنها لە ژیانە خەیاڵییە بێ مانایەکەتدا بژی، ئەوان نەفرەتیان لێدەکردمو پێم پێ دەکەنین لە کاتی کەوتنەکانمدا، لە جیاتی ئەوەی دەستم بگرن!!

بە هەرحاڵ، ژیانم ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبوو، چومە ناو زیندانێکەوە کە تەنانەت ئاسمانەکەشم ڕەنگی ڕەشی پۆشیبوو، من کەوتبوومە مەرگەوە لە ژیاندا، لە مەرگیش بەئازارتر مەرگە لە ژیاندا، بۆیە ناچاربووم بڕیارێکی گەورە بدەم لە ژیانمدا، من بە بڕیارێکی شێتانە ژیانی خۆمم شێواند، لەبەرئەوە پێویستیش بوو کە بڕیارێکی ژیرانە بدەم، تا ژیانم ئاسایی بێتەوە.

هەر ئەو ڕۆژەی کە دەمویست بگەڕێمەوە بۆ ژیانی پێشووم، هەر لەو کاتەدا کە هەستم کرد کەسێك هاتۆتە ناو جەستەمەوە کە هەڵگری ڕۆحێکی شەڕەنگێزانەیەو بە ڕکێفی خۆی ژیانم بەڕێ دەکات، هەر ئەو کاتەی کە فرمێسکەکانم سڕی بەهۆی قسە بەردینییەکانیەوە، بڕیارم دا کڵاوەکەم لە دڵم لێبکەمەوە!!

ئەمە کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە کڵاوەکەم چەسپاندبوو بە دڵمەوە، ئەگەر ئەو کارە بکەم پێویستە بەشێك لە دڵیشم ببڕم، بەڵام بینینی ئازارو ناخۆشییەکی بێ ئەندازە، وایلێکردبووم کە بە خراپترین ڕێگەچارەش ڕازیبم.

هەر ئەو ڕۆژە دەستم کرد بە بڕینی دڵم.. خوێنێکی ڕەنگ ڕەشی تۆخ، ئازارێکی زۆر، تەنانەت دڵنیا نەبووم کە دەتوانم دوای ئەوە بژیم، یان نا، من کارەکەم ئەنجامدا، بینیم ئەو بەشەی دڵم کە بە کڵاوەکەوە چەسپ ببوو، وەك سییەکانی جگەرەکێشێکی لێهاتبوو، ڕەنگی کڵاوەکەش سورێکی ئاڵ نەبوو، بەڵکو ڕەشێکی پیس بوو، من هەردووکیانم بەرەو دۆزەخ فڕێدا، کاتێك زانیم فریویان دابووم، کڵاوەکەم بە جوانیو ڕووکەشیو دڵیشم بە سادەیی!

پاش ماوەیەكو تا ڕادەیەك ژیانم ئاسایی بووەوە، وەك کچێکی ئاسایی ڕەفتارم دەکردو دووبارە توانیم ڕەنگی سپی بپۆشم، ئاسمانەکەم ڕەنگی شینی پۆشییەوە، مانگو ئەستێرەکان بوونەوە بە هاوڕێم، وردە وردە درێژەم بە کارەکانم داو توانیم سەرکەوتن بەدەست بهێنم، دووبارە خەندە گەڕایەوە سەر لێوەکانم.. بووینەوە هاوڕێو خوشکی خۆشەویستیش لەگەڵ سیمادا، دواجار ژیانم گۆڕا بۆ ئەو شێوەیەی کە خۆم دەمەوێت، ئیدی بڕیارم دا کە هیچ کات بیر لە کڕینی هیچ کڵاوێکی تر نەکەمەوە.

ڕۆژێك، بەیانییەکی جوان کە چۆلەکەکان ماڵەکەمیان پڕ کردبوو لە ئاواز، نامەیەکم بینی کە لەسەر زەویەکە کەوتبوو، لەگەڵ پاکەتێکدا کە کڵاوێکی سپی تێدابوو، دیار بوو کە کەسێك دایناببێتو ڕۆیشتبێت، کاتێك نامەکەم خوێندەوە، من سەرسام بووم لە نامەکەدا نوسرابوو:-

پیرۆزبایی دروستکردنی ژیانە نوێیەکەت لێدەکەم، خاتوونی بەڕێز:- (هەڵەی تۆ لەوەدا بوو کە کڵاوەکەت چەسپاند بە دڵتەوە، دڵیشت ئاوێتەبوو لەگەڵ ئەو ژەهرەدا، هەر کاتێکیش دڵ ژەهراوی ببێت، ئەوا ژیان هیچ کات ناتوانێت دڵخۆشت بکات)!!

ئەو کاتانەی ئازارت دەچەشت، ئەو کاتە بوو کە تۆ جڵەوی خۆت دایە دەست دڵتو بە ئارەزووەکانی ئەو دەژیایت، ئەوە دڵت بوو کە ڕەنگی ئاسمانەکانی ڕەش کردبوو، نەك ئاسمان ڕەنگی ڕەش بێت، ئێستا تۆ دەتوانیت هەر کڵاوێکت بووێت بیکڕیت، بەڵام لە یادی نەکەی، شوێنی کڵاو سەرە نەك دڵ.

ڕاستە ئەو کڵاوە ڕەشە زۆر ئازاری دایت، بەڵام وانەیەکی زۆر باشی لێوە فێربوویت، دڵنیام کە تۆ لەمەودوا هەمیشە لە ژیانێکی خۆشدا دەبیت، چونکە ڕاستییەکان تێگەیشتوویتو بە خۆشییە کاتییەکان فریو نادرێیت، جڵەوی کارەکانت لە دڵت وەرگرتەوەو داتە دەستی عەقڵت! هیوادارم دەستە خوشکەکانت هەمان ڕێگەی تۆ تاقی نەکەنەوە، بەڵکو تاقیکردنەوەی تۆ ببێتە پەند بۆیان، زیرەك ئەو کەسە نییە لە هەڵەکانی خۆی پەند وەردەگرێت، بەڵکو زیرەك ئەو کەسەیە کە لە هەڵەکانی خەڵکی پەند وەردەگرێت!

پاش خوێندنەوەی نامەکە، تەنها توانیم فرمێسکەکانی سەر ڕووخسارم بسڕمو سەرم بەرزبکەمەوە بۆ ئاسمانو بڵێم: سوپاس، بۆ هەموو شتێك.

نازانم تۆ گەورەی، یا دونیا بچووکە!
ئەی بۆ لە هەر گۆشەیەکی ئەم دنیایەدا
هەست بە بوونی تۆ دەکەم!؟ (فروغ فروخزاد)

نیشتمانی دڵ

گەرمیانی

نەمدەویست کەسێکم خۆشبوێ، بەڵکو دەمویست شەیدای بم..
نەمدەویست خەڵاتی بکەمو سەروەتو سامانی بخەمە ژێردەست، بەڵکو دەمویست سەروماڵی بخەمە ژێر پێ!!

نەمدەویست ژیرانە خۆشم بوێ، دەمویست شێتانە شێتی بم!

نەمدەویست تەنها بۆنی گوڵاوی لێبێت، بەڵکو دەمویست سەرچاوەی عەترو عەبیرو گوڵاوی هەموو گوڵشەنەکانی دونیا بێت، جگە لەو ئیدی بە هیچ گوڵاوێك ئاشنا نەبم!

دەمویست لە نێو دڵیدا بژیم بۆ هەمیشە، لە هەناسەیدا بتوێمەوە! دەمویست نەتلەسی خەیاڵەکانم داگیربکات، گلێنەم ئەو نەبێ کەسی دی نەبینێت! دەمویست هەورو چەترو خۆرو کەپرو ڕەزو باخو خاکو ئاوو کەسو کارو گەلو هۆزو گۆچانەکەی دەستیشم با!!

دەبوو ئەو مرۆڤەبایە کە پێشتر هەرگیز نەمدیبوو، لە دوای ئەویش نەدەبوو هەرگیز بمدیبا!! دەمویست هیچم نەبێت جگە لە ئەو، ئەویش هەموو موڵکو سەروەتو سامانو مەملەکەتی من بێ!

ئەگەر سایەی سەری تۆ بێ بە تاجم
چ موحتاجم بە تاجو ئەفسەری کەی -ناری-

من هەموو زەویم پێ تەنگ بوو، جێگام نەدەبووەوە، دەرگا نەما لێی نەدەم، بەڵام هیچیانماڵی من نەبوون، تا ئەو کاتەی لە دەرگای ئەو دڵەم دا کە هی من بوو! تەنها من.........

پێشتر هەموو جیهان لە ئاواتەکانی مندا ون دەبوون، بەڵام ئێستا هەموو ئاواتو خۆزگەکانم لە گەورەیی ئەو دڵەدا ون دەبێت!
سرووەی ئەو مەملەکەتە دەڵێی نەسیمی بەهەشتە!
وای لەو ساتەی دڵێك دەبێتە نیشتمانت!!!

تۆ دەبیتە پارچەیەك لە ئەو، ئیدی هەنگاوەکانت لەگەڵ ترپەی ئەو دڵەدا ڕێك دەخەیت، ناتوانی بێ ئەو بیربکەیتەوە، چوون ئەو دەزانێت تۆ بیر لە چی دەکەیتەوە، حەزت لە چییە!؟داوای چی دەکەیت، دەتەوێت چی بڵێیت!

ئەگەر دڵ دلبەرە، دلبەر نەزانم!
ئەگەر دلبەر دڵە، دڵ دەن نیشانم
دڵو دلبەر ئەوەندە تێکەڵاون
جودانین بۆم دڵو بەندی گیانم -بابا تاهیری عوریان-

لەو توانەوەیەدا، لە فەنابوونی ڕۆحدا، لە ونبوون لە نێو گوڵستانی عومرا، ئەو کاتەی پێ دەخەیتە ئەو دیو دەروازەی دڵ، ئیدی چاوت بە مەملەکەتی ئەوین ئاشنا دەبێو هەموو ڕووپۆشەکان لەسەر چاوت لادەبرێن، ئەوسا بە چاوی خۆت هەموو حەقیقەتەکان دەبینی! دەگەیتە کانیاوی هەموو هیواو ئاواتەکانت.

ئەوسا دەزانیت تۆ پێشتر هیچ نەبوویت، هەموو هەناسەکانت جگە لە حەسرەت چیدی نەبوون، ئاخر هەناسەیەك بێ میسكو گوڵاوی هەناسەی ئەویندار، چی ڕاحەتێ دەبەخشێ بە ڕۆح؟

ئاخر دیدەیەك بێ دیداری خەزنەداری گەنجینەی دڵ، چی دەبینێت؟

بێ چرپەی ڕۆح بە چی ئاوازێك ڕۆحت مەستە بێ!؟

پەروانەی حەزو تاسەت ئاوێزانی چی شەمێك دەبێت؟

دەبێتە باڵا گەردانی کێ!؟ کێ بێتو گەوهەری وجودت بدۆزێتەوەو........ ناسنامەی بوونت پێ ببەخشێ!

کەی دەگەیتە دامێنی ئیمپراتۆری دڵت!؟

بە دڵ خۆزگەم بەوانەی وان لە سەودات
کە هەردەم دادەنیشن، سەریان لەسەر پات
هەزار خۆزگەم بە ئاواتی کەسانێ
کە دەخوازن لە دڵدا تۆ بە ئاوات -بابا تاهیری عوریان-

ئۆخەی سەمەری عومرو فەرمانی هەزاران شەوی چاوەڕوانیو سەداو زایەڵەی هاوارو ناڵینی نیوەشەو، لە کۆتاییدا تەشریفت هێناو دەستت گرتم بەرەو ژووانی ڕۆح! بەخێر هاتی سەر دیدەکانم!

بە هاتنت ئیدی باڵی فریشتەت پێ بەخشیم، کەشکۆڵی خەمەکانت لێوەرگرتم خەیاڵەکانت کردم بە حەقیقەت، شەوەزەنگت کردم بە چراخان، ئای چەند کەس بە حەسرەتی ئەم ڕۆژەوە مردنو نەگەیشتنە تۆ!

قەسەمت نەدەم وەزات ئیلاهی
وەسڵی دۆستخۆشە، یاگەنجی شاهی؟ -عەباسی کەمەندی-

بێگومان بۆ کەسێك گەیشتبێتە مەئمەنی ڕۆحی، ئیدی شا بە سەپان ناگەڕێو ئاوڕ بۆ لای گەنجینەی شاهانە ناداتەوە!!

دوای دەیان ساڵ سوتانو هەڵقرچانو فێڵو عەوداڵبوونو تاسەو حەسرەت، ئەوسا دەزانی گەیشتن بەو کەسەی کە پەراوی ڕۆحت دەخوێنێتەوە، چی خەڵاتێکی گەورەیە! ئەو کەسەی دەزانێت تۆ عەوداڵی چیت! ؟ پێویستت بە چییە!

چونکە ئەو شارەزای کونجو کەلەبەرەکانی ڕۆحو گیانی تۆیە!

ئیدی پەردەکان لەسەر بینایت لادەبرێن! دەچیتە نێو مەملەکەتی ئەوین، لەوێدا لە دەریای ئەویندا پاك دەبیتەوە، دەبیتەوە مرۆڤ!

گوێت لە دەنگێك دەبێت لە ئاوریشم نەرمتر، مەستی گوڵاوێك دەبی لە میسكو عەنبەر زۆر سەیرتر، ئیدی نیگای نورینت بۆ لای باقو بریقی ڕێگا ناڕوانێت! ئیدی جگە لە باوەشێك، خەون بە ژوانێکی دیدەوە نابینی!

ئیدی ناتەوێت جێیبهێڵی، ناتەوێت چرکەیەك لێی دورکەویتەوە! ناتەوێ پێڵوی چاوەکانت لێك بنێیو بنووی! چۆن دەتوانی ئەو شەمسی ئەنوارە فەرامۆشکەی!؟

وەنەوزێکم شەوێ دا، گەیە سەرەو
وتی: هەستە، هەتاوت وا لەسەرکەوت -مەحوی-

شەوانە بێ خەیاڵی ئەو ئۆقرە ناگری! بێ دەنگی ئەو خەونابێتە میوانت! بێ بۆنی هەناسەی ئەو ڕۆحت پشوو نادات! ئەو کات دەزانی مەحوی بۆ دەڵێت:

لە دنیا جەننەتی خۆ دیوە هەر کەس
کە تۆ بێ حازری، وەختی وەفاتی!

ژیان لەگەڵ هاودەمی ڕۆحت شنەیەکە لە بەهەشتەوە هەڵدەکات، کاتێك فێری ئەو جۆرە ژیانە دەبیت، ئیدی ناتوانی دەستبەرداری بیت!

وەکو منداڵ بۆی دەگریت، ئیدی ناتوانی ڕازی ئەوینت داپۆشی، ناتوانی فرمێسکەکانت بشاریتەوە، ئاخر تۆ پێشتر زیندوو نەبووی! ڕۆحت تێدا نەبوو! نەتدەزانی تۆ چی مەخلوقێکی! بۆچی دەژیت؟

تازە فەرمووتە لە لای کەس ڕازی عیشقی من مەڵێ
نەت دەزانی دڵ کە کون بوو، دەنگی لێدێ وەك جەرەس -حەریق-

ئەوین دەروونەکان پاك دەکاتەوە، سینەی مرۆڤەکان بە ئاوی زیو دەشۆرێت، جگە لە سۆزو خۆشەویستی هیچی دی لە نێو دڵی ئەویندارا جێگای نابێتەوە، بەڵکو دڵ دەبێتە دەریایەك شەپۆلی خۆشەویستیو هەستو نەستو سۆزی مرۆڤانە، خۆی بە نێو مرۆڤەکاندا پەخش دەکاتو جیهان دەکاتە گوڵستان!

ئەوەی ئەوینی ناسیبێ، ئیدی دەبێتە موریدو سائیلی ئەو عەتا بێ وێنەیە! بێ زەکاتی ئەو حوسنە بێ نەزیرە ڕۆح لە زیندەگی حەقیقی مەحروم دەبێت!

من بە شەرعەن موستەحەقم بۆ زەکاتی حوسنی تۆ
تۆ کە صاحێب دەوڵەتی، بێ بەش لە ئیحسانم مەکە -ناری-

تەنها لەوێدا مرۆڤ لە خودپەسەندیو خودپەرستی قوتاری دەبێت، ئیدی خۆی نابینێت نەفس پەرستی یەخەی بەردەدات، لەسەرو ماڵی خۆی دەبورێو شاباشی ئەو کەسەی دەکات، نوقمی مەحەببەتی پاکی ئیلاهی دەکات.

وانەی ئەوینی ئیلاهی لا دەخوێنیو بە نەشئەی "سلام علیکم طبتم فادخلوها خالدین" مەستم دەکات ئیدی بۆ خلودی ئەبەدی هەنگاو دەنێت، پوشو پەڵاشی ئەم دنیایە فریوی نادات، باقو بریقی فانی غافڵگیری ناکەن!

هۆ ئیمپراتۆری دڵم، شازادەی مەملەکەتی ئەوین، گەیشتنم بە تۆ، گەیشتنم بوو بە جەماڵی حەقیقیو دەریای حەقایقی سەرمەدیو ڕازو نیازی ڕۆح، ئەگەر تۆ دەرگای دڵت بۆ واڵا نەکردبام، ئێستا دیوانەی کام بیابانی دۆزەخ دەبووم!

من چۆن بتوانم سوپاست بکەم کە ئێستا بەهەشتی دڵی تۆ نیشتمانە!

ئای لەو ساتەی مرۆڤ دەگات بەو کەسەی لە خۆت زیاتر خۆشی دەوێی!!

ئەو کاتەی خۆت لە بەرزترین نموونەدا دەدۆزیتەوە، بە هەموو ئەو خۆزگەو ئاواتانەوە، کە ئاواتی عومرت بوون!

ئیدی لەو ئەویندا چۆن ناتوێیتەوەو لەو دەریایەدا فەنانابی!؟

هەر کە دەتبینم دەڵێی تۆ شەمو من پەروانەتم
تا سەرپای نەبمە کۆی زوخاڵ قەت ئارام ناگرم -وەفایی-


نامە نوریەکان
نامەی بیست و نۆ
ع. ش. شێرکۆ

پروشـــەی وردە بارانێکی هێمن بوو، بەرەو نوێژی شـێوان هەنگاوم دەنا، دەنگی بانگەکە نەوایەکی حەزین بوو، دەتگوت ئەویش هەست بە دوا ڕۆژەکانی بەهارو نزیکبوونەوەی وەرزی گڕەو گەرمای هاوین دەکات.

بارانەکە لە فرمێسکی ماڵاوایی دەچوو، وەکو ئەوەی بڵێت ئیدی تا پاییزێ ناتانبینم! دەزانم گڕی دوور لە ناخەوە دەتان سـوتێنێ وەلی خودا یاربێت، جارێکی دی بە دیداری یەکتر شاد دەبینو پڕ بە سینگتان بۆنی باران دەکەن!

لەوێـدا دیمەنـی پەیامبـەری ئازیـزم هاتە پێش چـاو، ئەو ئەوینداره شـەیدایە چۆن بەرۆکی دەکردەوە بۆ پروشـەی یەکەم ڕێژنـەی بارانو دەیگوت ئـەو دڵۆپانە تازە لـە لای خوداوەندەوە هاتوون، چوون لە ئاسمانی ئەوەوەو بە فەرمانی ئەو دێنە خوارێ!

ئـەو پەیامبەرەی هەمیشـە ڕووی دڵو چاو دەسـتو هەسـتی لە ئاسمان بوو، سڵاو لە بەرۆکێك ئەسرینی زەویو ئاسمانی تێدا جەم بووە!

سـاتێك بە ئایەتی ﴿ إِنَّ فِي خَلْقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱخْتِلَٰفِ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ لَءَايَٰتٍ لِّأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿١٩٠﴾ ﴾ آل عمران: ١٩٠

تەڕدەبێتو ساتێکیش بە فرمێسکی هەورە سپییەکان.

بـێ ئیرادەی پێش وەخت لە نوێژدا سـورەتی (حجرات)م خوێند، لە ڕکاتی دووەمدا کە گەیشتمە ﴿ وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ فِيكُمْ رَسُولَ ٱللَّهِ ﴾ الحجرات

هەسـتکردن بە غوربەتێکی تاڵ گەرووی تاساندم، دەبێت چی بەهەشتێك بووبێت ئەو شارەی کە پێغەمبەر تێیدا بووە؟

دەبێت وجودی ئەو دڵە سپییە چی وجودێکی هەبووبێت؟

چ خۆشـییەك ڕووی لە کەسـانێك کردووە کە بەیانیو ئێوارێ، چاویان بە سورمەی دیداری ئەو نازدارە ڕشتووە!

چ حاجـەت نەرگسـی مەسـتت بکەم وەسـفی بـە مەخموری
کە چاوێ سورمەکێشراوی خودایی بێ لە کل چ بکا؟ -مەحوی-

لە هاتنەوەمدا خەمێکی سەیر باڵی کێشا بەسەر دڵمدا، بەزەیم بـە حاڵی خۆمدا هاتـەوە، من لە کوێی مەقاماتـی بەندایەتی بۆ خـوداو موتابەعەکردنـی پەیامبـەردام (درودی خـودای لێبێت) پەیوەندیـم لەگەڵ خودا چۆنە، وەکـو بەندەیەکی بچووك لەگەڵ خودایەکی گەورەدا چۆن مامەڵە دەکەم؟!

ئێمـە لـە زەمەنـی ﴿ وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ فِيكُمْ رَسُولَ ٱللَّهِ ﴾ دا نەژیاین، نەمانتوانی لەسـەردەمی پێغەمبەرسـتانو مەدینەی مونەوەر، بە نوری نبوەتدا بژین!

نەماندەتوانـی یەکێك بین لەو هاوەڵانەی قوتابخانەی محمدی بینو لەسەر دەستی ئەو پەیامبەرە ئازیزە هێندە بەهرەمەند بین، لە نوری پەیامەکەی کە "مەحوی" لە وەسفیاندا دەڵێت:

بـە نوری عەکسـی پێغەمبەر ئەوەنـدە مونعەکیس بوو بوون
غەریبـی تـازە هاتـووە دەیـوت: ئـەم پێغەمبەرسـتانە

وەلـێ خۆ پـەروەردەی ئـەو پێغەمبەرە لـە قورئانی پیرۆزو سـوننەتە جوانەکانیـدا نەخشـێنراوە!؟ ئەو وەسـفەی کە دایکە ئایشێی دایکی باوەڕدارانو خۆشەویستی پێغەمبەری نازدار وەسفی کردووە لە نێوماندایە "كان خلقه القرآن"!

خـۆ ئەو دوای خـۆت ئێمەی فەرامۆش نەکـرد، ڕۆژی دوایش پێـش هەمووومـان دەگاتە گۆڕەپانی مەحشـەرو لەسـەر حەوزی شەریفی چاوەڕوانمان دەکات!

ئەو پێغەمبەرە خۆشـی دەویسـتین، لە دوا چرکەکانی ژیانیدا بۆ دووریمان فرمێسکی ڕشتو بۆ میهرەبانیو سۆزی ئیلاهی ناڵەی نزای بەرەو کردگار بڵند کرد! چی باوەڕدارێك سەدای "أمتي أمتي" لە ناڵەی گوێچکەیدا نازرنگێتەوە!؟

تـا ئەو کاتەی ئـەم دونیا فانیەی بەجێهێشـت ﴿ وَٱعْبُدْ رَبَّكَ حَتَّىٰ يَأْتِيَكَ ٱلْيَقِينُ ﴿٩٩﴾ ﴾ الحجر: ٩٩ دروشـمی بوو، لە مەداریجی عبودیەتدا بەرەو لای خوداوەند هەڵدەکشا!

بە هاوڕێکانی دەگوت: " کن فی الدنیا کأنك غریب او عابر سبیل"

تا هەمیشـە وەکو نامۆیەك بە ژیـانو ڕێبوارێکی کاتی مامەڵە لەگەڵ دونیادا بکەن!

لاوێکـی وەکـو عەبدوڵای کـوڕی عەباس بانگ دەکاتو لەسـەر بیروباوەڕێکی پتەو پەروەردەی دەکاتو پێی دەفەرموێت: ئەی کوڕی لاو فەرمانەکانی خودا بپارێزە خودا دەتپارێزێت، چاودێری فەرمانی خوداوەند بکە ڕووت لە ئەو بێت ئەویش هەمیشە ڕووی لێت دەبێت.

هـەرکات داوات کرد تەنها لە خودا داوا بکە، داوای کۆمەك تەنها لە ئەو بکە دڵنیاشـبە ئەگـەر هەمو خەڵکی کۆببنـەوەو بیانەوێت سـودێکت پێبگەیەنـن ناتوانن جگـە لەوەی خوداوەنـد بۆی دیاری کردووی، هاوکات ئەگەر هەموو خەڵکی کۆببنەوەو بیانەوێت زیانێکت پێ بگەیەنن، ناتوانن جگە لە کارێك کە خودا دەیەوێت توشت بێت! قەڵەمی قەدەری خودا هەڵگیراو میدادی پەڕاوی قەدەر وشکبوونەوە!

ئازیـزم: گەر پرسـیارێك لە خۆمان بکەین: ئایا ئێمە لەم وەسـیەتو ئامۆژگارییەی پێغەمبەر "درودی خوای لێبێت" چەندمان جێبەجێ کردووە؟

تـا چەند دڵمان بە خوداوەندەوە بەندەو بە تەواوی تەسـلیم بوویـن، تا چەند دڵمان داوەتە دەسـتی خـودا، چەندە متمانەمان بەهێزو دەسەڵاتی خودا هەیە، بە گوفتار نا، بەڵکو بە کردار؟!

تا چەند هەموو داواکانمان بۆ لای ئەو بڵند دەکەین! تا چەند چاوەڕوانی فەڕو فەزڵو میهری ئەوین؟ تا چەند خوداوەند وەکیلی سەربەخۆی هەموو کارەکانمانە؟

تا چەند هەموو کارەکانمان سپاردووە بە ئەو؟!

تـا چەند ئاسـودەو دڵنیایـن.. چەندیش نیگـەرانو خەمبارو ناڕەحەتو بێوازین؟

ژیان لەگەڵ خودا ئازیزم بەهەشتی ڕۆحە، کانیاوی سەرفرازیو ئۆخژنی دڵە. ڕزگاربوونە لە ترسو لەرزو دڵەڕاوکێو خەمو پەژارە!

ناسینی خوداو ئاشنابوون بە هێزو دەسەڵاتو ناوە جوانو سیفەتە بەرزەکانو ڕازیبوون بە قەزاو قەدەری ئیلاهی، تاکە ڕێگای ئاسودەییو سـەعادەتی سـەرمەدییە لە ژیاندا، گەر دروشمت ﴿ حَسْبُنَا ٱللَّهُ وَنِعْمَ ٱلْوَكِيلُ ﴿١٧٣﴾ ﴾ آل عمران: ١٧٣ بێت، ئیدی وەکو ئیبراهیم خۆت فڕێدە نێو ئاگرو مەترسێ!

وەکـو پەیامبـەری نازدار بـەرەو ڕووی هەموو مەترسـیەکان دەبیتەوە، نەك ناترسـی، بەڵکو متمانەت بە وادەی خودا بەهێزتر دەبێـت ﴿ فَزَادَهُمْ إِيمَٰنًا وَقَالُوا۟ حَسْبُنَا ٱللَّهُ وَنِعْمَ ٱلْوَكِيلُ ﴿١٧٣﴾ ﴾ آل عمران: ١٧٣ پێغەمبەرەکەت پەروەردەی ﴿ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ حَسِيبًا ﴿٦﴾ ﴾ النسـاء و" ﴿ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلًا ﴿٨١﴾ ﴾ النسـاء و" ﴿ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُتَوَكِّلُونَ ﴿١٢﴾ ﴾ە بۆیە دڵارامیو هێمنیو خەندەی نورینی سەر لێوە جوانەکانی، هەمیشە هاودەمی بوون..

ناچـارم بەجێـت بێڵمو نامەی ئەم جارەم لێـرەدا کۆتایی پێ بێنـم، وەلـێ بەڵێنت پێ دەدەم بە ویسـتی خـودا، ئەگەر تەمەن باقـی بێت زێتـر لەبارەی "توکل" بدوێم، تا ئـەو کاتە بە خودای باڵادەستت دەسپێرم.

لەگەڵ شێخ ڕەزای شاعیردا



ڕۆژێ نەبوو ئەم دڵبەرە بێ ڕەحمە وەفا کا
جارێ نەبوو ئەم کافرە شەرمێ لە خودا کا
حەیرانن ئەتیببا لە عیلاجی مەرەزی من
لوقمانی ویسالت مەگەر ئەم دەردە دەوا کا
کارێ کە خەمو دەردی فیراقت بە منی کرد
سەرما بە هەتیو، با بە لەواری شڕی ناکا
دیوانەیە شەخسێ کە لە غەیری لەبی لەعلی
وەك شاهی سکەندەر تەلەبی ئاوی بەقا کا
تابو تەبی ئاتەشکەدەیی هیجری وەکوو شەمع
نەزدیکە منیش وارییدی سەحرایی فەنا کا
لەم ڕێگەیە تەقدیری ئەزەل وابوو کە ئێمە
پامالی جەفا بین و ڕەقیب سەیرو سەفا کا
ڕۆحو دڵو دین هەرسێ دەکەم بەذڵو نساری
کامی دڵی من گەر لە لەبی لەعلی ڕەواکا
سەردالی لە ڕێی عەشق (ڕەزا) لازمە عاشق
بۆ یار سەرو ماڵی سوپەری تیری قەزاکا

شێخ ڕەزای تاڵەبانی شاعیر، کوڕی شێخ عەبدوڕەحمانی کوڕی شێخ ئەحمەدی تاڵەبانی، کوڕی مەلا مەحمودی زەنگەنەیە، ساڵی ١٨٣٧ لە گوندی (قرخ)ی نزیک شارۆچکەی چەمچەماڵ لەدایکبووە.

ساڵی (١٩١٠) کۆچی دوایی کردووەو لە گۆڕستانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە بەغداد بەخاك سپێردراوە.

شێخ ڕەزا شاعیرێکی گەورەو بە توانا بووەو بە هەر چوار زمانی کوردیو عەرەبیو فارسیو تورکی شیعری گوتووە، شیعرەکانی شێخ ڕەزا مانای بەرزو فیکری وردو تێڕوانینی قوڵیان لە خۆگرتووە.

وێڕای ئەوەی شێخ ڕەزا شۆڕشداری مەیدانی شیعری هەجووەو کۆڵەکەی شیعری هەجوی کوردییە.

هەندێك نموونە کە بۆ ئێرە بشێ لە شیعرەکانی:-

لازمە بۆ شێخ سبەینان گورگە خەو
تا بڵێن شێخ عابیدە نانوێ بە شەو

بۆ کەرێ ئیعلانی حەربی کرد لەگەڵمان شێخ حەسەن
سەیری کەن، یاران چی گۆبەندێکی گێڕا ئەم کەرە

چاپەکەی مامەغەفورم زەردە وەك میزی نەخۆش
ئیحتیاج ناکا بە ئاگر هەر بە دوو تسڕ دێتە جۆش

کەم کەس لە هاودەمو هاوڕێو هاو زەمانەکانی شێخ ڕەزا لە تیغی زمانی شێخ ڕەزا قوتاربوون، بەڵام لە نێوان هەموو شاعیرو ئەدیبانی زەمانی خۆیدا، زۆر ڕێزی ئەمین فەیزی گرتووەو نەك هەجوی نەکردووە، بەڵکو زۆر وەسفیشی کردووە، ئەویش لە ئەنجومەنی ئەدیبانا تۆڵەی بۆ شێخ ڕەزا کردۆتەوە.

کە تەشریفی شەریفی هات ئەمین فەیزی بە میوانی
لە عوهدەی شوکری دەرناچم، مەگەر خۆم کەم بە قوربانی